گریس . هـ. کویفر

# ئەفسانەێن گریگیو رۆمانی

## بە زمانی سادەو دروستو رەوان

وەرگێڕنی لە فارسییەوە
حەمەکەریم عارف
2004

ناوی کتێب: ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی
بابەت: ئەفسانە
نووسەر: گریس . هـ. کوپفر
وەرگێڕ: حەمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن:گۆڤەند محەمەد
نەخشەی بەرگ:سامان حەمە صالح
ساڵی چاپ: 2004
تیراژ: پێنجسەد دانە
ژمارەی سپاردن (441) ساڵی 2004

## پێڕست


*- زۆر بە کورتی
1- قەڵەمڕەوی سەرووی هەوران
2- دوو دیاریی خواوەندان
3- حەوتەوانەی گەورەو بچووك
4- وەرزی بەهار
5- منداڵیەتی ئەپۆلۆ ودیانا
6- دەنگدانەوەو نێرگز
7- نەرسیس ئاشقی خۆی دەبێت
8- تەونی جاڵجاڵۆکە
9- درەختی غار
10- سترانبێژی خۆشاواز
11- شابانۆی ئاشقە ڕاو
12- سەربووری پرسیۆس
13- سەربووری ئایۆ
14- دایکێکی لە خۆبایی
15- پاڵەوانی بەهێزی...
16- کراسی ژەهراوی
17- هونەرمەندی باڵدار
18- فەرمانڕەوای ستەمکار
19- کاکۆڵی ئەرخەوانی
20- سزای فەرمانڕەوای زۆردار
21- هەودای رزگاری
22- وێرانبوونی شاری بەدخووان
23- ئەو خەونەی کە هاتە دی
24- بەسەرهاتی کەوڵی زێڕین
25- کوڕی ئاشقە ئاسك
26- خواوەندی دەریاو...
27- ئەو لاوەی بوو بە گوڵ
28- یگمالیون و گلاتیا
29- پێشبڕکێیەکی مۆسیقا ژەنی...
30- شوانی لە خۆ رزی
31- ئەو خێوەی ئاشقی

32- **خواوەندی بوغزن**
33- **خواوەندی ئاگر**
34- **فەرمانڕەوای بێ بەڵێن**

# زۆر بە کورتی

"1"

ئەفسانە بابەتێکی زۆر دێرینەو لەگەڵ بوونی بەشەردا سەری هەڵداوەو هەر تیرەو تایفەیەك بەپێی شوێن‌و رێگەو قۆناغی پەرەسەندنی بەشەری‌و کۆمەڵایەتی، ئەقڵی زانستی‌و خوراف خۆی ئەو بەهەشتەی خەیاڵی خۆی هۆنیوەتەوەو رازاندووەتەوە، چونکە ئەفسانە بەهەشتی خەیاڵی مرۆڤە، مرۆڤ لەو دنیایەدا عەودالی حەقیقەتەو ئەم عەودالییە لە هەوێن‌و زاتی مرۆڤدا رەگی داکوتاوەو بگاتە هەر پلەو پایەیەکی زانستی‌و ئەبستمۆلۆژیش هەر دەستبەرداری نابێت، رەنگە لەو قۆناغەدا مامەڵەیەکی دی دەگەڵدا بکات، ئەمە هەوڵێکی هەرە کۆنی مرۆڤە بۆ سوکنایی بەخشین بە روحی عەودال‌و سەرگەردانی، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەو ڕامکردنی نهێنییەکان‌و رەواندنەوەی ترسەکان‌و فەتح کردنی دورگەکانی سەرگەردانی، هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی بەردەوامادنی ژیان‌و خۆ تازەکردنەوە، دیارە خۆ تازەکردنەوەو کاژ فڕێدان تەنێ بە رزگار بوون لە رەمزو بتە زهنییەکان دێتە دی‌و مێژووی ئەفسانەش بە ئاشکرا ئەو جۆرە هەوڵەی تێدا بەدی دەکرێت.

"2"

مرۆڤ هەرچی خەیاڵی هەیە لە ئەفسانەندا بەکاری هێناوەو توانیویەتی لە رێگەی ئەفسانەکانەوەو بە زەبری خەیاڵی بە پیت‌و دەوڵەمەند بە جۆرێك مەبەست‌و رازو نیازەکانی خۆی بهونەرێنێ کە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆش هەر سەرچاوەن، هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی خەیاڵ، هەم بۆ شاکارێن ئەدەبی‌و هونەریی...

"3"

گرینگی ئەفسانە بۆ رۆژگارو سەردەمی ئێمە لەوەدایە کە دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئێستا رابردووی باب‌و باپیران‌و پێشینانی تیرەی بەشەر لە شوێن‌و قۆناغە جیاوازەکانی گێتی‌و رۆژگاردا بخوێنینەوەو پەی بە بیرو باوەڕو داب‌و نەریت‌و خوو خدەکانیان بەرین‌و خەون‌و خەیاڵەکانیان شیتەڵ بکەینەوەو روحی تینوومانی پێ پاراو بکەین.

"4"

دیارە لەم رۆژگارەی ئێستای مرۆڤایەتیدا زانست‌و زانستپەروەری بە رادەیەك زاڵە کە مەودای بینین‌و هەتەری چاوی خەیاڵ تەواو سنووردارو تەنگ بووە، لە حاڵێکدا روحی مرۆڤ بەوە سوکنایی نایەت‌و پێویستی بەوەیە لە روانینی زانستیانەی رووت هێوەتر بڕوات، رەنگە لە کۆندا ئەفسانە ئەم کەڵکەڵەیەی دابین کردبێ، دووریش نییە رۆمانی هونەری ئەم سەردەمانەی ئێمەش

هەر درێژەی ئەفسانە بێ لە فۆرم و قاڵبێکی هونەری تایبەت و گونجاو دەگەڵ رۆژو رۆژگاری خۆیدا.

"5"

جا لەو پێودانگەوەو لەو باوەڕەوە کە ئەفسانەکانی تیرەی بەشەر لەیەک سەرچاوەوە هەڵقوڵیون و جیاوازی ناوچەو شوێن و ئاستی هوشیاری و قۆناغەکانی رۆژگار جیای کردونەتەوەو تایبەتمەندی پێ بەخشیوون و هەر ئەو جیاوازی و فرەڕوانی و فرە دەنگییەش جوانییەکی مرۆڤانەی داونەتێ، بەندە ئەم کۆمەڵە ئەفسانەیەم لە فارسییەوە کردوون بە کوردی، دیارە هەندێ لە ئەفسانەکان شیعریشیان لەگەڵ دابوو، بەڵام تەرجەمەی شیعرەکانم بەپێویست نەزانی و پشت گوێم خستن.

ئومێدم وایە بەم کارەم خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی کوردیم کردبێ.

**حەمەکەریم عارف**

**هەولێر** – 2001

(1)

# قەڵەمڕەوی سەروی هەوران

لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا لەو ئەرزو بوومەدا کە ئێمەمانان یۆنانی پێ دەڵێین، خەڵکانێك دەژیان کە پیاوانیان جوامێرو دلێر، ژنانیان شۆخو شەنگ بوون. ولاتی خۆیان بە باشترینو جوانترین ولاتی گێتی دەزانی. هەر گاڤێ ئاوا بوونی خۆرو هەلاتنی هەیڤیان دەبینی یان دیمەنە جوانەکانی تری سروشتیان دەبینی، ترسو سەرسامی دایدەگرتن. ئەوجا لەبەر خۆیانەوە گوتیان بێگومان خەڵکێکی زۆر بە توانا، لە سەرووی ئێمەوە هەنو دەسەلاتیان بە سەر خۆرو مانگو ستێرانو دەریاو رووباران، بێشەو جەنگەڵانو شتەکانی دیدا هەیە. ئەوانە خەڵکانێکی مەزنو شادمانو دڵسۆزن، نەمرو پایەدارن. هەرچییەکیان بوێ ئەنجامی دەدەن. سەرچاوەی شادیو خەمی ئێمە لەلای ئەوانەوەیە. پێویستە ڕێزیان بگرینو بیانپەرستینو سرودیان پێدا هەڵبڵێین. ئیدی ئەو خەڵکە بە توانایانەیان بە خوداوەندانی نێرو مێ ناوزەد کرد.

چیایەکی بڵند لە باکووری یۆناندا هەیە بە نێوی "ئۆڵەمپس" ، چڕە دارستانێکی سەر سەوز هەموو لایەکی داپۆشیوە. ئەم چیایە هێندە بەرزە لە تۆوایە لوتکەکەی هەورانی بڕیوەو بە جۆرێ چووە بە ئاسماندا کە چاو نایبنێ. چە کەسێکی خەڵکی یۆنان نەچووبووە سەر لوتکەی چیای ئۆڵەمپو دەیانگوت خوداوەندان لەوێندەر لە نێو هەورو ستێراندا دەژین.

کۆشكو تەلاری مەرمەڕینو کۆڵەکەی مەزنو بلورین، تەختی زێڕینو زیوینی خوداوەندانیان لە زەینی خۆدا بەرجەستە دەکردو دەیان هێنانە بەرچاوی خۆیان، دەیانگوت دیواری کۆشكو تەلارەکان بە نەخشو نیگاری وەها ڕازێنراونەتەوە کە دەستی بەنی بەشەرێك تا نهو شتی وای نەکێشاوە. نەخشو نیگارەکانی لە دیمەنی خۆر لە زەردە پەڕی ئێواران دەچن کاتێ کلکە هەورانی سوورو ئەرخەوانیو زێڕین بەرەو کەل دەڕواتو هەر ساتێ سەیریان دەکەیت شێوەیان دەگۆڕێت.

لە هزرو خەیاڵی واندا، لە سەروی هەورانەوە، سەرانسەری ساڵ هەر بەهار بوو، هەرگیز باران نەدەباری. دنیا سارد نەدەبوو. تەیرو مەلان هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دەیانخوێند. گوڵ، بە درێژایی ساڵ هەر جوان و پشکووتوو بوون.

هەندێجاران، فەرمانڕەوایانی پڕ دەسەلاتی رۆژو مانگو هەموو گێتی، لە ماڵو بارەگای خۆیان وەدەردەکەوتنو دەهاتنە دیدەنی دانیشتوانی سەرزەمین. هەر کاتێك کارێکی فرە گرینگیان بە دەستەوە بوایە لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەردەکەوتن. بەلام زۆربەی کات لە شێوەی مرۆڤ یان گیانداراندا دەردەکەوتن تا نەیەنە ناسین.

گوتیارانی "راوی" ئەم داستانانەی کە ئەز دەخازم بۆ ئێوەی بگێڕمەوە باوەڕیان وا بووە کە خوداوەندان لە هەر کارێکی نابەجێی خەڵکی یۆنان دەڕەنجنو بە مەرگ یان نەخۆشین یان زیانی

دی سزایان دەدەن. خۆ ئەگەر کاری پەسند ئەنجام بدەن، ئەوا خوداوەندەکان کەیف خۆش دەبن و ئەو خەڵکەیان خۆشدەویٚت و سەروەت و ماڵ و تەندروستی و بەختەوەریان بۆ دەنێرن. ئیدی پەرستگەی گەورە گەورەیان لە مەڕمەڕ دروستکرد. کۆتەڵ و پەیکەری خواوەندەکانیان لە زێڕ و عاجان چێکردو لە پەرستگەکاندا دایاننان. و لە کاتی تەنگانەدا روویان دەکردە پەرستگەکان و داوای کۆمەك و یارمەتییان دەکرد. لە کاتی فەریحی و شادیشدا بۆ شوکرانە بژێری دەچوونە بەر دەرگای ئەو خوداوەندە فەرمانڕەوایانە. "ژۆپیتەر" مەزنی خوداوەندان بوو. ئەم خوایە نەك هەر حوکمی هەموو خەڵکی سەر زەوی بەدەست بوو، بەڵکو حوکمی خەڵکە توانادارەکەی ئاسمانیشی دەکرد. هەر ئەو بوو کە هەورە تریشقەی دەنارد. هەڵکردنی باو رەوتی ئاوی رووبارانی ئاراستە دەکرد. بە کورتی فەرمانڕەوای ئەرزو ئاسمان بوو. "ژۆنو"ی ژنی کە شابانۆی ئاسمان بوو، لە کارەکانیدا یارمەتی دەدا، دڵنیام کە پاش خوێندنەوەی چیرۆك و داستانانی نێو ئەم کتێبە، رەفتاری ئەو ژنە بەگەن و پەسند ناکەن. چونکە خۆپەرست، بەغیل و حەسود بوو. وەکو هەموو خۆپەرست و حەسودان زۆرجار خۆی و خەڵکانی تری دڵتەنگ و ناڕەحەت دەکرد. گیانلەبەری دڵپەسندو هەڵبژاردەی ئەو "توتی یەك" بوو کە هەمیشە هاودەم و هاونیشنی بوو.

جگە لە ژۆپیتەرو ژۆنو، چەند خواوەندێکی ژن و پیاوی تریش هەبوون. چونکە ناوی هەندێکیان لەم کتێبەدا دێت، بۆیە پێتان دەڵێم کە کێ بوون، "ئەپۆلۆ" خواوەندی هەتاوو مۆسیقا و خۆشەویستی بوو، گەلەك جوان بوو. هەرچەندە گشت خواوەندەکان جوان بوون، بەڵام ئەو لە هەر هەموویان جوانتر بوو. هەموو رۆژێك سواری کەژاوە زێڕینە خۆرکێشەکەی خۆی دەبوو، و لەم سەری ئاسمانەوە بۆ ئەو سەری ئاسمان دەچوو. دەستی دەدایە گیتارەکەی و ئاهەنگ و ئاوازی دڵگیری لێدەدا، هەموو جۆرە برین، و زامێکی دەرمان دەکرد، تیرەندازێکی ژێهاتوو بوو. تیرەکانی زێڕ بوون. خوشکە جمکانەکەی "دیانا" خواوەندی مانگ بوو، شەوانە پاش ئەوەی ئەپۆلۆ بۆ ئیسراحەت دەچوو بۆ ئاسمانی رۆژاوا، ئەو سواری کەژاوە زیوینەکەی خۆی دەبوو، و دەهاتە دەرێ. ئەمیان، خواوەندی ڕاوو شکاریش بوو. بە رۆژ لە نێو بێشەو لێرەوارە سەر سەوزەکاندا دەگەڕا. تیرەکانی بە قەد خۆیدا دەکرد. تاقمە تاژییەکی پێش دەکەوت، پۆلە کچۆڵەیەکی جوان و پەرییانی جەنگەلیش دووی دەکەوتن.

بێینە سەر "ڤینۆس" وەکو چۆن ئەپۆلۆ جوانترین خواوەندی عیشق و خۆشەویستی و جوانیش بوو. جوانترین خواوەندی ژن بوو. دەڵێن لە نێوان پەڵە تەمێکەوە لە دەریاوە هاتە دەرێ و هەموو گیانلەبەران و پەریان و خواوەندانی دەریا و خودی نیپون-ش یەك پێ لە بەردەمی هەستان و گۆرانی شادیان چڕی. خێرهاتنی گەرمی شابانۆی خۆیان کرد.

ڤینۆس، کوڕێکی بچووکی هەبوو بە نێوی "کوپید" کە ئەویش خواوەندی عیشق و ئەڤینداری بوو. هەندێجار خواوەندی "کەوان"یانیش پێدەگوت: چونکە هیچ کاتێك بەبێ تیروکەوان وەدەرناکەوت. لە ئایندەدا بۆت دەردەکەوێ کە تیرەکانی چتۆ تیر بوون! کوپید، هەمیشە هەر بچووك بوو. گۆناکانی ئاڵ و قۆپاو بوون. خواوەندە بچووکەکانی دی گەورە دەبوون بەڵام کوپید

گەورە نەدەبوو، هەر وەکو خۆی دەمایەوە. نیپتون، برای ژوپیتەر بوو. فەرمانڕەوای هەموو ئاوی سەر زەوی بوو، خواوەندانی دەریاو پەریانو هەروەها خواوەندانی رووباران هەموو فەرمانبەرو گوێڕایەڵی ئەو بوون. کۆشکەکەی ئەو کە لە بنکی ئۆقیانوسدا بوو لە قەوزەو مەرجانو مرواریو سەدەف رۆنرا بوو. "مینرڤا" خواوەندی حیکمەتو جەنگ بوو، باڵندەی دڵپەسندو هەڵبژاردەی ئەو کوندەبەبوو، بوو. زۆربەی کاتی خۆی بە جۆلاییو چنینەوە دەبردە سەرو زۆر ئەم کارەی لە گیان ناخۆش بوو.

ئەوجا با بێینە سەر "میرکوری" قۆچاغ و گورج هەنگاو. هیچ سەیر نییە لە قەبی گورجو خێرای لێ بنرێ. چونکە جووتێ پێڵاوی باڵداری لە پێدا بوون، لە هەر باڵندەیەکی خێرا، لە زترو سوکتر دەفڕی. جگە لەوەی کە کلاوێکی باڵداری لەسەر دەکردو داردەستێکی جادویی هەبوو، و جووتێ مار لە سەری داردەستەکەیدا پەپکەیان خواردبوو. هەموو جۆرە کارێکی بەودار دەستە ئەنجام دەدا، میرکوری پەیامنێری نێوان خواوەندانی ئاسمانو خەڵکی سەر زەوی بوو، یونانیانی کۆن پێیان وابوو کە لە بن عاردی دا وڵاتێك هەیە بە نێوی "هادیس" کە زۆر تاریکەو روناکی هەتاوی پێناگاتو ئەو کەسانەی کە دەمرن، بۆ ئەو وڵاتە دوورە رەوانە دەکرێن. "پلۆتۆ" فەرمانڕەواو پاشای ئەوێندەر بووەو بە تەنێ لە کۆشکە خەمبارەکەی خۆیدا ژیاوە، جارێك هاتۆتە سەر زەویو کیژەکەی "سیریس"ی ژەماندییەو بۆ کۆشکەکەی خۆی بردووە تا لەگەڵیدا بژی. سیریس، خواوەندی زەویو ئاخ بوو. خەڵکی بۆ فەڕو بەرەکەتو کشتوکاڵو هەرچی رووەکی سەر زەوی هەیە روویان تێدەکرد. ئێستاش نۆرەی "پان" هاتووە تا پێتانی بناسێنم، ئەمیان خواوەندی شوانی و بێشەو لێڕەواران بوو. خەڵقەندەیەکی سەیر بوو. نیوەی بزنو نیوەی مرۆڤ بوو. کەچی خۆشەویستی هەمووان بوو. بە تایبەتی شوانان زۆریان خۆش دەویست، چونکە پەزەکانی دەپاراستنو لە شاییو ئاهەنگەکانیاندا بلوێری لێدەداو دەرەقسی. ئەگەر باوەڕ بەو حیکایەتو ئەفسانانە بکەین کە یونانییەکان گێڕاویانەتەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو ئەو خواوەندانەی باسمان کردن، لە بێشەو لێڕەواراندا، لە دەریاو ئاواندا لە دەشتو دەراندا دەسوڕانەوە، ژیانیان تێکەڵەیەك بووە لە شادیو لە خەم. رێك وەکو ژیانی ئەو کەسانە وا بووە، کە ئەوانیان پەرستووەو وایان خەیاڵ کردووە لە کۆشكو تەلاری زێڕینو زیوینو نایابدا لە سەرووی هەورو ستێراندا دەژیان.

(2)

## دوو دیاریی خواوەندان

لـە رۆژگـاری کۆنـدا، مـرۆڤ بـەر لـەوەی هەنـدێك لـەو حەقیقەتـە زۆرانـە بزانـێ کـە ئەمرۆکـە دەیانزانێ، باوەڕی وابوو کە پیاو، ماوەیەکی یەکجار زۆر بە تـەنێو دوور لـە هـاودەمی هاوسـەرو خوشـك ژیـاوە، بۆیـە پیـاوان لـە رووی خۆپەرسـتی و خۆپەسـندییەوە، هـەر جارێـك بیانـەوێ هاوسـەرانی خۆیـان تـوڕە بکـەن یـان هـەر کاتێـك لێیـان بێتاقـەت بـبن، پـەنا وەبـەر ئـەو ئەفسـانەو حیکایەتانە دەبەن کە ئەوە نیشان دەدەن گوایە ئافرەت لـە ئاسمـانێڕا بۆ سـەر زەوی نێردراوە تـا ژیـانی پیـاو تـاڵ بکـات... هەڵبەتـە خـۆ لـەو هـەموو نیعمـەتو خۆشـییە دەبـوێرن کـە لـە ژنانـەوە دەستیان کەوتووە.

هەندێ لەو حیکایەتو ئەفسانانە دایکی یەکەمین وەبیر دێننەوە. ئەو واریقاتەی دەخازم نوکە بیگێڕمـەوە، سـەربردەی ژنێکـی جوانـە کـە هـەم مێردەکـەی بەدبـەخت کـردو هـەم خۆشـیو شـادی پێبەخشی.

دیـارە تـاوانی ئـەو بەدبەختییـە هـەموو دەسـتۆی ئـەو ژنـەدا نـەبوو. ژۆپیتـەر بـۆ ئـەو کـارەی ناردبوو.. یەکە مەبەستی ژۆپیتەر ئەوە بوو کە بە دەسـتی ئـەو ژنـە دەردو مەینـەت بـۆ سـەر زەوی بنێرێو هیچـی دی. بـەڵام وەکـو ئێسـتا بـۆت بـە دیاردەکـەوێ، لـە ئەنجامـدا خـەڵکی سـەر زەوی دیارییەکی گران بەهاشیان پێبڕا.

ژۆپیتـەر، زۆر لـە خـەڵکی سـەر زەوی تـوڕە بـوو بـوو. چـونکە خواوەنـدێکی دی کـە ژیـانی پـڕ رەنجو مەینەتی ئەوانی دیتبوو، بە زەیی پێیاندا هاتبووەوەو ئاگری پاکی، کە لێیـان قەدەغە کرا بوو، بۆ دزی بوونو بۆ سەر زەوی برد بوو. بۆیە ژۆپیتەر لە رووی تـوڕەییو بەغیلییـەوە لێبڕا کە دیارییەکی تریان بۆ بنێرێ، لە دیاریی یەکەم دڵگیرتر بێ. بەڵام ببێتە مایەی ئازارو کەساسییان. کـە بـیری لـەو فێڵـە کـردەوە کـە دەیویسـت دەرهـەق بـە مرۆڤـی بێدەسـەڵات بـەکاری بێنـێ، لەبـەر خۆیەوە پێکەنی.

یەکـەم شـت "ڤولکـان"ی بانـك کـرد. داوای لێکـرد ژنێـك لـە گڵ دروسـت بکـات کـە لـە جوانیـدا هاوتای خواوەندنی مێچکە بێ. ڤولکان بە خۆی خواوەنـدێکی هونەرمەند بـوو. پەیکـەری ژنێکـی دروسـت کـرد، هێنـدە جوانو لەبـەر دڵان بـوو کـە ئـەو پەیکـەرەی پیگمـالیون دروسـتی کردبـوو،و ڤینـوس روحو گیـانی بـە بـەردا کردبـوو، بـە تـۆزی پێیـدا نەدەگـەیی. دیـارە خواوەنـدە نێرینـەو مێینـەکانی تـریش دەوری خۆیـان بینی. هـەر یەکـەیان لـەلای خۆیـەوە جوانییـەکی بـە پەیکـەرەکە بەخشی. ئەنجام ئەو شاکارە ناسكو نـازدارو چوسـتو چالاکەی لێدروسـت بـوو، کـە ژۆپیتـەر لـە هەموو روویەکەوە بەدڵی بوو.

بەڵام ڤۆڵکان، هەرچەندە بە هونەرەکەی خۆیەوە دەنازی، بەڵام هێشتا هەر لە کارەکەی خۆی رازی نەبوو. ڤۆڵکان ئاسنگەرێکی نێودارو خاوەن کوورەیەکی سەیر بوو، دەیتوانی لەو کوورەیەدا هەورە تریشقەو بروسکەکانی ژۆپیتەر، یان شتی بچوکتر دروست بکات. بۆیە لێبڕا تاجێك بەو خانمە پێشکەش بکات کە بە خۆیشی هێشتا لەوە جوانتری دروست نەکرد بوو.

ئەوەی ویستی بە چاکی ئەنجامی دا، زۆر وەستایانەو لێهاتووانە تاجێکی زێڕینی لێوار رازاوەی دروست کرد. وێنەی وەهای لەسەر نەخشاند بوو، هەر دەتگوت روحیان لە بەرەو زیندوون.

ژۆپیتەر، کە دڵنیا بوو چ کەسێك ئەم بابەتە دیارییە رەت ناکاتەوە، فەرمانی دا کە ناوی بنەن "پاندورا"و بیبەن بۆ کۆشکی "ئەپیتوس". (میرکوری) کە هەمیشە ئامادەی خزمەت بوو، خێرا گەیاندنیە سەر زەوی.

خواوەندان، بە دیتنی ئەو خانمە زۆر خۆشحاڵ بوو بوون. شادمانی وخۆشحاڵی "ئەپیتوس" بە دیتنی ئەو خانمە لەوانیش زیاتر بوو. راستە ئاگادارکرا بووەوە کە چ دیارییەکی ئاسمانی قبوڵ نەکات، تا نەبێتە مایەی بەدبەختی خەڵکانی سەر زەمین، بەڵام هەرچی سەری هێناو سەری برد، نەیدەتوانی لەبەر خاتری ترس و ڕەنج و بەدبەختییەکی نادیاری ئاینده، چاوپۆشی لەم خەرمانی گوڵە بکات و دەستەبەرداری بێ. بۆیە بێ دوودڵی پێشوازی لە "پاندورا" کردو کردی بە هاوسەری خۆی. بەمجۆرە، رۆژگارێکی دوورو درێژیان پێکەوەو لە ماڵە جوانەکەی خۆیاندا، لە سایەی خۆرەتاوی وڵاتی یۆناندا بەسەر برد. وای لێهات ئەپیمتوس باوەڕی نەما کە بەدبەختی یان کارەسات رووبدات، پێکەنینی بەو هزرو بیرەش دەهات کە ژنە نازدارەکەی ببێتە مایەی کارەسات. بەڵام خواوەندان کاری خۆ ژبیر ناکەن. ژۆپیتەر دیارییەکی تری بۆ کۆشکی مێردی "پاندورا" نارد کە بریتی بوو لە سەندوقێکی بچکۆلەی نەخشێنراو. ئاگادارییەکی لەسەر نووسرابوو کە بەبێ ڕەزامەندی خواوەند نەکرێتەوە.

پاندورا، چەن جارێك کەڵکەڵەی کردنەوەی باوڵەکەی کەوتە سەر. بەڵام خۆی گرت و ژێوان بووەوە. چونکە مێردەکەی زۆر خۆشدەویست، بۆیە ئامادە نەبوو بە ئاسانی بەدبەختی بۆ ئەوو جیهان دروست بکات. بەڵام نیازی ژۆپیتەر لە ویستی ئەو بە هێزتر بوو. بۆیە رۆژێك کەڵکەڵەی کردنەوەی باوڵەکە بەسەریدا زاڵ بوو، لە ساتێکی بێ تواناییدا سەری سەندوقەکەی هەڵدایەوە.

دەم و دەست دنیا پڕ بوو لە خەڵقەندەی سەیرو عەنتیکە. پاندورای داماو چاك دەیزانی کە زۆربەی ئەو خەڵقەندانە شومی و رۆژ رەشی بۆ هەموو شوێنێك دەبەن و نەخۆشی لەسەر زەمین بڵاودەکەنەوە. زۆر ترسا، هەندەی لە توانایدا بوو، خێرا سەندوقەکەی داخستەوە. بەڵام هەرچییەکی تێدا بوو دەرپەڕی بوونە دەرێ، تەنیا جەوهەری ئومێدو روحی هیوا نەبێ. تومەز ژۆپیتەر لە ئەنجامدا هەندێ دڵی نەرم بوو بوو، و تۆزێك پەشیمان بووبووەوە، ویستبووی "ئومێد" لە نێوو سەندوقەکەدا بۆ خەڵکی بهێڵێتەوە.

هەر بۆیەش، ئومێدو هیوا، وەکو شاعیرێك گوتوویەتی تاکو ئەمڕۆکەش، لە سینەو دڵ و دەروونی بەشەرەوە هەڵدەقوڵێ.

پاندورا، ئومێدی لەلای خواوەندانەوە هێناو بە خۆشییەوە بۆ هاوسەرەکەی و هەموو تیرەی بەشەری پاراست. بنیادەم کە زادەی ئەو ئومێدەیە، بە جورئەتەوە بە گژ کلۆڵی و بەدبەختیدا دەچێت.

## حەوتەوانەی گەورەو حەوتەوانەی بچووك

ئەمە داستانو بەسەرهاتی ژنێکە کە هەمووتان خۆشتان دەوێ. ئەم ژنە ناوی "گالسـتۆیە". ئەم ژنە تا حەزبکەی جوانو میهرەبان بوو. هەموو کەسێك خۆیو "ئارکاس"ی کوڕە چکۆڵەیان خۆشدەویست. ئەویش دڵسۆزی هەموو ئەوانە بوو کە دەیان ناسی.

ئەم ئافرەتە بە تەبیعەت شادو بە کەیف بوو. جار جار لەگەڵ هاودەمانی خۆیدا بۆ راوو شکار دەچووە بێشەو لێرەوارانو هەمیشە دەبوو بەسەر دەستەو سەر گەورەی ئەو گروپە شادو بە کەیفە. ئاشقو شەیدای بێشەو دارستانانو سەرچاوەو کانیاوی بەخوڕەو قەڵبەزەو مەلی خۆشخوانو گوڵی رەخشانی ئەوێندەر بوو. بە دەم دنیای جوانو دڵفڕێنی دەوروبەریەوە پێدەکەنیو دەستری. پێدەچوو سەرانسەری تەبیعەتو سروشتیش بەدەم ئەوەوە پێبکەنن.

گوتمان زۆربەی خەڵکی "کالستۆ"یان خۆشدەویست. هەر بۆیە کوڕە چکۆڵەکەیو هەموو هاودەمو هاونشینەکانیو تەنانەت خواوەندانیش ئاشقی ئەو بوون. تەنیا "ژونو" خۆشی نەدەویست.

لەبەر هەر هۆیەك بێ "ژونو" چاوی بە کالستۆدا هەڵنەدهات. کە بەرە بەرە جوانترو دڵڕفێنتر دەبوو، "ژونو"ی شابانۆی ئاسمان پتر لێی بێزار دەبوو، و رقی لێهەڵدەگرت.

رۆژێك، کاتێك کە کالستۆ بە دەم راوو گۆرانیو ستران گوتنەوە وەنێو بێشان کەوتبوو، رووبەڕووی ژونو بووەوە. وەك بڵێی لەنکاودا هەرچی رقو کەربو کین هەیە، رژایە دڵی ژونووەوە. هێندە رقی لە کالستۆ هەستا کە ئیدی توانای دیتنی ئەوی نەما. بۆیە بڕیارێکی زاڵمانەی دا. ئەوە بوو خێرا دەستەکانی هەڵبڕینو چەند وشەیەکی جادویی گوت.

دەمو دەست، دەستە باریكو سپیەکانی کالستۆ بوون بە دوو لاقی درشتی توکنو لەو شوێنەدا کە تۆزێ پێشتر ژنێکی گەنجی جوان وەستا بوو، ئێستا ورچێکی ناشرینی ناقوڵا دەبینرا.

ورچی داماو لە خۆی ترسا، لە هەموو دەنگێك دەترساو هەڵی دەکردە غار بە نێو بێشەکەدا. هەر جارێك گوێی لە دەنگی پێ دەبوو، بەلەز خۆی لە نێو ئەشکەوتان یان پشت درەختان دەشاردەوە. وێڕای ئەوەی کە بوو بوو بە ورچ بەڵام چونکە هەستو هۆشی هەر هەستو هۆشی مرۆڤانی بوو، بۆیە لەو جانەوەرە کێویو درندانەی کە لە بێشەکەدا بوون، دەترسا.

کالستۆ-ی داماوو کەساس، پازدە ساڵی دوورو درێژ تەنیاو خەمین لە بێشەدا ژیا. جوانی تەبیعەتو سروشت، خۆشیو شادی نەدەخستە دڵییەوە. خوڕەو قەڵبەزەی کانیو جۆگایان کاریان تێنەدەکرد. هەتاو بە بزەی شادی بەخشەوە دەیڕوانییە زەویو ئەو هەر پێی نەدەزانی.

مەلان، ئاوازی خۆشیان دەخوێندو ئەو هەر گوێی لێنەبوو، بایەخی بە هیچ شتێك نەدەدا، جوانی دڵڕفێنی دەوروبەری چ کارێکی تێنەدەکرد.

خواردنی تەنیا بەڕو و هەنجیر بوو. لە ئاوی جۆگایانی دەخواردەوە. شەوانی لە نێو کلۆرەداران‌و ئەشکەفتانی تاریك‌و نوتەکدا ڕۆژ دەکردەوە. جار جارێك کە گوێی لە دەگی کۆنە دۆست‌و هاودەمەکانی دەبوو کە بۆ ڕاوو شکار دەچوونە بێشەو هەڵەتان، ترسی لێدەنیشت‌و خۆی وەپەنا درەختان دەدا. چونکە نەیدەویست بیبینن.

زۆرجار، خەیاڵ دەیگەڕاندەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە دواجار کوڕەکەی خۆی بینی بوو. لە دڵی خۆیدا دەیپرسی کە ئاخۆ چی بەسەر هاتبێ. بەمجۆرە سێ کەڕەت، پێنج هاوین‌و زستان تێپەڕین. "ئارکاس" لەو ماوەیەدا گەورەو جوان‌و بەژن بەرز بوو. وەکو دایکی خووی دایە ڕاو، بوو بە تیرەندازێکی وەها کە بەدەگمەن ڕێدەکەوت نیشان نەپێکێ. بە تاژی وەفادارو کێردی ڕاوەوە هیچ ئاسکە کێوییەك لە دەستی دەرباز نەدەبوو.

ڕۆژێك، تیروکەوانەکەی هەڵگرت‌و بە تەنێ وەڕێکەوت. ماوەیەك لە دووی نێچیر گەڕا. لە کاتێکدا جێ پێی ئاسکێکی هەڵدەگرت لە پڕ گەیشتە تەختانیەکی ڕوتەن. چەند هەنگاوێك هێوەتر ورچێکی توکنی بینی کە وەستا بوو.

ئەو ورچە کە "کالستۆ" بوو، گوێی لە دەنگی پێی نەبوو. تازەش فریای خۆ شاردنەوە نەدەکەوت. بۆیە ئاوڕێکی دایەوە تا بزانێ ئەوەی وا دێت کێیە. هەرچەندە ساڵانێکی زۆر بەسەر دوا دیداریان تێپەڕی بوو، بەڵام دایکەکە کوڕەکەی خۆی ناسییەوە. بەسەرسامی لە قەدو باڵای بەرزو سیمای جوانی ئەو کوڕەی دەنۆڕی. پێی سەیر بوو کە چۆن ئەو بستە منداڵە وا گەورە بوو بوو! حەزی دەکرد قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام دەیزانی "ئارکاس" لە دەنگی دەترسێت، بۆیە تەنیا چاوانی لە دوڕ چاو بڕین.

ئارکاس، کە خۆی لە دووری چەند هەنگاوی ورچەکەوە بینی ڕاچڵەکی. بەڵام زۆری نەبرد لە جۆری نیگاکردنی ورچەکە ترسا. خەمێکی هێندە غەریب لە چاوانی ورچەکەدا شەپۆلی دەدا، کە ترسێکی لە ڕادەبەدەری خستە دڵییەوە. بێئەوەی بزانێ چ دەکات، دەستی دایە تیروکەوانەکەی‌و نیشانەی لە دایکی گرتەوە.

لەم کاتەدا "ژوپیتەر" پەیدا بوو. تیروکەوانەکەی لە دەست سەند... ژوپیتەر، کالستۆی زۆر خۆشدەویست، بۆیە زۆری پێ ناخۆش بوو کە "ژونو"ی ژنی ئەو زوڵمەی لەو ژنە جوان‌و میهرەبانە کردبوو. ویستی، هێندەی لە توانایدایە قەرەبووی ئەو ستەمەی ژونو- ی بۆ بکاتەوە، هەستا دایك‌و کوڕەی کردن بە ئەستێرانی بە جریوەو پرشنگداری حەوتەوانەی گەورەو حەوتەوانەی بچووك‌و لە بەرۆکی ئاسمانی دان تا هەتا هەتایە بە نەمری بدرەوشێنەوە، ئێستاش هەر شەوێك هەور نەبێ دەتوانی بە ئاسمانەوە بیان بینی‌و سەر بوردەکەیان وەبیر بێنیتەوە. ژونو، کە ئەو دوو کۆ ئەستێرە تازە بابەتە پڕ جریوەیەی بە ئاسمانەوە بینی زۆر توڕە بوو. ژونو، بۆ ئەوەی ڕقی خۆی بەسەر کالستۆدا بڕێژێ، شێوە مرۆڤانییەکەی لێسەندەوە، کەچی ژوپیتەر، کالستۆو کوڕەکەی کردبوون بە شتێکی زۆر گەورەتر لە مرۆڤ . بۆیە چوو بۆ لای خواوەندی

دەریاو دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشت. لێی پاڕایەوە کە بەلای کەمەوە ئەو چاکەیەی لەگەڵ بکات‌و نەیەڵێ حەوتەوانەی گەورەو بچووک، روو بکەنە بارەگای دەریایی ئەو. واتا بارەگای "نپتون".

ئەگەر جارێك لە کەنار ئۆقیانووسەوە بڕوانییە ئەستێران وات دێتە بەرچاو کە هێدی هێدی دێنە خواریێ‌و سەرەنجام لە ئاوەکەدا ون دەبن. ژونو، کە باسی چوونی ئەستێرانی بۆ بارەگای دەریایی کرد، مەبەستی ئەمە بوو. نپتون، بەڵێنی دایە ژونو کە ئەوەی بۆ بکات. دیارە هێشتاش هەر لەسەر پەیمان‌و بەڵێنی خۆیەتی. چونکە حەوتەوانەی گەورەو حەوتەوانەی بچووک تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر ئاوا نەبوون.

(4)

# وەرزی بەهار

"1"

دوڕگەی جوان و دڵڕفێنی "سەقلییە" دەکەوێتە ناوجەرگەی دنیا شینەکەی دەریای سپی ناڤینەوە. ئەو دەریایەی کە کەنارەکانی باشووری ئەورووپا دەشواتەوە.

دەگێڕنەوە گوایە لە کۆندا لەم دوڕگەیەدا خواوەندێك هەبووە بەنێوی "کیریس". کیریس بە زەبری تواناو موجیزاتی خۆی توانیویەتی فەڕو بەرەکەت بە زەوی ببەخشێت و بەروبوومێکی یەکجار زۆری گەنم بدات. یان خێرو بەرەکەت لە زەوی ببڕێ و نەیەڵێت چنگە گەنمێك وەبەر بێنێ. بە کورتی رزق و رۆزی و بژێوی هەموو خەڵکی سەرزەمین بە دەستی ئەو بووە.

دەڵێن کیریس کچۆڵەیەکی فرە جوانی هەبووە، زۆری خۆشویستووە. ناوی "بروسەربابین" بووە. هێندە جوان بووە، پرشنگ لە رووی باریوە، کەیف و شادی دنیای خستۆتە دڵ و دەروونی دایکییەوە.

دەموچاوی سپی و نەرم، لە تۆ وایە چرۆی سێوی هەوەڵی بەهارە. چاوە شینەکانی، نازیان بەسەر ئاسمانی شین و مەنگی بەرەبەیانیانی هەیڤی نیساندا کردووە. قژی زێڕینی پەخش و بڵاوی، گورزەتیشکی خۆری وەبیر هێناوەتەوە. دەڵێن لە ناسکی و جوانی و خشکۆکیدا بەشی کەسی نەهێشتبووەوە. کام جوانی بەهار هەیە، ئەوەی لە ئەقڵ و خەیاڵی بنیادەم بەدەرە، نەگەییوەتە جوانی بروسەربابین، کە بۆ خۆی خودی بەهار بووە. بروسەربابین، شادو بە کەیف و بە دەماغ، رۆژی بە گەشت و گەڕانی نێو مێرگ و مەزرایان دەبردە سەر، یان یارمەتی دایکی دەدا. یان لەگەڵ دەستە خوشکەکانیا، وەختی خۆی لە نێو گوڵ و گوڵزاراندا بە هەڵپەرکێ و سترانان دەبردە سەر. زۆرجار بە دەم گوڵچنینەوە ئەم گۆرانییەی دەچڕی:

*ئەی خواوەندی پیرۆز، ئەی خاکی دایك*

*تۆ لە بێشکەی نەمریت دا،*

*خواوەندو بەشەرو بڕندە و دڕندە،*

*گەڵای درەختان و خونچەو شکۆفە*

*پەروەردە دەکەیت.*

*دەبا، بای هەناسەی پیرۆزت*

*بەر بروسەربابینی کیژۆڵەت بکەوێ*

*لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارانا*

*لە نێو تەم و مژاندا*

*ئەم کۆرپە گوڵانە بخەمڵێنە*

*تا وەکو منداڵانی گەڕۆك*

*پڕ بۆن و رەنگینتر بن،*

*دەبا هەناسەی موبارەکت*

***بروسەربایینی کیژۆڵەت***

***پیرۆز بکات.***

دەڵێن پلوتوی پاشای مەملەکەتی تاریکی، کە لە بن عاردیدا دەژیاو ڕۆژگاری بە تەنێ بەسەر دەبرد، مەگەر لەگەڵ تاپۆو شەبەنگاندا قسەیەکی کردبا، دەنا چ یارو هاودەمێکی نەبوو... چەند جارێك هەوڵی دابوو یەکێك لە خواوەندەکان بێنێتە ڕەداو بیکات بە هاوسەری خۆی‌و شاژنی مەملەکەتە تاریکەکەی. بەڵام نە جەواهێری گرانبەهاو نە سەروەت‌و سامانی زۆر دادیان نەدا بوو چ خواوەندێکی بۆ نەهاتبووە ڕەداو شتاقیان بەوە قایل نەبوو بوون دنیای رووناك‌و پرشنگداری سەر زەوی بگۆڕنەوە بە مەملەکەتی تاریك‌و نوتەکی ژێر زەوی‌و تاجی شاژنی لە سەر بنەن.

ڕۆژێ پلوتو سەردەکەوێ ،دێتە سەر زەوی. لەو دەمەدا کە تیژ تێپەڕ بە عەرەبانەکەی ڕەت دەبێ، لەو دیو دەوەنە جاڕێکەوە هەراو زەناو پێکەنینی پڕ مۆسیقای بەر گوێ دەکەوێ: خێرا جڵەوی ئەسپان ڕادەکێشێت‌و عەرەبانەکەی ڕادەگرێت. لە عەرەبانەکە دادەبەزێت‌و بەدەست گەڵاو لق‌وپۆپی دەوەنەکان وەلاوە دەدات تا ببینێ ئەمە چ بەزمێکە. سەیردەکات کۆمەڵێك کۆرپە کیژی دەم بە خەندە ئەڵقاو ئەڵق دەوری بروسەربایین-یان داوەو بەدەم قیڕین‌و سترینەوە لێکدا لێکدا گوڵبارانی دەکەن. پاشا کە ئەم دیمەنە دەبینێ، نەك بە دڵێك، بە سەد دڵ حەیرانی جوانی بروسەربایین دەبێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: مەکە، بەڕاستی ئەمە ئەو شابانۆیەیە کە من عەوداڵی بووم. ئەم زەری وەشە دەتوانێت هەموو تاریکستانی "هادیس"م بۆ بکات بە چراغان‌و مەملەکەتی جوانی، بەڵام ئەرخایەن بوو کە ئەم ناسك‌و نازدارە زەحمەتە بۆی بێتە ڕەداو بەگەڵی بکەوێت. بۆیە بەپەلە خۆی بە نێو کۆڕی کۆرپە کیژاندا کرد. کیژۆڵەکان هەرکە دەموچاوی تاریکی پاشایان بینی سامیان لێنیشت‌و هەریەکەیان بەلایەکدا فرتەی کردوخۆی وەشارت. بەڵام پلوتو، زوو فریاکەوت‌و توند باسکی بروسەربایینی گرت‌و بەرەو عەرەبانەکەی بردی. ئەسپەکان هەڵیانکردە چوارناڵە. ڕێگا بەرگەی نەدەگرتن، دەستە خوشکەکانی بروسەربایین، بەسەرسامی‌و حەپەساوی لەوێندەر بە جێمان. پلوتۆ، دەیزانی دەبێت لە زێبکات‌و تا زووە ئەم دەستکەوتە لەو ناوە دوور بخاتەوە. لە دەستڕەسی "کیریس" دەربازی بکات. جا بۆ ئەوەی هیچ ئەسەرو شوێنەوارێك لە دووی خۆی بە جێ نەهێڵێت، عەرەبانەکەی بەلا ڕێگەیەکی پێچ‌و پەنادا هاژۆت...

بڕۆ بڕۆ تا گەییە روبارێك، هەرکە لە کەناری روبار نزیك بووەوە، روبار شێت بوو. هەستا. کەوتە هاڕەو هاژەو کەف چەڕین. پلوتو، نەیوێرا خۆی لێبدات. گەڕانەوەش وەختی زۆری دەویست. بۆیە سێ جاران سەوڵەجانەکەی* بە عاردیدا کێشا. یەکسەر زەوی دەمی کردەوە. هەموو بە ئەسپ‌و عەرەبانەوە بۆ ژێر زەوی‌و ناو تاریکی دابەزین. بروسەربایین، هەستی کرد کە پەرییانی دەریایی ناسیویانەتەوە ، ویستیان ڕزگاری بکەن، لافاویان هەستاند. بۆیە بەر لەوەی دەمی زەوی بێتەوە یەك، بە پەلە پشتێنەکەی کردەوە، تۆڕی دایە نێو رووبارەکەوە، بەو هیوایە بگاتەوە دەست کیریسی دایکی‌و ببێ بە نیشانەیەك بۆی تا ئومێدبڕ نەبێ‌و بەدوی کیژە ونبووەکەیدا بگەڕێ‌و بیدۆزێتەوە.

کیریس ئێوارێ گەڕایەوە ماڵی خۆی. لێ کیژەکەی کە عادەتی وەها بوو بە پیرییەوە بچێت، لە هیچ کوێیەک دیار نەبوو. کیریس هەموو ژوورەکانی بۆ گەڕا، لە شتاقیاندا نەبوو. ئەوجا مەشخەڵێکی گەورەی لە ئاگری گڕکان داگیرساندو بەدوای کچۆڵەکەیدا کەوتە نێو مێرگو مەزرایان، کە رۆژ بووەوە هیچ قوڵاخ و سۆراخێکی بروسەربایینی چنگ نەکەوت. زۆر خەمبار بوو. کیریس، ئیدی لەو رۆژەوە کەوتە گەڕان و تاقیب، سەرزەمین و بەحران نەما خۆی پێدا نەکات. ئەو مەشخەڵەشی لە چاوانیدا هەڵگرتبوو کە بە ئاگری گڕکان دایگیرساند بوو. دەستی لە هەموو کاروبارێکی خۆی هەڵگرت. دەغڵ و دان هەموو ژاکان و هەڵوەڕین. زەوی بوو بە بەیارو چۆڵەوانی، قات و قڕی و گرانی جێی هات و بەرەکەت و فەڕی لە هەموو دنیادا گرتەوە. لە تۆ وایە زەویش بۆ دایکی بروسەربایین خەمبار بووەو تاقەتی هیچی نەماوە.

کاتێ خەڵکی برسی چوونە دەف کیریس و تکایان لێکرد کە بگەڕێتەوە سەر کاروبارەکانی و جارێکی دی خاوەنداریان بکاتەوە، کیریس. چاوەکانی کە لە گەڕاندا هاتبوونە گل. هەڵبڕی و گوتی: تا بروسەربایینی کیژی نەدۆزرێتەوە ناپەرژێتە سەر هیچ و گوێ بە زەوی نادات.

ئەوجا خەڵکەکە روویان کردە ئاسمان، روویان کردە ژوپیتەرو لێی پاڕانەوە کە بروسەربایین لە هەر کوێیەکە بیگێڕێتەوە بۆ لای دایکی، چونکە لەوپەڕی تەنگانەدان و زۆریان پێویست بە یارمەتی "کیریس"ی مەزن هەیە.

پاش گەڕانێکی زۆرو بێهودە، کیریس لە رێگەی گەڕانەوەیدا بۆ "سەقلییە" لە کاتێکدا لە روبارێك دەپەڕیەوە، شەپۆلێك شتێکی هاویشتە بەرپێی. کە دیقەتی دا، ئەو پشتێنە بوو کە بروسەربایین، بۆ پەری دەریای هەڵدا بوو! لە کاتێکدا دەیڕوانییە پشتێنەکە، رونڕك لە چاوانیدا شەپۆلی دەدا. دەنگی ئاوەڕۆکەی نزیکی بڵقە بڵقێکی لێوەهات و بەرە بەرە بەرز دەبووەوە، وەك بیەوێ رازێ بدرکێنێ. لە پڕ گوتی: من پەری ئەم کانی و سەرچاوەیەم. لە قوڵترین شوێنی زەوییەوە هاتووم. ئاه، ئەی کیریس، ئەی دایکی مەزن، کچۆڵەکەتم لەوێندەر بینی. لەسەر عەرشێك لە تەنیشت پاشای تاریکی دانیشتبوو، جوانی و ناسکییەکەی جارانی نەما بوو. کوڵمەکانی زەرد هەڵگەڕابوون. چاوانی تەژی رونڈك بوون. من ناتوانم لەوەی پتر بمێنمەوە. ئاه، ئەی کیریس، ئاسمانی پرشنگدار گازم دەکات. دەبێ بڕۆم بۆ دوور.

ئەوجا کیریس بەلەز خۆی گەیاندە ژوپیتەرو گوتی: -ئەو شوێنەم دۆزیوەتەوە کە گیانەکەمی لێشاردراوەتەوە. بۆمی بگەڕێنەوە، منیش جارێکی دی خێرو فەڕو بەرەکەت بۆ زەوی دەگێڕمەوە. خەڵکی رزق و رۆزی خۆیان دەست دەکەوێ.

ژوپیتەر، زۆری بەزە بەو دایکە خەمبارەدا هاتەوەو هەروەها نزاو لاڤەو پاڕانەوەی خەڵکە برسییەکەی قبوڵ کردو گوتی:

- دەبێ بروسەربایین بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. بە مەرجێك لەوێندەر، لە مەملەکەتی پلوتودا چ جۆرە خواردنێکی نەخوارد بێ.

ئیدی کیریس، بەلەز بۆ "هادیس"ی مەملەکەتی تاریکی دابەزی. لێ مخابن. هەر ئەو رۆژە بروسەربایین، شەش دەنکە هەناری خوارد بوو. بۆیە دەبوایە بە ناچاری ساڵی شەش هەیڤان لە

ژێر زەویدا بژیایە. واتا کیریس نەیدەتوانی ساڵانە لە شەش مانگان پتر بە دیداری کیژەکەی شاد بێ. هەرکە بروسەربابین، پێی دەنایە سەر زەوی گوڵ دەپشکوت.تەیرو مەلان دەیان خوێند. هەموو زەوی بە شابانۆ شاد دەبوو.

هەندێ کەس دبێژن "بروسەربابین" وەرزی بەهاری راستەقینەیە، لەو ماوەیەدا کە لە ناومان دەبێت، زەوی دەڕازێتەوە. جوان، ناسک دەنوێنێ. بەڵام کە کاتی گەڕانەوەی بۆ لای پلوتوی پاشای تاریکی دێت، کیریس خەمین و خەمبار بە سەر خۆیدا کڕدەکەوێ تا ساڵی ئاینده کڕی و کپی هەموو لایەك دادەگرێ ، هەروەها زەوی خەمگین دەنوێنێ. پەلك و گەڵای درەختان دەڕژێن، وەك بڵێی دارو درەختانیش بۆ کۆچی شازادە خانم بگرین. هەروەها گوڵان لە بن زەویدا ون دەبن تا ئەو رۆژەی خانم بە هەنگاوی تامەزرۆوە بۆ سەر زەوی دەگەڕێتەوەو زەوی هەڵدەستێنێ و هەموو سروشت لە خەوی زستان ڕادەبێ.

*\- سەوڵەجان: دارعاسای دەستی پاشایانە.*

(5)

## منداڵیەتی ئەپۆلۆو دیانا

کە بۆقێك خۆی هەڵدەداتە ئاوەوە، یان لەسەر کۆتەرە دارێکی نێو گۆمێکی لێخن و لیل هەڵدەکورمێ، بێگومان دیمەنێکی جوانی نییە. بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر هەندێ خەسڵەتی باشی هەیە. ئەم خەسڵەتە باشانەش، تا ئاشنای نەبیت، بە جوانی دەرناکەوێت. رۆژێك شاعیرێك لە ماڵ وەدەرکەوت. بە نێو دارستانێك کەوت تا لە نێو درەختە سەوزەکاندا شیعر بڵێ. هەموو هزرو بیری مژۆلی هۆندنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی ژنێکی جوان و منداڵە داماوەکانی بوو کە چ زوڵم و زۆرێکیان لێکرابوو. لە کاتێکدا بیری لەمانە دەکردەوە، لە نکاودا گەییە گۆمێکی لێخن، سەیری کرد 5-6 قورباقەی خاڵدار لەسەر کۆتەرە دارێکی قەوزە گرتوو، هەڵنیشتوون و تا هێزیان تێدایە دەقیرێنن.

وەکو دەزانن شاعیران شتی جوانیان خۆش دەوێت و ئەو قورباقانەش پیاو هەق بڵێ زۆر ناشیرین بوون. ژبلی ئەمەش یەکەمجار بوو شاعیر، ئەم گیانەوەرەی بەم ناشیرینییە دەبینی. بۆیە رووی لێ وەرگێڕان و رۆیشتەوە بۆ ماڵێ و چیرۆکەکەی خۆی لە مەڕ ژنە جوانەکە و دوو منداڵە داماوەکەی هۆندەوە. لەو چیرۆکەدا ناوی ئەو بۆقانەشی هێنا بوو. چونکە بەخۆی حەزی لە دیمەن و روخساری ئەو بۆقانە نەکرد بوو، بۆیە وەکو زۆردارو ناشیرین خستبونییە روو. بەڵام نابێ بەهۆی ئەوەوە، هەر کاتێ ئەو گیانەوەرە بچوکە خاڵدارە لە نێو گۆماوو زەلکاواندا بەدەم قیرەقیرەوە ببینین، رقمان لێی ببێتەوە.

ئەمەش سەربوری ئەو دایکە کلۆڵەیە کە چۆن ئەو پیاوانە زوڵمیان لێکردووەو بوون بە قورباقە: دەگێڕنەوە دەڵێن، لە رۆژگاری کۆندا، لە وڵاتی یۆناندا ژنێکی شۆخ و شەنگ بە نێوی "لاتونا" هەبووە. ناوێکی ناسك وجوانەو دەلالەت لە جوانی و ناسکی خاوەنەکەی دەکات. کەڵەگەت و سەلارو سەنگین بوو. جل و بەرگی نەرم و شل و مرواری ڕەنگی لەبەر دەکرد. قژی رەش و چاوانی کەوەیی پرشنگدار بوون. بەڵام چونکە بە کلۆڵی و کولەمەرگی دەژیا، خەمێکی قوڵ لە نیگاکانیدا شەپۆلی دەدا.

ژنو، حەزی لە چارەی ئەو ژنە چاوکەوەییە نەدەکرد. زۆری دەشەمزاند، ئەوەندەی ئازار دەدا کە لاتونای داماو ناچار بوو جێگۆڕکێ بکات و خۆی لەپشم و غەزەبی شابانۆ "ژونو" دوور بخاتەوە... تا رۆژێك گەییە کەنار روبارێك. سەیری کرد بەلەمێکی بێ سەوڵ لە کەنار روبارەکە وەستاوەو وردە شەپۆلان خۆ بەم لاو بەولایدا دەکێشن و نەرمە ئاهەنگێکی خۆشی لێ هەڵدەستێت. ئاوەکە هێندە هێدی و هێمن دەڕۆیی و لاتونای کلۆڵیش شەکەت و نائومێد بوو، یەکسەر خۆی بە بەلەمەکەدا کردو دەڵەکی داو لە کەنارەکە دووری خستەوە. ئەوجا دەستەوئەژنۆ لە نێو بەلەمەکەدا دانیشت و هەرکە بەلەمەکە وەڕێکەوت، ئەو بە ئەسپایی کەوتە

گریان. شەوداهات. بەلەمەکە، هەر بەنێو ئاوە تاریکەکەدا دەڕۆیی. ئەستێرەکان بە سۆزو میهرەبانییەوە دەیانڕوانییە "لاتونا". دەتگوت دەیانەوێ دڵخۆشی بدەنەوە.

هەمووی چەند سەعاتە ڕێیەکی بڕی بوو، کەچی وایان دەزانی ماوەیەکی زۆر زۆرە لە کەنارەکە دوور کەوتۆتەوە، لەگەڵ گەردی بەیاندا نوکی بەلەمەکە لە کەناری ڕوبارەکەی داو لاتونای لە دنیای خەمو خەمگینی ڕاپەڕاند. کە ڕوانییە سەریێ، بۆی بە دیارکەوت کە بەلەمەکە گەیاندویەتیێ دوڕگەیەکی بچووك.

شوێنێکی جوان بوو. چڕە دارستان بوو. بەدرێژایی کەنارەکە هەر گوڵی درەخشان بوو. هەموو شتێك ئەوەندە دڵگیر دەینواند کە لاتونا، جارێکی تر ڕوحی تازە بووەوە، لە بەلەمەکە دابەزی. چاوێکی بەو مەملەکەتەدا گێڕا کە دۆزی بویەوە. خراپ نەبوو... گوێز وهەموو میوەیەك لە وێندەر دەستدەکەوت. ڕێك لە ناوەندەی دوڕگەکەدا ئەشکەوتێك هەبوو. هەر بۆ ئەوە باش بوو بیکەی بە ماڵو مەنزڵ.

لە هەموو ئەمانە چاکتر، سەرچاوەیەکی ئاوی زوڵاڵو ڕۆشن بوو کە بە نزیکی ئەشکەوتەکەدا دەڕۆیی، بە قوڵە قوڵو بە دەم ڕەقسینەوە بەسەر زیخو چەواندا دەڕۆییو پێچاوپێچ بە ناوەندی دوڕگەکەدا تێدەپەڕی. وا دەهاتە بەرچاو کە بە ئاهەنگو ئاوازی خۆی خێرهاتنی لاتونا بکات.

لاتونا، زەمانێکی دوورو درێژ لەو دورگەیەدا ژیا. لەوپەڕی شادیدا بوو، ئومێدەوار بوو کە "ژۆنو" لەو گۆشە تەریکەی ئەم سەر زەمینە نەیدۆزێتەوە. زۆری نەبرد یەکێك لە خواوەندەکان کە خۆشی دەویست، دوو منداڵی جمکانەی جوانی پێبەخشی تا شادی بکەنو بێ تاقەت نەبێ. لە تەماشای کوڕو کیژەکەی چ لە خەوا بوایەنو چ لەو کاتانە بوایە کە بەڕاستیو منداڵانە بە قامکی دەستو پێی خۆیان گەمەیان دەکرد، تێر نەدەبوو. کوڕەکەی ناونا ئەپۆلۆو کیژەکەی دیانا.

ڕۆژێك لەگەڵ هەردوو منداڵەکەیدا لەبەر هەتاو دانیشتبوو کە پەڵە هەورێکی ڕەش لە ئاسمان پەیدا بوو. کە سەری هەڵێنا ژۆنوی بینی لە بەردەمیدا وەستاوە. ژۆنوی خواوەند، زۆر بە ڕەقیو توندی ئەمری بەو دایکە داماوە کرد کە دەست بەجێ ئەو دوڕگەیە بە جێ بهێڵێ. هەرچەندە لاتونا زۆری لەبەر گران بوو، بە ناچاری ئەو ماڵو حاڵەی چۆڵ بکاتو بڕوات. لێ لە ترسی ئەوەی نەبادا ژۆنو دەستێك لە منداڵەکانی بوەشێنێو ئازاریان بدات، بە پەلە ڕۆیی.

ئەنجام گەییە بیابانێکی وشكو برینگ. نە سەوزاییەکی تێدابوو نە گوڵێك تا ئارامی بە چاوانی ماندووی ببەخشێت.

لمی گەرمو داغ پێی دەسووتاند، لێوەکانی لە تێنواندا هەڵقرچابوون. هەموو ڕۆژەکە بەپێ ڕۆیی بوو. هێندە ماندوو بوو بوو دوو منداڵەکەی، دوو منداڵەکەی باوەشی لێ بوو بوون بە باری قوڕقوشم.

بەم حاڵەشەوە سەرپۆشەکەی خۆی بە جۆرێ دەگرت کە هەتاو لە منداڵەکانی نەداتو قیروسیا لە خۆی. ئامادە بوو لە پێناوی منداڵەکانیدا هەموو جۆرە ناخۆشییەك هەڵگرێ.

چەندین ڕۆژ بەپای پیادە ڕێی بڕی. پێیە ناسکەکانی بە لمی گەرم سووتان. گەرووی لە تینوواندا هیشك بوو بوو. لە نکاوداو لە دوورەوە چەند درەختێکی بینیو بریقەی ئاوێکی شینی لە نێو سەوزاییەکەوە بینی.

ئومێدی ڕزگار بوون، هێزێکی تازەی پێ بەخشیو بەرەو ئەوێندەر پێی هەڵگرت. کە گەییە ئەوێندەر گۆمە ئاوێکی زوڵاڵو شینی بینی. زەلو نەیجەیەکی زۆری بە دەوردا ڕووا بوو. چەند جووتیارێکی بلّح دەیاندروەوەو گورزە گورزەیان دەکرد.

لاتونا، دانەوییەوە، ویستی دەمی بگەیەنێتە ئەو ئاوە زوڵاڵە. منداڵەکانی بە هەردوو دەستان گرتبوون. بەڵام پیاوەکان زۆر بە توندیو ڕەقی تێیان خوڕی کە ئاو نەخواتەوە. لاتونا دووبارە سەری هەڵبڕی. سەری سوڕما، گوتی: چییە؟ ئاو، ئاوی خواوەندانەو بۆ قازانجی هەمووان لێرە هەڵقوڵیوە. باوەڕ ناکەم لە خواردنەوەی بێ بەشم بکەن! دەمێکە هەردەوێڵو سەرگەردانی بیابانم، ماندوومەو زمان و لێوم لە تینوواندا بووە بە پەڵاس.

ئاوەکە هێندە ساردو فێنك دەینواند، لە عەزرەتاندا خۆی نەگرتو جارێکی دی دانەوییەوە کە ئاو بخواتەوە. بەڵام پیاوەکان بە هەمان ڕەقی هەڕەشەیان لێکرد کە ئەگەر لێرە دوور نەکەویتەوە خۆتو منداڵەکانت ئەزیەت دەدەین. لاتونا، بە چاوانی تەڕی ڕوندکەوە کەوتە پاڕانەوەو گوتی: دڵنیام کە ئەگەر دڵتان بە من نەسوتێت، ئەوا دڵتان نایەت زوڵم لەم جووتە منداڵە بکەن کە دەستیان بۆ ئێوە درێژ کردووە.

کە سەرپۆشەکەی خۆی لە سەریان لادا، کوڕو کیژە ساواکە بەڕاستی قامکی وردیلەو منداڵانەی خۆیان درێژ کرد. دەتگوت داوایان لەو پیاوە دڵڕەقانە دەکرد کە بەزەییان لە دڵدا بێ. بەڵام ئەو پیاوانە بەڕاستی دڵ ڕەق بوون. لە بری ئەوەی دڵیان نەرم بێ، بە پێ گڵو بەردیان ڕشتە نێو ئاوەکەوە، دوای تۆزێك ئەو دەریاچە سافو زوڵاڵە بوو بە گۆلاوێکی لێخنی وەها کە نەخورێتەوە. لاتونا، زۆر تووڕە بوو. چاوی بڕییە ئاسمانو هاواری کرد: ئەگەر کەسێك هەیە دەنگی من بژنەویو ئەگەر خواوەندان ڕاست دەکەنو دادوەرن، دەبا ئەم پیاوانە بۆ هەمیشە لە نێو ئەم گۆلاوە بهێڵنەوە.

خواوەندان، دوعاکەیان گیرا کرد. پیاوەکان لە جێی خۆیاندا بوون بە قوڕباقە. تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش هەر لەو زەلکاوەدا ماونەتەوە. هەندێجار لەسەر تاوێری نێو زەلکاوەکە هەڵ دەنیشنو هەندێجار بە قیڕەقیڕ خۆ هەڵدەدەنە ئاوەکەوە. لاتونا، لە تەنگانەو ڕۆژ ڕەشی خەلەسی. منداڵەکانی، کە ئەو هەموو ڕەنجەی لە پێناویاندا دابوو، گەورە بوون.ئەوەندەی لە توانای فەرزەندانداا بێو بتوانن پاداشتی دایكو باوك بدەنەوە، چاکەی دایکی خۆیان دایەوە. ژوپیتەر، ئەو خواوەندەی ئەو جووتە منداڵەی بە لاتونا بەخشی بوو، بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکات، خووی خوایانەی خۆی بەوانیش بەخشی بوو. لە سەربورو واریقاتی.... ئەواندا، کە لە نهو بە دواوە دەی خوێنییەوە دەبینی کە ئەپۆلۆ، خواوەندی گەورەی هەتاوو مۆسیقایە. "دیانا"ی خوشکی ناسكو نازداریشی خواوەندی مانگە. ئەوەندە قەدرو حورمەتی دایکیان لەلا بوو، هەر

داوایەکی، بەلای ئەوانەوە یاسا بوو، لێلادانی نەبوو. هەرچییەکی لێ بویستنایە، بێ چەندو چونو بە چاوان بۆیان جێبەجێ دەکرد.

(6)

## دەنگدانەوەو نێرگز

ئەمە بەسەرهاتی کچۆڵەیەکی نەفرەت لێکراوە. چونکە کچۆڵەیەکی زۆربڵێ و چەنەباز بووە. لە هەر کۆڕو مەجلیسێکدا قسە هەر قسەی خۆی بووە. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان رێمان کەوتە دارستانێك یان بن پردو نێو تونێلێك ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئەم بەسەرهاتەی راستە یان نا... وەختێ لە بن پردێك دا ، یان لە نێو تونێلێکدا، هاوار دەکەین، سەرمان لەوە سوڕدەمێنێ کە روحێکی چکۆڵەی نێو ئەو پەناو پەسێرانە، لاسایی هاوارەکەمان دەکاتەوە، بەلەنگازۆ، ئەمە تەنیا دەنگە. دەنگی کەسێکە کاتی خۆی لە عەیامو زەمانی زۆر کۆندا، لەم لێڕو دارستانانەدا لەگەڵ پەرییاندا ڕەقسیوە، کەیفی کردووەو سترانی گوتووە. لێ مخابن سوخەتێکی گەلەك ناشیرینی هەبووە، چەنەبازو زۆربڵێ بووە. لەوەش خراتر کاتێك کە حیکایەتو نەقلانی گێڕاوەتەوە، هێندە بە ئاو وتاو گێڕاوییەتەوە، گوێدێری وەها خافڵاندووە ئاگای لە کات نەماوە کە چۆن رۆییشتووەو حیکایەتەکەی چەندی خایاندووە. زۆر جار "ژونو"ی خواوەند حەزی کردووە دابەزێتە خواریێو سەعاتێك لەگەڵ حیکایەتەکانی ئیکۆ بە سەر بەرێ. بەڵام پاشان بۆی دەرکەوتووە کە ئیکۆ ئەم حیکایەتانە بۆ سەر گەرمی "ژوپیتەر" کاتێ کە لە "ژونو" وەڕز دەبێتو حەز بە تەنیایی دەکات، دەگێڕێتەوە. بۆیە ژونو تورە دەبێت. غەزەب لە ئیکۆ دەگرێو بە شێوەیەکی سەیر سزای داوە، زمانی لە گۆ خستووەو لە بەهرەی خۆشخوانیو خۆشزبانی مەحرورمی کردووە، ژارۆ ئیکۆ، بەهرەی زمان شیرینی لێ سەندرایەوە. تەنیا لاسایی کردنەوەی دوا بڕگەی دەنگی خەڵکانی بۆ مایەوە.

کوڕێکی گەنجی قۆز بە ناوی "نەرسیس- نێرگز" هەبوو. جوانییەکەی لە ئەندازە بەدەر بوو. شەڕی لەگەڵ تیشکی هەتاوی بەهاران دەکرد. تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەتو تا حەز بکەی ئازاو دلێرو بە شەهامەت بوو. هەر کەسێك بیدیبایە، والحی دەبوو. کەچی دەتگوت دڵی نییە جگە لە خۆی قەت کەسی خۆش نەدەویست. رۆژێك لەگەڵ تاقمە کوڕێکی هاوڵی خۆیدا، بەنێو دارستانێکدا دەسوڕایەوە. کە لایدا تا گوڵێکی کێوی بکاتەوە، لە هاوڕێکانی دابڕا، نەیزانی چ رێگەیەك بگرێتە بەرو دوایان بکەوێ. ئەنجام، بە مەزەندە رێیەکی گرتە بەرو ملی پێوەنا. گوزەری کەوتە نك پیرەدار بەڕوییەك کە ئیکۆ لەوێندەر نیشتەجێ بوو. کچۆڵەی تاین هەرکە چاوی پێی کەوت ئاشقی بوو. بە دەستی خۆی نەبوو دوی کەوت. چەندی حەز دەکرد قسەی لەگەڵدا بکات لێ مخابن، لە لەزەتی قسان مەحروم کرا بوو!

ماوەیەك تێپەڕی، نەرسیس بە پەرۆشەوە بۆ هاوەڵەکانی دەگەڕا، ئیکۆ-ش دوورو نزیك بە دوویەوە بوو. نەرسیس هیلاكو ماندوو، دەستی لەوە شت کە هاوەڵەکانی بدۆزێتەوە، بۆیە بە دەنگی بەرز هاواری کرد ئەوە کەس نییە لێرە؟!

ئێکۆ، خێرا خۆی لە پشت درەختێکەوە حەشارداو گوتی:

- لێرە؟!

نەرسیس "نێرگز"، زۆری پێ سەیر بوو، وایدەزانی هەر خۆی لە دارستانەکەدایە، روانییە دەوروبەر، خاوەنی دەنگەکە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، هاواری کرد: وەرە تۆ!
ئیکۆش هاواریکرد: وەرە تۆ!
سەری سوڕما، چ کەسێکی لەو ناوە نەدەبینی و کەچی هەرکە دەنگی هەڵدەبڕی خێرا گوێی لە وەڵامێك دەبوو، وەڵامێکی زۆر نزیك. لەسەر بانگو پرسیاری خۆی بەردەوام بوو. ئیکۆ، هەموو جارێك هەمان وشەکانی ئەوی دووبارە دەکردەوە. بەڵام زاتی نەدەکرد خۆی بۆ دەربخات، دەترسا لێی تووڕە بێ. نەرسیس، لە ئەنجامدا زۆر بێتاقەت بوو، گوتی: با لێرەدا یەکتر بدینین.
ئێکۆ، بە زمانێکی شیرین وەڵامی دایەوە. بەلەز لە پشت درەختەکەوە دەرکەوتو بەرەو پیری چوو. وەختێ لێی نزیك بووەوەو ویستی دەستانی لە مل وەرینێو مەحەبەتو ئەشقی خۆی بۆ دەربڕێت، چونکە بە زمان ئەمەی بۆ نەدەکرا. بەڵام نەرسیس، کە هەموو کەسێکی دەبوغزاندو رووی بە کەس نەدەدا ، بە تووڕەیی لە خۆیی دوور خستەوەو لەو ناوە دەری کرد. ژارۆ ئیکۆ! نیگا تووڕەکانی نەرسیس ژانی خستە دڵییەوە، خەم سەراپای داگرت. دوورکەوتەوە. لە نێو دارستانەکەدا ون بوو. بەدەم داخو کەسەرو کولو کۆڤانێکی زۆرەوە، بیری لەو گەنجە قۆزە دەکردەوە کە بەو رەقییە رەفتاری لەگەڵدا کرد. زۆری لەبەر گران بوو. سەری کردە گریان، شەوو رۆژ دەگریا. تامی زادی نەدەکرد. بەرە بەرە باریكو بنێس بوو. دەتگوت دەتوێتەوەو دەبێ بە هەلم. وای لێهات لە تۆ وایە سێبەرەو بەس. پاش ماوەیەك ئەوەش نەما! تەنیا دەنگەکەی ما...
لەو رۆژەوە ئیدی بوو بە دارستاننشینو، لەو رۆژەوەش کەس لە نێو لقی درەختاندا، لقێکی بە جوانیو ناسکی بازۆڵەکانی ئەو بە چاوان نەدیوە. بەڵام دەنگی هێشتا هەر ماوەو لە شاخو دۆڵاندا دەنگ دەداتەوەو وەڵامی هەموو بانگو گازییەك دەداتەوە.

( 7 )

## نەرسیس ئاشقی خۆی دەبێت

ئەو (نارسیس)ەی کە گوێی بە ئیکۆی داماو نەدەداو بگرە گوێی بە هیچ یەکێك لەوانە نەدەدا کە خۆشیان دەویست. ئاخیرییەکەی کەوتە داوی ئەشقی خۆیەوەو بە شێوەیەکی سەیریش.

کە "نارسیس" لە دایك بوو، دایکی بردی بۆ لای غەیبزانێك و لێی پرسی کە ئاخۆ کوڕەکەی دەژی، دەگاتە تەمەنی پیاوەتی؟ غەیبزانەکە گوتی: بەڵێ ئەگەر خۆی نە ناسێت.

لە کاتی خۆیدا، کەس لە مانای قسەی غەیبزانەکە نەگەیی، بەڵام کە لە حیکایەت و سەربوردەکە ورد ببینەوە، بۆمان بەدیاردەکەوێ کە کابرای غەیبزان مەبەستی چی بووە.

نارسیس (نەرگز) ئاشقە ڕاو بوو. زۆر جار لە بەیانییەوە تا ئێوارێ، بگرە تا شەوێ بە تیروکەوانەوە لەنێو لێرەوارو دارستاناندا دەسوڕایەوە.

ڕۆژێك، کاتێك بە دەم ڕاوەوە بە نێو لێرەوارێك کەوتبوو، چەند سەعاتێك بوو هەر ڕێی دەکرد. هەستی بە گەرماو ماندوویەتی کرد. گەییە شوێنێکی سێبەر، کانییەکی چکۆلەش لە نێو درەختە بەرزەکانەوە قوڵە قوڵ هەڵدەقوڵی، ئاوەکە هێندە بە بریق و باق و ساف و زوڵاڵ بوو، لە تۆ وایە کریستاڵە. نارسیس، لایدایە سەر کانییەکە تا ئاو بخواتەوە، بەڵام کوتوپڕو بەوپەڕی سەرسامییەوە وەستا، کاتێ جوانترین دەموچاوی لە نێو ئاوە مەنگەکەدا بینی، بەوپەڕی سەرسامی نیگای تێبڕی. تا زیاتر لە ئاوەکەی دەڕوانی، دەموچاوەکە جوانتر دەینواند. ئەنجام نارسیس، کەوتە داوی ئەشقەوە. لێ ئاشقێنی لەگەڵ وێنەکەی خۆیدا.

لەگەڵ وێنەکەدا ئاخافت، دوو لێوی ئاڵ لە نێو ئاوەکەدا کرانەوە. وەکو ئەوەی وەڵامی بدەنەوە. بەڵام گوێی لە چ دەنگێك نەبوو. بزەیەکی بۆ کرد. دووچاری پرشنگدار لە ئاوەکەوە بزەکەیان بۆ سەندەوە.

کاتێ ئیشارەتی کرد ، مەعشوقەکەی لە نێو ئاوەکەوە ئیشارەتەکەی بۆ سەندەوە. تا زیاتر خۆی بەسەر ئاوەکەدا دادەنەواندەوە، دەموچاوە جوانەکە پتر بۆ سەرێی ئاوەکە بەرز دەبووەوە.

کە ویستی دەستبەرێ و وێنەکە بگرێ، شێوەکەی ون بوو، دیارە بە هۆی شەپۆلی ئاوەکەوە بوو، کاتێ دەستی بەری کەوت، وێنەکەش شێوا. بەڵام کە ئاوەکە هێدی دەبووەوە، وێنەکە بە هەمان جوانی خۆی بە دیاردەکەوتەوە.

ژارۆ نەرسیس! بەو رادەیە کەوتە داوای ئەشقەوە، بەڵام ئەشقی خۆی. ئاشقێنی لەگەڵ شتێك کە هیچ بوونێکی نەبوو، تەنیا خەیاڵ و سێبەر بوو.

ئارەزووی لە خواردن تۆرا، خەونی نەما. شەو و ڕۆژ لەسەر سەوزە گیا ڕادەکشا و دەیڕوانییە دەموچاوی خۆی لە نێو ئاوەکەدا.

کاتێ (ئەپۆلۆ) بە سواری کەژاوەکەی، گەشتی بەیانیانی بەسەر گردو هەڵەتاندا دەکرد، تیشکی زێڕینی هەتاو دەیدا لە دەموچاوی نێو ئاوەکەو هێندەی دی جوانی دەنواند.

کاتێ (دیانا) بە کەژاوەی زیوسیسی بە نێو ئاسمانان دەکەوت، نەرسیسی بەلەنگاز لە تاو جوانی دەموچاوی خۆی هەناسەی سوار دەبوو.

بەرە بەرە شەکەتی زۆری بۆ هێنا، چرۆسایەوە. ئاڵی گۆناکانی کاڵ بووەوە. باریك و بنێس و لاواز بوو، تا مرد.

(ئیکۆ)، شەیدایی ئەو کورە بەلەنگازەی بەچاوانی خۆی بینی، هەرچەندە نەرسیس لەگەڵ ئەودا باش نەبوو، بەڵام هەستی داخ و کەسەر دەرهەق بەو بەلەنگازە لە توانا بەدەر بوو، کاتێ نەرسیس لەوپەڕی کلۆڵی و نائومێدیدا هاواری دەکرد: "هاوار لە خۆم. ئەوە منم". ئیکۆ بەوپەڕی کە سەرەوە هاوارەکەی دەسەندەوە، دوا پەیڤی لەگەڵ وێنەکەی خۆی لە ئاوەکەدا ئەمە بوو (ئێی، ئەی لاوی ئاشقی ناکام! بە دوعا).

ئیکۆ بۆی سەندەوە: (بە دوعا)!

پەری روبارو لێرەواران هەموو بۆ لە دەست چوونی هاوڕێکەیان خەمگین بوون. دارە مەیتیان ئامادە کرد. خەڵکی لەوسەرو بەندانەدا جەنازەیان دەسوتاند. کاتێ هەموو شتێك ئامادەکراو بە چەپکە گوڵەوە بەرەو جەنازەکە چون، سەیریان کرد جەنازەکە نەماوە! گوڵێکی جوان لە جێیدا رواوە، گوڵێك ناوەندەکەی زەردێکی پرشنگدارەو پەڕەی سپی سپی دەوری داوەو بەردەوام خۆی بۆ وێنەکەی خۆی لە نێو ئاوەکەدا دادەنەوێنێ. تا رۆژگاری ئەمڕۆش ئەو گوڵە جوانەی کە پێی دەڵێن نێرگز، لە قەراخ گۆلاوی مەنگدا دەبینرێ کە دەڕوانێتە وێنەی خۆی لە ئاودا.

(8)

## تەونی تەنکی جاڵجاڵۆکە

لە شارێکی کۆنی یۆناندا کیژێکی گەنج هەبوو بە ناوی ئاراکنی. ئەم کیژە لە خێزانێکی گەلەك هەژارو دەستکورت بوو. ئەم کیژە لە بواری چنین و گوڵدۆزیدا یەکجار کارامەو دەست رەنگین بوو. لە سایەی بەرەکەتی ئەم دەست رەنگینیەوە، سەروەت و سامان رووی کردە کوختە چکۆڵەکەیان.

تا حەزبکەی دەست رەنگین بوو. بەخوری شتی هێندە جوانی دروست دەکرد هەر مەپرسە. کە دەستی دەدایە تەشی و خەرەك و دەچووە بەر تەونی، هێندە سەنگین و بەویقار دەینواند کە ژنان و پیاوانی زۆر ناودار لە هەموو لایەکەوە دەهاتن تا تەماشای دەست و قامکی ڕەنگینی بکەن. لە سەرانسەری وڵاتدا ناوی کەوتبووە سەر زاران، شازادەو بازرگانان پارەی مۆڵیان دەدایێ تا گوڵدۆزیان بۆ بکات.

بەمجۆرە وەکو گوتمان سەروەت و شادی روویکردە ماڵی ئاراکنی و هەژاری و دەستکورتی وەدەرنا. دایك و باوکی دوعای خێریان بۆ کیژەکەیان دەکرد، دەپاڕانەوە کە ئەم شادییەیان لێ تێك نەچێت. خۆ ئەگەر ئەو هەموو ستایش و ئافەرینەی کە لە هەموو لایەکەوە بەسەر ئاراکنیدا دەباری، دووچاری لە خۆبایی بوونی نەکردبا، ئەوا تا کۆتایی تەمەنیان هەر بەو شادییە دەژیان. ئەم کیژە بە جۆرێ بە کارەکەیەوە دەنازی و لە خۆی بایی بوو بوو، تەنیا خۆی لە بیر بوو، تا وای لێهات کەوتە خۆ هەڵکێشان و گوتی: هەرچەندە کیژێکی ناچیزم، بەڵام لە هونەرمەندی و دەستڕەنگینیدا گەلەك لە پێش مینرڤای خواوەندەوەم.

وەکو دەزانن مینرڤا خواوەندی جەنگ و حیکمەت بوو، بەڵام لە کاتی دەست بە تاڵیدا خۆی بە چنین و گوڵدۆزییەوە خەریك دەکرد. واتا هەمان ئەو کارانەی دەکرد کە ئاراکنی شۆرەتی پێ پەیدا کردبوون.

دیارە هیچ تاوانێك، هێندەی تاوانی خۆپەسەندی و لە خۆبایی بوون، خواوەندان ناڕەنجێنێ. بۆیە کاتێك مینرڤا گوێی لە قسە ڕەقەکانی ئەو کیژە بوو، زۆر سەری سوڕما، بۆیە لێبڕا بچێتە نك کیژەکە تا لە نزیکەوە بیدێنێ و بزانێ کە مەبەستی لەم هەموو لاف و گەزاف و خۆ هەڵکێشانە چییە ئیدی خۆی گۆڕی. لە شێوەی پیرێژنێکی سەرسپیدا وەدیارکەوت. دار عەسایەکی بەدەستەوە گرت، بە جۆرێك خۆی بەسەردا دەدا وەك بڵێی نەتوانێ بە قیت و قنجی بوەستێ و ڕێ بکات.

لە کاتێکدا ئاراکنی لە ژوورە چکۆڵەکەی خۆیدا کاری دەکردو خەڵکێکی زۆر دەوریان دابوو، و بەسەرسامی دەیانڕوانییە کارەکەی و گوێیان بۆ لاف و گەزافی ڕادەدێرا کە دەیگوت: من لە هونەرمەندی و دەستڕەنگینیدا گرەو لە خودی مینرڤاش دەبەمەوە، ڕێك لەم کاتەدا مینرڤا خۆی وەژووردا کرد. دەستی خستە سەر شانی ئاراکنی و گوتی کیژی خۆم، بەگوێی پیرێژنێکی پڕ

ئەزموونی وەکو من بکە. من پێت دەڵێم خەنی لە خۆت کە بە زەبری هونەرو دەسترەنگینی خۆت لەنێو ئافرەتاندا دیاری، بەڵام خۆت بە خواوەندان بەراورد مەکە. لەو قسە کاڵوکرچانەی کە ئێستا کردنت ژێوان ببەوە، داوای لێبوردن بکە. بەڵێنت دەدەمێ کە مینرڤا لێت دەبورێ.

بەڵام ئاراکن، رووی گرژکرد، لێوی هەڵقورتاند، بەتوندیو رەقی وەڵامی دایەوە:

– تۆ پیری وەك پیرێژنان قسان دەکەی. هەرچی دەڵێی بیلێ. ئەگەر مینرڤا ڕاست دەکات با بێتو هونەری خۆی لەگەڵ مندا بجەربێنێ تا هەنگینێ منیش دروستی گوتەکانی خۆمی بۆ بسەلمێنم. هەڵبەتە لە خۆی دەترسێتو ناوێرێ خۆی تاقی بکاتەوە. ئەگینا بۆچی نایەت.

ئەوسا مینرڤا، دار عەساکەی فڕێ دا، هاواری کرد: تەمەشا بکە ئەوا هات.

لە شێوەی راستەقینەی خۆیدا دەرکەوتو بە هەموو شانو شکۆی خوایانەوە خۆی نواند. ئامادەبووان هەموو سەریان دانەواندو کڕنوشیان بردو لێی پاڕانەوە، بەڵام ئاراکنی نەزانو کەللەشەق گەردنی بەرزکردو کەمترین ترسو دوو دڵی نەنواند. بە پێچەوانەوە جارێکی دی داوای لە مینرڤا کردەوە کە هونەری خۆی تاقی بکاتەوە.

بێئەوەی چ قسەیەکی دی بکرێ، هەردوو مینرڤاو ئاراکنی هەر یەکێکیان چووە پشتی خەرەکێکی بەتاڵەوەو بە بێدەنگی کەوتە چنینو گوڵدۆزی. خەڵکەکە لەلایەکی ژوورەکەوە ماتو بێدەنگ هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو. بە سەرسامی و واق وڕماوی تەماشایان دەکرد.

زۆری نەبرد کە لە دوڕ چنینەکەی مینرڤادا شێوەو دیمەنێك بەدیارکەوت کە سەربوری ئەم پێشبڕکێ گرنگەی دەنواندو دەگێڕایەوە کە خواوەند بەشداری تێدا کردبوو. لە هەر چوار سوچی چنراوەکەوە وێنەی ئەو چارەنووسە چنرا بوو کە بەمەرگ سزای ئەو کەسانەی دەدا کە بێ ئەدەبیان لە ڕووی خواوەندانددا دەکرد. دیارە مەبەستی مینرڤا ئەوە بوو کە بەو وێنەو دیمەنە ئاراکنی لە ئاقیبەتی کارەکەی ئاگادار بکاتەوە.

بەڵام ئاراکنی هانکە هانك سەرگەرمی کارەکەی خۆی بوو. گۆناکانی سورو هەڵگەڕابوون. لێکدا لێکدا کاری خۆی ئەنجام دەدا. ئەو وێنەو دیمەنەی کە لە ژێر قامکانی کارامەو پڕ هونەرییەوە تەواو دەبوو، لەو پەڕی جوانیدا بوو. هێندە جوانو زیندوو بوو، هەر ئەوەتا فڕینی مەلەکان بەچاو نەدەبینران. دەنگی شڵپو هۆڕی شەپۆلی کەنارەکان لەوە بوو بێتە بیستن. وا دەهاتە بەرچاو کە گەواڵە هەورەکان بە ئاسمانی راستیدا دێنو دەچن، بەڵام ئەو حیکایەتو سەربوردانەی کە لە نەخشەکانیا بەرجەستەی کردبوون، بە جۆرێکی هەڵبژاردبوون کە ئەوە نیشان بدەن کە خواوەندانیش هەندێ جاران هەڵەدەکەن.

کاتێ ئاراکنی لێبووەوەو خەرەکەکەی دانا، مینرڤا هەرچەند لە زێدەڕۆیی کیژەکە توڕە بوو، بەڵام ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە ئاراکنی گرێوەکەی بردەوە، بەڵام ئەو دانپێدانانە مینرڤای هێندەی دی توڕە کرد. وەختێ ئاراکنی ئەو هەموو توڕەییەی لە سیمای مینرڤادا بینی، یەکسەر پەی بە نەزانیو هەڵەی خۆی برد، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو،و پەشیمانی سوودی نەبوو. خواوەندی مێچکە پارچە چنراوەکەی ڕاپسکاندو تیتۆڵ تیتۆڵی کرد. ئەوجا مەکۆیەکەی هەڵگرتو سێ جاری کێشا بەسەری ئاراکنیدا.

ئاراكنی، هێندە لە خۆی رازی بوو كە ئەو رەفتارەی پێ قەبوڵ نەكرا. پەتێك لە نزیكییەوە لەسەر عارزی كەوتبوو، هەر هەڵیگرت و ویستی خۆی پێ بخنكێنێ و كۆتایی بەو خەمو شەرمەزارییەی خۆی بهێنێ، بەڵام مینرڤا رێی پێ نەداو هاواری كرد: ئەی كیژی گوناحكار، بمێنە، بژی، بەڵام لە ئێستە بە دواوە دەبێ بە داوێكەوە هەڵواسرێی و هەموو هاو نەژادانیشت دەبێ هەمان سزای تۆ ببینن.

لە چاوتروكانێكدا، قژی ئاراكنی هەڵوەری. دەموچاوی تەواو بچووك بووەوە. بە دەنی لە چاو دەموچاویدا زۆر گەورە دەینواند! هەرچەندە بەدەنیشی تەواو بچووك بوو بووەوە.

قامكەكانی بوون بە لاقی ناشیرین و ناقۆڵای جاڵجاڵۆكەو بە داوێكەوە هەڵواسراو كەوتە داوچنین.

ئێستا ئەگەر لە ژێر بانیژەیەكدا، سوچێكی دێرینی تۆزگرتووت بینی یان روانیتە دیواری باخچەكەی خۆت، رەنگە ئەگەر خودی ئاراكنیش نەبینی، ئەوا بەلای كەمەوە یەكێك لە هاو نەژادەكانی ئەوت بەرچاو بكەوێ كە داو بچنێ و ئەم سزاو باجە لە بری گەوجێتی و لە خۆبایی بوونی ئاراكنی بدات.

(9)

## درەختی غار

لە رۆژگاری كۆندا، لافاو تۆفانێكی یەكجار بێ رەزا سەرانسەری زەمینی گرتەوە. چەند كەسێكی خەتابار، خواوەندیان تورەكرد بوو. ئەویش، واتا ژوپیتەر، هەموو ئاوی ئەرزو ئاسمانی نارد تا دنیا غەرق و نغرۆ بكەن.

ژوپیتەر، نەیدەویست تۆفانەكە بنیشێتەوەو دنیا هیشك ببێتەوە تا هەموو خەڵكی غەرق نەبن، بۆیە زاركی هەموو ئەشكەوتەكانی توندو قایم لە هەموو بایەكان گرت، تەنیا بای باشوور نەبێ كە پەیامبەری باران بوو. ژوپیتەر ئەو پەیامبەرەی خۆی نارد تا بە سەرانسەری سەر زەمیندا بگەرێ و بیپشكنێ.

كە كەوتە رێ، نەرە دێوێكی زەبەلاحی وێرانكار بوو. بە هەر شوێنێكدا دەبوری هەورەكانی دادەكرد. روبەندێكی تاریكی شەو ئاسای بە رووی خۆیدا دابوو، ردێنی یەكپارچە لێزمەی باران بوو. ئاو لە باڵەكانی و لە لۆچی عەباكەیەوە دەتكا.

هەموو خواوەندانی ئۆقیانووس و روباران لەم كارەدا كۆمەكیان دەكرد. لە ماوەیەكی كەمدا سەرانسەری زەمین كەوتە ژێر ئاوەوەو خەتاباران هەموو غەرق بوون.

ژوپیتەر، کاتێ سەر زەمینی بەو چۆڵی و وێرانییە بینی، زۆر غەمگین بوو. بای باشووری گاز کردەوە بۆ لانەکەی خۆی، ئەوجا بایەکانی دی بەردان. بای باکوورو بای رۆژهەڵاتو بای خۆراوا بەسەر زەمیندا هەڵیان کرد، تا زەوی جارێکی دی وشك ببێتەوەو سەوز ببێتەوە. ئەوجا ژوپیتەر، رەگەزێکی تازەی پیاوانو ژنانی باشتری هەنارد تا لەسەر زەوی بژینو زوریەت بخەوەوە.

بەڵام سەیر ئەوە بوو کە تۆفانەکە چەند جاوەنەرێکی تازەو غەریبی هێنا بووە ئاراوە، یەکێك لەوانە ئەژدیهایەکی گەلەك گەورە بوو، هێندە بەسامو ناشیرین بوو، نەت دەزانی لە چی دەچوو. ئەوەندە شەڕەنگێزو زۆردار بوو کە خەڵکی دەوروبەری ئەو زۆنگاوەی ئەوی تیدا دەژیا، هەموو هەراسانیان لێهەڵگیرا بوو،و لە ترساندا رۆحیان پێ نەبوو. کەس زاتی نەدەکرد لەو جانەوەرە ترسناکە نزیك ببێتەوە. رۆژێك ئەپۆلۆی کەماندار هاتە سەر زەویو پاش شەڕێکی دژوارو قورس، بە تیرە پرشنگدارەکانی خۆی کوشتی. خەڵکی لەمە بەدواوە زۆر شادمان بوون. زۆر بەدەوری ئەپۆلۆدا هاتن، هورایان بۆ کێشا... بە رادەیەك منەتباری خۆیان بۆ ئەپۆلۆ دەربڕی کە کاتێ ئەو وڵاتەی بەجێهێشت، زۆری شانازی بە خۆیەوە دەکرد.

لە رێگەدا کێ ببینێ باشە؟ کوپیدی خواوەندە چکۆلە بە خۆیو تیروکەوانەکەیەوە! وەکو دەزانن و لە یادتانە کوپید، خواوەندە چکۆلەی ئەڤینو دڵداری بوو. جار جاریش خواوەندی کەوانیان پێدەگوت. بەڵێنم پێدابوون کە باسی تیرەکانیتان بۆ بکەم، بەڕاستی تیرەکانی سەیرو عەجایب بوون. هەندێك لەو تیرانە زێڕی خالیسە بوونو نووکیان زۆر تیژ بوو. هەر تیرێك لەو تیرانە بەر هەر کەسێك بکەوتایە، دەمودەست دەکەوتە داوی ئەشقەوە، بەڵام تیرەکانی دی لە قورقوشم دروست کرا بوونو نووکیان کول بوو. ئەمانە خەڵکیان لێکدی دەڕەنجاند. دوای تۆزێکی دی بۆتان بەدیار دەکەوێ کە کوپید چ کارێکی بەو تیرانە ئەنجام دەدا. وەختێ ئەپۆلۆ، کۆپیدی بەو هەموو چەكو ئەسلەحەیەوە بینی ، کەوتە گاڵتە پێکردنیو گوتی: کوپید تۆو ئەو چەکەیان نەگوتووە. ئەو چەکە هەر لە من دێ. تۆزێك لەمەوبەر ئەو ئەژدیها ترسناکەم پێی کوشتو بەوەش سەلماندم کە تیروکەوان هەر لایەقی منە. کوپید وەرە دەستبەرداری ئەو تیرو کەوانە بە، چونکە لە راستیدا هی منە.

کوپیدی خواوەندە چکۆلە، یەکجار توندە تەبیعەت بوو، تووڕە بوو، و هاواری کرد: هەرچەند لەوەیە تیری تۆ هەموو شتێك هەڵبدرێ، بەڵام تیری منیش دەتوانێت تۆ زامدار بکات. ئەوسا بە دڵتەنگی هەڵفڕیو بیری لەوە کردەوە کە رێیەك بدۆزێتەوە تا بۆ ئەپۆلۆی ساغ بکاتەوە کە کامیان باشتر تیراندازی دەکەن. دوای ماوەیەك گەیشتە بێشەیەك کە پەرییەك بە نێوی (دافنی) لە ناویدا دەسوڕایەوە. ئەمە ئەو شتە بوو کە کوپید بۆی دەگەڕا. خێرا تیرێکی قورقوشمینی لە دڵی دا. پەری هەستی کرد موچوڕکێکی ساردی بە قالبدا هات. سەریهەڵێنا تا بزانێ چ بوو، چ قەوما. لەسەر درەختێکەوە تیشکێکی جلە زێڕینیەکانی ئەپۆلۆی بەرچاو کەوت.

کوپیدیش لە هەمان دەمدا ئەپۆلۆی بینیو بە خێرایی بروسکە تیرێکی زێڕینی لە دڵی دا. ئەوجا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لەشەقەی باڵی داو ئەوێندەری بەجێهێشت.

تیری زێڕین کاری خۆی کرد، چونکە دوای تۆزێك کە ئەپۆلۆی خواوەندی هەتاو پرشنگی ئەو پەرییە نازدارەی بینی، لە کانگای دڵەوە ئاشقی بوو، و دافنی-ش ڕێك لەم کاتەدا بە ناچاری رقی لە ئەپۆلۆ هەستا. بۆیە دافنی رووی وەرگێڕاو غاری دایە نێو بێشەکەوە.

ئەپۆلۆ، بەلەز دوای کەوت. هاواری دەکرد: مەترسە. ئەوەندە خێرا غارمەدە، نەبا دڕكو داڵ ئازارت پیٚ بگەیەنن. لە ئەنجامدا هاواری کرد: غار مەدە، لە من هەڵمەیە. ئاخر من خۆشم دەویٚی. ئازارت پیٚ ناگەیەنم. من خواوەندی مەزنی هەتاوم. من ئەپۆلۆم.

بەڵام دافنی بەو قسانە هێندەی دی ترساو، توندتر هەڵات. ئەپۆلۆش هەر بە دوایەوە بوو. خەریك بوو بیگاتیٚ، بەڵام دافنی کە بە قەراخ روبارێکدا غاری دەدا، دەستی بەرەو باوکی، کە خواوەندی روبار بوو، درێژ کردو هاواری کرد: وای باوکە، فریام بکەوە. یان بە زەوی بڵیٚ دەم بکاتەوەو قوتم بدات. یان شێوەم بە جۆریٚ بگۆڕە کە ئەپۆلۆ وازم لێبێنیٚو خۆشی نەویێم. هێشتا نزاو پاڕانەوەکانی تەواو نەکردبوو کە لەشی قورس بوو، و تویکڵێکی ناسك بە دەنی داپۆشی. کەزیو بسکی بوون بە گەڵاو پەلکی کەسك، دەستو بازوانی بوون بە لقو پۆپی ناسك. لاقەکانی کە بەو هەموو سورعەتو خێراییە ئەوییان گەیاندبووە ئەوێندەر، ئێستا وەکو رەگ لە زەوی چەقینو ریشاڵۆ بوون. بابی بە دەنگییەوە هاتو کردی بە درەختی غار.

ئەپۆلۆ، کە بینی دافنی ناسكو نازدار بووە بە درەخت، بەکوڵ گریا، دەستەکانی لە قەدی هاڵاندو گوتی: ئەی دافنی شۆخو شەنگم، مخابن نەتویست ببییە هاوسەری من، کەواتە با دارغاری من بی. بەڵیٚ، پەلكو گەڵای تۆ لە هاوینو زستاندا هەر بە کەسکی دەمێنیٚو تاجی سەری جیهانگیرانو سەرکەوتووانی لێدروست دەکریٚ.

هەروەهاش بوو. درەختی غار، بوو بە ئارمو دروشمی ئەپۆلۆو لەو رۆژەوە بوو بە نیشانەی شانازیو سەرکەوتن. ئێستاش هەرکاتیٚ گوێت لەم قسە باوە بوو (تاجی غار بەسەر)، ئەگەر سەربوری ئەپۆلۆو دافنی-ت لە یاد بیٚ، ئەوا لە ماناکەی تێدەگەیت.

(10)

# سترانبێژی خۆشاواز

لە زەمانی کۆندا "لە دەڤەری یۆناندا" مۆسیقاژەن‌و سترانبێژێکی بلیمەت‌و خۆشاواز هەبوو، بە نێوی ئورفیوس. ئەم پیاوە هێندە بەهرەدار بووە هەرکە دەستی دابێتە گیتارەکەی ئیدی بە نەواو ئاوازی مۆسیقا درەختانی ئەفسون کردووەو بۆ هەر کوێیەك چوبێ ڕەدوی کەوتوون. گیانی وەبەر بەردو تاوێری بێ گیاندا کردووەو لە خۆشی دەنگی ئەو کەوتوونەتە سەماو جموجۆڵ.

دەیتوانی خەڵکی ئەفسون بکات‌و هەموو دەردو کول‌و کوڤانێکیان لە بیر بەرێتەوەو بە درێژایی گۆرانییەکانی بۆ خۆیان شادو بە کەیف‌و بێ خەم بن.

ئورفیوس، ژنێکی جوانی هەبوو بە نێوی یوردیکا. چەندە ئاشق‌و دڵبەندی مۆسیقاکەی خۆی بوو، ئەوەندەش ئەو ژنەی خۆشدەویست. ژنەکەی هێندە جوان‌و ناسك بوو، لە تۆ وایە ئاونگی بەیانیانە. ئەم ژنەش لە ماوەیەکی کەمدا هەڵوەدای مۆسیقاکەی ئورفیوس بوو، بێئەوەی چی وای لێبزانێ.

رۆژێك یوردیکا لەگەڵ پۆلە کیژێکی شۆخ‌و جواندا بۆ گوڵچنین دەچنە مێرگوڵان... لەو کاتەدا کە سەرگەرمی گوڵچنین دەبێت، لە پڕ مارێك لە بن کۆمەڵە گەڵایەکەوە دەردەکەوێ‌و بە روویدا هەڵدەشاخێ‌و بە دەنگی بەرز دەفیشکێنێ. یوردیکا تا هات خۆی دەرباز بکات. مارەکە وەزەنی خۆی کردو بە پێیەوە دا. کیژەکان هەڵیانگرت‌و بە دەم گریانەوە بۆ ماڵی ئورفیوس-یان هێنایەوە. ئورفیوس زۆری هەوڵدا لەمردن رزگاری بکات‌و گیانی وەبەر بکاتەوە. لێ مخابن پاش چەند سەعاتێك بەدەم سوێی ژان‌و ئازارەوە گیانی سپارد.

خەم‌و پەژارەی ئورفیوس کێوی لە بن دەهێنا، کەس بەرگەی نەدەگرت. گیتارە خۆشەویستەکەی هەڵگرت. گیتارەکە، ئەو شیرینی‌و جوانی‌و کاریگەرییەی جارانی لە دڵی ئورفیسدا نەمابوو. ئەویش سەدای نزم‌و خەمین بوو. تەنانەت تاوێرو درەختەکانیش کەیف‌و شادی جارانیان نەما. زۆر بە خەمباری کەوتنە جموجۆڵ.دەتگوت ئەوانیش بۆ ئورفیوس نیگەران‌و خەمبارن، بۆی دەگرین‌و هاوبەشی خەمی دەکەن.

ئورفیوس، لە ئەنجامدا ئۆقرەی لێبڕا. تەنیایی زۆری بۆ هێنا. بۆیە لێبڕا روو بکاتە مەملەکەتی ژێرین‌و لە یوردیگا بگەڕێ.. دیارە ئەم کارە لە زاتی چ بەشەرێکدا نەبوو.

هادیسی خاکی مردووان، لەلایەن شا بلوتو-و بروسەربایینی ژنییەوە حوکم دەکرا. یوردیکا، بۆ ئەو شوێنە تاریك‌و نوتەکە برا بوو. "شارون"ی بەرپرسی روح کێشان،بە مەلە بە روباری مەرگی تاریکدا بۆ ئەوێندەری "هادیس" برد بوو.

ئورفیوس، رووی لەو شوێنە سامناکە کرد تا بەدوی یوردیکادا بگەڕێ. گیتارەکەی لەگەڵ خۆیدا برد. بەدەم رێگاوە هیوای لە دڵ‌و دەروونی خۆیدا پەروەردە دەکرد. تا گەییە روباری

مـەرگی ڕەش‌و تاریـك. بـەڵام "شـارون" قاییـل نـەبوو بیپەڕێنێتـەوە. ئۆرفیـوس ئـاوازێکی لێـدا. ئـاوازی چـی! بـەردی دەتوانـەوە. تەنانـەت سـەوڵ لێدەرە دڵڕەقەکـەش دڵـی نـەرم بـوو. رونـدك لـە چاوانی هاتن.

ئەنجام قاییل بوو کە ئۆرفیوس لە روبارەکە بپەڕێنێتەوە، بەڵام سـەگێکی دڕی سـێ سـەر لەبـەر دەرگای "هادیس"دا وەستا بوو. شەش چاوی هەبوو، ئاگریان لێ دەباری. سێ دەمی هەبوون پڕ لە کەڵبەی تیژ. توکنێکی زۆر ناشیرین بوو.

کاتێك ئۆرفیوس گەییە بەر دەرگا، سەگەکە خۆی گیڤ کردەوە، کەڵبـەکانی دەرخستن. وەکو هەر سەگێکی هار خۆی ئامادەکرد کە پەلاماری ئەم میوانە ناوەختەی دەڤەری هـادیس بدات. لـێ هەر کە ئۆرفیوس دەستی دایە گیتارەکەی‌و سەدایەکی دڵڕفێنی لێ بەرز بووەوە، سەگەکە بەسـەر دەسـت‌و پێیدا کـەوت‌و دەسـتی بـە لسـتنەوەی ئـەو دەسـتانە کـرد کـە تۆزێـك لەمەبـەر دەیویسـت بیانگەزێ.

بـەمجۆرە ئۆرفیـوس، پـاش ئـەوەی بـە چـەندین شـکەفت‌و ڕاڕەوی تاریـك‌و نوتەکـدا تێپـەڕی. گەیشتە بارەگای پاشا، سەیری کرد شاو شابانۆ پێکەوە لەسەر عـەرش دانیشـتوون. بـەر لـەوەی پلوتو دەم هەڵێنێ‌و سەرسامی خۆی سەبارەت بە بوونی خەڵقەندەیەکی زندوو لـە مەملەکـەتی بن عاردیدا دەرببڕێ، ئورفیوس کەوتە سەرچۆکان، قامکانی ئالکاوی ژێیەکانی پیرە گیتـار بـوون، بە ئاوازی مۆسیقا کەوتـە گێڕانـەوەی چیرۆکی ئەشـقە نـە بەکامەکـەی‌و گۆرانییـەکی هێنـدە بەسـۆزو گودازی لێدا، دڵـی پلوتـوو بروسـەربایینی هەژانـدو هـەردووکیان دەسـتیان بـەگریان کـرد. کـە لـێ بووەوە، پلوتو داواکەی قبوڵ کرد، ڕێی پێدا کە یوردیکا لەگەڵ خۆیدا هـەڵگرێ‌و بۆ سـەر زەوی‌و دنیـای ڕوونـاکی بەرێتـەوە، بـەڵام تاقـە مـەرجێکی بۆ دانـا، ئـەویش ئـەوە بـوو تـا لـە دنیـای تاریك تێنەپەڕێت، ئاوڕ لە ژنەکەی نەداتەوە.

ئۆرفیـوس، نـەك هـەر قاییـل بـوو، بـەڵکو کـوڵێکیش مـەمونی تـۆ بـوو. بـەم جـۆرە پـاش دوعاخوازییـەکی گـەرمو گـوڕ، ئێمـە بـەخێرو ئێـوە بـە سـەلامەت، گەشـتی گەڕانـەوە بـەڕاڕەوە تاریکەکاندا دەستی پێکرد. یوردیکا کڕوکپ بە دویدا دەڕۆیشت.

هێندەیان نەما بوو بگەنـە دەرگـای دەرێ، ئۆرفیـوس زۆری زگ بـەیوردیکا سـوتا، دەترسا زۆر دواکـەوتبێ. بـێ بیرکردنـەوە سـەری وەرگێـڕا تـا بزانـێ یوردیکـا بـە دوایەوەیـە یـان نـا. لـێ سـەد حـەیف‌و مخـابن تـەنیا وەکـو تارماییـەکی تیـژ تێپـەڕ بـە بەرچـاویدا تێپـەڕی... لـەو کاتـەدا کـە دەسـتەکانی بۆ هـەڵبڕی‌و لێوەکـانی بـە دوا وشـەی مـاڵاوایی بـزووتن، ئیـدی کەوتـەوە خـوارێ بـۆ هادیس، بۆ ئەو شوێنە تاریکەی کە تازە مێردەکەی بە زەبری بە هـەرەی مۆسیقای خـۆی رزگـاری کردبوو.

ئۆرفیوس، ویستی بگەڕێتەوە بۆ هادیس، لێ بێهودە بوو. ئەوجا وەکو تەرکە دنیایـان حـەوت ساڵی ڕەبەق بەدیار روبارەوە مایـەوە، بێئـەوەی زەواد بنێتـە سـەر زار، یـان خـەوی بچێتـە چـاوان. پاش ئەوەی خـەم لـە بنـی هێنـاو تـەواو کەسیرەی کرد، ئەوسا بۆ باوەشـی مێرگینـان‌و ئاوەدانی گەڕایـەوە. لوتکـەی چیایـەکی بـەرز بـەرزی بـە تـاقی تـەنیا بـۆ خـۆی کـردە مـەنزڵ. تـەنیا هـاودەمی

مەل‌و درەخت‌و گیانلەبەرانی کێوی بوون. بەو تەرحە بە تەنێ ڕۆژی دەقەتاند.. بڕیاری دابوو پاش یوردیکا هاوسەریی کە کەسێکی دی نەکات.. لێ تەیرو مەلان، گیانلەبەری کێوی‌و گوڵ‌و گیا زۆریان خۆشدەویست، زۆر بەو مۆسیقاو ئاوازانەوە دەنازین کە ئەو بۆی لێدەدان. بەڕاستی دەیانویست خەم‌و پەژارەی لە دڵ بەرن، هەر بۆیەش ماوەیەك بەو ئاوایە هێدی‌و خەمبار ژیا.

ڕۆژان هاتن‌و تێپەڕین. ڕۆژێك ئورفیوس، تەنیاو بێ تاقەت بە نێو کێوان کەوت... تاقمە ئافرەتێکی شۆخ‌و شادمانی تووشبوون. بەدەم ڕێگاوە دەڕەقسین‌و سترانی خۆش خۆشیان دەچڕی. ئۆرفیوسی دڵبرین ئەم دیمەنە شادمانەی گەلەك لەبەر گران بوو، زامی کۆن‌و نوێی دەهێنایەوە سوێ، بۆیە لە ڕێگەکە لاکەوت، بەلام ئافرەتەکان بە گیتارەکەیەوە دیتیان، لە کۆڵی نەبونەوە، لێی وەپێشکەوتن‌و ئەمریان پێکرد هەندێ مۆسیقای خۆشیان بۆ لێبدات.

بەلام ئۆرفیوسی خەفەتخان، تروسکەی خۆشی لە دڵ نەما بوو، لەو ڕۆژەوە کە یوردیکا مردبوو، دڵی بە هیچ ئاوازو گۆرانییەکی شاد نەدەکرایەوە، بۆیە بە گوێی نەکردن لێ هەرکە داواکەی ڕەفز کردن: تووڕە بوون، کەوتنە بەرد باران کردنی، دەستیان لێهەڵنەگرت تا کوشتیان.

بەڕاستی گەلە ئافرەتێکی دڕو دەڵڕەق بوون، دەڵێن پاشان شابانۆکەیان، لەسەر ئەم کارە بە تەندی سزای دابوون.

جەنازەی ئۆرفیوس کەوتە ڕوباری گریانەوە، کاتێك سەر ئاو کەوتەوەو شەپۆلان وەپێشیاندا، دوا وتەی ئەمە بوو:

هۆ یۆردیکا؟ هۆ یوردیکا!

ئەم هاوارە پڕ سۆزەی لە نێو تاوێرو درەختەکاندا دەنگی دایەوە:

– هۆ یۆردیکا...

درەخت‌و تاوێرو مەل‌و گوڵان هەموو بە مەرگی ئۆرفیوس خەمبار بوون. پەری دارستانان‌و حۆری ڕوباران کە بە دەنگ و ئاوازی ئەو شاد دەبوون، هەموو لە سوێی مەرگی ئەودا ڕەنگ زەردو لێو بە بار بوون.

بەلام ئۆرفیوس، بە دڵ خۆشییەوە ڕوباری تاری مەرگی لە مەملەکەتی هادیسدا بڕی، ئەمجارەیان شارون ڕێی پێنەگرت، بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە لە ڕوبارەکە پەڕاندییەوە. سەگەکەش بە کلکە سوتێ لێچووە پێشێ‌و پێشوازی هاتنەوەی لێکرد. یۆردیکاش لەبەر دەرکەدا چاوەڕوانی دەکردو لە پێشوازیدا وەستا بوو، ئۆرفیوس هەرکە چاوی بە ژنە ئازیزەکەی کەوت، بەوپەڕی شادییەوە بەرەو ڕووی چوو تا دەستی یەکجارەکی‌و بێ جیا بوونەوەی لە ملی وەرینێ...

(11)

## شابانۆی ئاشقەڕاو

ئـەم سـەربورەی دەخـوازم بۆتـانی بگێڕمـەوە، بەسـەرهاتی خـانمی هـەرە جـوان، خـا دیانـای خواوەندی مانگو ڕاوە، هـەموو شـەوێك پـاش ئـەوەی کـە ئـەپۆلۆی بـرای سـواری کـەژاوە زێڕینو هەتاو کێشەکەی دەبوو، و لەم سەری ئاسمانەوە بۆ ئەوسـەری ئاسمـان دەڕۆیـی، بـەڵام کاتێك کـە بەیانی دەداو ئەپۆلۆ دەستی بە گەشتی ڕۆژانەی خۆی بە دەوری دنیادا دەکرد، دیانا کەژاوەکەی خۆی لە ئاسمان بەجێ دەهێشتو دەهاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

جلکی کورتی ڕاوی لەبەر دەکرد. تیروکەوانە پرشنگدارەکەی لە شان دەکرد، هـەموو ڕۆژەکـەی لە نێو دارستانی سەوزدا بەسەر دەبردو لەزەتی لە ڕاو دەبینی. کۆمەڵێك ناسکە کچ لەگـەڵ ئـەودا راویـان دەکرد یـان پـاڵ دەکـەوتن، ئەمانـە کۆمەڵـە کیـژێکی هـەرە جوانو بـاش بـوون کـە شـانازی راوکردنیان لەگەڵ دیانادا پێ بڕابوو.

کە لە راوو شکار ماندوو دەبوون، بە دوای شوێنێکی سێبەردا دەگەڕان، شوێنێك کە ئاووکانی ساردی لێبوایەو ئاوەکەی بەسەر بەردو تاوێراندا نشێو بوایەتەوە. ئیدی لەوێندەر دەسـتو لاقی گـەرمی خۆیـان فێنـك دەکردەوە، ئـاوی تـەزیيان دەخـوارەوە، لـە ژێـر درەختانـداو لەسـەر سـەوزە گیادا ڕادەکشان. چ کەسێك زاتی نەدەکرد پێ بنێتە ئەو دارستانو بێشە کپو ئارامانە، چونکە تایبەت بوو بە دیاناو پەرییەکانی دیانا.

ئەکتایون، لاوێك بوو یەکجار ئاشقە ڕاو، ڕاوە ئاسکی لە هەموو شتێك پـێ خۆشتر بوو. تاقمـە تاژییەکی چاکی هەبوو، هەرکە بۆنی جێ پێی نێچیریان بکردایـە، ئیـدی لـە بـنی عەرزیشدا بوایـە دەیان دۆزییەوە.

ڕۆژێك دەچێتە ڕاو، چەند سەعاتێکی پێ دەچێت، ماندوویەتیو تینوێتی زۆریان بۆ هێنـابوو، چاوی گێڕا تا شوێنێ پەیدا بکاتو بتوانێ پشوویەك بدات، لە پڕ گوێی لە دەنگی خـوڕەی ئـاوی ڕەوان دەبێتو بە ئومێدی ئاو خواردنـەوە، لقو پـۆپی درەختـەکانی لاداو خـۆی بـە مەیدانەکـەی ئەو دیو درەختەکاندا کرد. بەڵام چی بینی؟! کۆمەڵە ڕاوچییەکی ناسكو نازدار لەسـەر سـەوزەگیا پـاڵ کـەوتبوونو شابانۆکەیان لـە ناوەندیانـدا بـوو، لـەو دەمـەدا کـە ئـەکتایون لقوپۆپـەکانی لادا، دیانا خەریك بـوو بـەرەو ئاوەکـە دەچـوو،کە چاوی پێـی کـەوت وەسـتا. لـە سەرسامی و تورەییـدا سوورهەڵگەڕا ، بە تووڕەیی هاواری کرد: ئەی مرۆڤی فانی بێ شەرم! زاتی ئەوە دەکەیت کە بێیتـە شوێنی نهێنی من؟! هەرگیز ناگەڕێیتەوە، ناگەڕێیتەوە تا ئەوە بگێڕیتـەوەو بڵێـی دیانـام لـە کـاتی ئیستراحەتی نیوەڕۆیدا دیتوە.

لـەو کاتـەدا، چـەند دڵۆپـە ئـاوێکی بـە روویـدا پرژانـدو پـاش ئـەوە شـتێکی سـەیر روویـدا، ئەکتایونی بەلەنگاز بەدیتنی جوانی دیاناو تووڕەیی ئەو وەها گێژ بوو، لە جوڵـە کـەوتو لـە جێـی خۆی وشك بوو، ویستی قسان بکات، بەڵام نەیتوانی تاقە وشەیەك بڵـێ. خواوەنـدی تـوڕە، کـردی

بە یەکێك لەو ئاسکانەی کە خۆیو تاژییە وەفادارەکانی جارجار دوای کەوتبوونو راویان کردبوو.

بەسەرسامیو ترسەوە روانییە لەشی تازەی خۆی، کە هەم سەیر بوو و هەم ئاسایی. لەودەمەدا گوێی لە دەنگی تاژییەکانی خۆی بوو کە لە دوورەوە دەهاتن تا پەیوەندی پێوە بکەن. ئاه... ناچار بوو خۆی لێیان بشارێتەوە، چونکە نەیاندەزانی ئەمە خاوەنەکەی خۆیانەو چووەتە پێستی ئاسکەوە. رووی وەرگێڕا تا هەڵێ. بەڵام تازە درەنگ بوو، یەکێك لە تاژییەکان لە دوورەوە شاخی دیتبوو و هاواری کردبوو و تۆزێکی دی هەموو تاژییەکانی تریش دەگەیشتنە سەری.

ژارۆ ئەکتایون. بە ترسەوە هەڵی کردە راکردن، بەڵام هەرچەندە لاقە گورجەکانی وەکو با هەڵیانگرتو بردیانە پێشێ، شاخەکانی لە دارو دەوەنان گیربوونو گەڕاندیانەوە. ئەنجام پاش هەوڵێکی زۆر، شەکەت بوو، کەوتە سەر زەویو تەخت بوو، پاش تۆزێکی دی تاقمە تاژییەکە رژانە سەریو راوچییە لاوەکە بە دەستی تاژییەکانی خۆی هاتە پارچە پارچە بوون.

# 1- سەربوری پرسیوس

دەگێڕنەوە کە لە ڕۆژگاری زوودا دۆتمیرێك هەبووە بە نێوی (دەنایی)، ئەم ئافرەتە کوڕێکی بچکۆلەی بوو، نێوی نا پرسیوس، بابی ئەو منداڵە لە شوێنێکی زۆر دوورا دەژیا، دەنایی چ کەسێکی نەبوو تا سەرپەرشتی خۆیو منداڵەکەی بکاتو ئاگای لێیان بێت.

ڕۆژێك چەند پیاوێکی ستەمکارو دڵڕەق، پرسیوسو دایکیان خستنە بەلەمێکەوەو دایاننە دەم ئاوی دەریای گەورەو بەرینەوە، دایكو جگەرگۆشە چەند ڕۆژێك بەسەر ئاوەوە مانەوە، شەپۆل بەملاو بەولادا دەیبردن، جارجاریش شەپۆلی گەورە پەلاماری بەلەمەکەی دەدان، دەنایی منداڵەکەی توند لە ئامێز دەگرت، لایلایەی بۆ دەگوت تا نەگریو بێدەنگ بێ.

دەنایی چ ئومێدێکی بە ڕزگاریو ژیانی خۆیو منداڵەکەی نەبوو، بە هەرحاڵ ئەو بەلەمە بچووکە بەرگەی گرتو وەرنەگەڕا، ڕۆژێك شەپۆلێکی گەورە بەلەمەکەی وەپێش داو لە دورگەیەك داو لە کەنارێکی ڕكو لێژدا گیرسایەوە، چەند ژنو پیاوێکی میهرەبان لەو دوڕگەیەدا ئەو جووتە مرۆڤەیان بینی، خانوویەکی چکۆلەیان دانێ تا تێیدا بحەوێنەوەو بژین، چەند ساڵێك لەوێدا ژیانو پرسیوس ئیدی لە خەم ڕەخسیو بوو بەلاوێکی دلێرو بوێرو بێباك.

فەرمانڕەوای ئەو دوڕگەیە کابرایەکی بوغز لە زگو دڵڕەقو ستەمکار بوو، لەبەر چەند هۆیەك دڵی لە دەناییو پرسیوس کرمێ بوو، دەیویست لەو دووە ڕزگار بێو کەوتە نەخشەکێشان تا بە هەر شێوەیەك بووە، پرسیوس لە نێو بەرێ، چونکە فەرمانڕەوای بەدخوو دەیزانی کە ئەگەر پرسیوس لەو دەڤەرە دوور بخرێتەوە، ئیدی چارەی دایکی ئاسانەو چۆنی بوێ وای لێدەکات.

ئەوجا بیری لە کارێکی دژوارو سەختی ئەوتۆ کردەوە کە هەم پرسیوس پەسندی بکاتو هەم ئەوەندە خەتەر بێ کە پرسیوس لێی نەخەلەسێو تیا بچێ وجارێکی دی بەر بە دواوە نەکات.

دوڕگەیەك هەبوو کەوتبووە ناوەندی ئۆقیانووسەوە، شەوو ڕۆژ شەپۆلانی ترسناك سەریان بە کەنارەکانیدا دەکێشا. سێ خوشك بە ناوی (گورگون) لەو دوڕگەیەدا دەژیانو هەموو خەڵکی لێیان دەترسان. هەر یەکێك لەم خوشکانە نیوەیان ئافرەتو نیوەکەی تریان ئەژدیها بوو. دەموچاویان جوان بوو، بەڵام بەدەنیان هێندە قێزەوەر بوو هەر لە دێوو درنج دەچوون. لەشیان لە بری پێست، بە پوولەکە داپۆشرا بوو، دەستیان لە برونز بوو، لە هەموو ئەمانە ترسناکتر ئەوە بوو کە لە بری قژوگێسو، سەدان ماری ژەهراوی بەسەر سەریانەوە پەپکەیان خوارد بوو، هەموو دەمیان کردبووەوە، زمانیان هێنا بووە دەرێو دەیان فیشکاند.

جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین بەگژا چوونو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جانەوەرانە کارێکی نابەجێ بوو. چونکە دەیان توانی بە تاقە جەزرەبەیەکی کلکیان یان شەقەزللەیەکی دەستە برونزییەکانیان پرسیوسی بەلەنگازو داماو وەکو پەلۆشە وردو خاش بکەن، بەڵام لەوەو لە نێشی

کوشندەی مارەکان خراتر ئەو هێزە شاراوەیەی چاویان بوو. چونکە هەر کەسێك بیڕوانیایەتە دەموچاوی (گۆرگۆن)ەکان دەستبەجیٚ دەبوو بەبەرد.

یەکێك لەو سیٚ خوشکە ناوی میدوسا بوو، ئەمەیان لە هەموویان بە ترەفتر بوو، ئەو کارەش کە فەرمانڕەوای دوڕگەکە بە پرسیوسی سپاردبوو، ئەوە بوو کە سەری میدوسا بە هەموو مارەکانییەوە ببڕیٚو...

پرسیوس ئەگەر تەماشای گۆرگۆنەکەی بکردایە دەستبەجیٚ دەبوو بە بەرد، خۆ نەشیدەتوانی لە نەدیدە سەری ببڕیٚ. بۆیە فەرمانڕەوا پێیوابوو کە لێی دەرناچێت‌و هەرگیز جارێکی دی بۆ دوڕگەکە ناگەڕێتەوە.

فەرمانڕەوا، بە شوێنیٚ پرسیوسیدا نارد، پرسیوس هات‌و ئیکلامێکی کردو لە خزمەتیدا وەستا، یەکسەر کەوتە ستایشی‌و گوتی زۆرم دەرباری دلێری‌و بوێری تۆ بیستووە.

پرسیوس. باوەڕی بە زمان لووسی ئەو کردو وەڵامی دایەوە:

بەڵیٚ پاشا، بەڕاستی چ کارێك نییە بە هۆی ترسەوە خۆمی لیٚ لابدەم.

فەرمانڕەوا بەم وەڵامە خۆشحالٚ بوو، گوتی: لاو، ئەگەر ئاوها لە خۆت ڕادەبینی، ئەوا کارێکت پیٚ دەسپێرم کە بۆ ئازاترین پیاوی قەڵەمڕەوی خۆمم دانا بوو.

پرسیوس زۆر شادمان بوو، گوتی: جا من بە شایستەی ئەم سەربەرزییە دەزانیت!.

فەرمانڕەوا گوتی: ئەگەر بەخۆت حەزدەکەیت‌و مەیلت لێیە دەتوانی خۆت بجەڕبێنی، داواکەی من ئەوەیە کە سەری میدوسام بە قژییەوە کە هەر داوێکی مارێکی رەشە، بۆ بێنی.

پرسیوس بە خۆشحاڵییەوە قاییل بوو، لە کۆشکی فەرمانڕەوا وەدەرکەوت، ئاە لەو فەرمانڕەوا بەدخوایە! چەند خۆشحال بوو بەوەی کە نەخشەکەی خەریك بوو دەهاتە دی. وای دەنواند کە ئەو لاوە خەڵات‌و سەربەرز دەکات، لیٚ لە راستیدا بەرەو مەرگی دەنارد.

پرسیوسی بەلەنگاز پاش ئەوەی لە کۆشکەکە وەدەرکەوت، کەوتە بیرکردنەوە لەو بەڵێنەی کە دابووی، بە هەرحالٚ کارەکە وەکو لە کاتی گفتوگۆکەیدا لەگەلٚ فەرمانڕەوادا هاتە بەرچاو، خۆش‌و ئاسان نەبوو، تا زیاتر بیری لێدەکردەوە، کەمتر ئەقڵی دەیگرت.

بەدەم هەڵچوونەوە بەڵێنی ئەنجامدانی کارێکی دابوو کە لە تاقەتی بەشەردا نەبوو، دەبوایە گیانی خۆی لەسەری دابنیٚ.

کە لە دەروازەی شار وەدەرکەوت پاش ماوەیەك لە رێگەکە لایدا، لە ژێر درەختێکدا دانیشت‌و بە قوڵی کەوتە بیرکردنەوە. تاپتر بیری دەکردەوە کارەکەی لا قورستر دەبوو.

راستە پرسیوس، کوڕێکی چەلەنگ‌و ئازا بوو، بەڵام ئازاترین ئازای دنیا حەز دەکات بژی نەك لە هیچە ببیٚ بە بەرد. بیرکردنەوە لەو چارەنووسەی کە لە گین بوو بەسەری بێت، هێندەی غەمگین کرد چ دەسەڵاتێکی بەسەرخۆیدا نەماو فرمێسك وەك دانە مرواری لە چاوانی وەرین.

لە پڕ گوێی لە دەنگێك بوو: پرسیوس ئەوە بۆ دەگرێت؟!

سەرسام‌و حەپەساو سەری هەڵبڕی، پیاوێکی کورتە باڵای دیمەن ناشیرینی بینی، کڵاوێکی سەیری لەسەر بوو، جووتیٚ پێڵاوی باڵداری لە پێدا بوو، دارعاسایەکی بە دەستەوە بوو کە چەند

مارێك لەسەری پەپكەیان خوارد بوو، لە كاتی قسەكردندا، خۆی بەسەریدا دابوو، ئەم پیاوە (میركوری) قۆچاغ بوو، بەڵام پرسیوس ئەوی نەدەناسی.

بەو حاڵەشەوە، كاتێ ئەو بێگانە دیمەن غەریبە ئەو پرسیارەی لێكرد، جۆرە سۆزو دڵنەواییەكی ئەوتۆ تێكەڵ بە دەنگی بوو كە پرسیوس بەر لەوەی بە تەواوەتی یەكدی بناسن، هەموو سەربوری خۆی بۆ گێڕایەوە. كاتێ لەسەربورەكەی بووەوە، میركوری كەمێك بێدەنگ بوو، و بە قووڵی لە فكران ڕاچوو، ئەوجا گوتی: كوڕەكەم تۆ كارێكی زۆر خەتەرت لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە كۆمەكی من سەردەكەوی، بەڵام دەبێ بەڵێنم بدەیێ كە من هەرچیت پێ دەڵێم ئاوها بكەی.

پرسیوس، بەڵێنی دایێ، لە حیكایەتو سەربوری داهاتوومانـدا سەركەوتن یان بەسەر سەراكەوتنی پرسیوس دەخوێنییەوە.

## 2- پرسیوس و سەری میدوسا

هەموو خواوەندانی نێر ومێ، هەر لەو ڕۆژەوە كە پرسیوس هاتە دنیاوە، ئاگادارییان دەكردو دەیانپاراست. كاتێك كە میركوری چوو بووە لایانو تكای لێكرد بوون كە یارمەتی پرسیوس بدەن، هەموو بە خۆشحاڵییەوە قایل بوو بوون.

پلوتو، خودەیەكی سەیری هەبوو، بە ئەمانەت دایێ، هەر كەسێك ئەو خودەیەی لەسەر بكردایە، ئیدی غەیب دەبوو، لە چاو ون دەبوو، و نەدەبینرا. منیرڤاش، قەڵغانەكەی خۆی دایێ، ئەم قەڵغانە وەكو زێڕ دەدرەوشایەوە. هێندە سافو پرشنگدار بوو كە وەكو ئاوێنە وێنەی هەموو شتێكی تێدا دەبینرا. میركوری-ش شمشێرێكی بڕندەو نیوكەوانەیی هەبوو، دایێ. هەروەها پێڵاوە باڵدارەكانی خۆیشی دایێ، كە پرسیوس دەیتوانی بە هۆیەوە لە هەر باڵندەیەك لەزتر بفڕێ.

ئیدی پرسیوس ئەوەندەی لەسەر بوو كە ئەو دوڕگەیە بدۆزێتەوە كە ماڵی میدوسای لێبوو. لە سەرانسەری دنیادا تەنیا سێ خوشك هەبوون كە پێكەوە لە ئەشكەوتێكدا دەژیان، و بە شوێنەكەی میدوسایان دەزانی. ئەمانە خەڵقەندە گەلێكی عەجایەب بوون. سەیرترین شتی ئەم خوشكانە ئەوە بوو كە بە هەرسێكیان یەك چاوی شەریكییان هەبوو. لە بری ئەوەی هەر یەكێكیان دووچاری ئاسایی هەبێ، تەنیا یەك چاویان هەبوو و بە نۆرە بە كاریان دەهێنا. هەر كاتێك چاوەكە بكەوتایەتە لای یەكێكیان، دووانەكەی دی بەبێ چاو دەمانەوەو نەیان دەتوانی هیچ ببینن. خۆ لەو كاتانەدا كە چاوەكەیان دەدا بە یەكدی، هەرسێكیان بە نابینایی دەمانەوە.

بابزانین ئەو تاقە چاوە چتۆ چاوێك بوو كە بە تەنیا شەش چاوی دەهێنا، خوشكەكان بەوە چاوە عەجایەبە دەیانتوانی ڕووداوی دوورترین شوێنی سەرزەمین ببینن. هەر بۆیەش بە شوێنو ماڵی میدوسایان دەزانی.

پرسیوس، بە کۆمەك و ڕێنوێنی میرکوری خۆی گەیاندە ئەشکەوتی سێ خوشکەکە، میرکوری بەر لەوەی لەپرسیوس جیا ببێتەوە، چەند ئامۆژگارییەکی کردو ئەوجا لە بێشەیەکی ئەو نزیکانەدا خۆی مەڵاس دا، پرسیوس لە دەرێی ئەشکەوتەکەدا لە پشت دەوەنێکەوە وەستاو چاوەڕوان بوو.

زۆری نەبرد کە یەکێك لەو ئافرەتانە بەخۆیو چاوە سەیرەکەیەوە لە ئەشکەوتەکەوە وەدەرکەوت. دەستی هەردوو خوشکەکەی گرتبوو، هەرچییەکی دەبینیو هەر کارێك کە لە وڵاتانی دووردا رووی دەدا، بۆی دەگێڕانەوە.

تا ماوەیەك، هەر سێ خوشك کۆكو تەبا بوون، بەڵام کە ماوەیەك بوری یەکێك لە خوشکەکان بێ تاقەت بوو. گوتی: خوشکێ ئێستا نۆرەی منە کە چاوەکە بەکار بهێنم، کوا بمدەیێ، خوشکی سێیەم هەڵیدایێ: نەخێر وانییە. نۆرەی منە، خوشکی ناوەنجی کە چاوەکەی پێ بوو، گوتی: خوشکان تکا دەکەم با ماوەیەکی تریش چاوەکە بە من بێ. پێدەچێت یەکێك لە پشت ئەو دەوەنەجاڕەوە بێ.

پرسیوس، کە پێڵاوە باڵدارەکانی لە پێدا بوو،و لەوێندەر خۆی پەنا دابوو، کە گوێی لەو قسەیە بوو، ڕاچڵەکی، بەڵام نەدەبوو بترسێت، چونکە خوشکەکان لەسەرچاوەکە لێیان بوو بە ناخۆشیو کەوتنە گیانی یەکدی، لە ئەنجامدا ئەو خوشکەی کە چاوەکەی پێ بوو، ناچار چاوەکەی لە تەوێڵی خۆی هەڵکەنی. لەو ساتە وەختەدا هەر سێ خوشکەکە نابینا بوون، پرسیوس دەرفەتی هێنا، خێرا لە دەوەنەجاڕەکە دەرپەڕیو چاوەکەی لێرفاندن، ئەوسا هەراو زەنایەکی سامناك بەرپا بوو. هەر یەکێك لە خوشکەکان ئەوی تری تاوانبار دەکرد کە گوایە چاوەکەی بۆ خۆی بردووە. نازانم ئەگەر پرسیوس قسەی نەکردبایە ئەو مشتو مڕە دەگەییە کوێو چۆن تەواو دەبوو.

پرسیوس گوتی: خانمانی میهرەبان مەترسن چاوەکەتان لە دەستێکی ئەمین دایە. ئەوەتا وا لە نێو دەستی مندایە.

خوشکەکان بەدەم هاواری توڕەییەوە پەلاماری سەرچاوەی دەنگەکەیان دا، بەڵام پرسیوس لەوە چاپوك تر بوو کە بکەوێتە دەستی ئەوان، بە زەبری پێڵاوە باڵدارەکانی هەڵفڕیو لە مەودایەکی دوورە دەستەوە هاواری کرد: دۆستان، تا شوێنوماڵی میدوسام پێ نیشان نەدەن چاوەکەتان نادەمەوە.. ئەوە نهێنییەك بوو کە هەر سێ خوشك بڕیاریان دابوو تا لە توانایاندا بێت بۆ کەسی نەدرکێنن. بەڵام لە دەستدانی چاوە گرانبەهاکەیان، لە تەحەمولدا نەبوو، دوای چەند چرکەیەك جێو ڕێی میدوسایان بە پرسیوس گوت. پرسیوس چاوەکەی نایەوە سەر تەوێڵی یەکێك لەو خوشکانەی کە زۆر لێوەی نزیك بوو، و ئارامیو ئاسوودەیی بەدڵیان بەخشییەوە.

ئەوجا خۆی گەیاندە ئەو بێشەیەی کە میرکوری خۆی تێدا حەشار دا بوو،و چاوەڕوانی بوو. سوپاسی هەموو هاوکاریو کۆمەکەکانی کرد. خواحافیزی لێکردو بەدوی کارەکەی خۆیدا وەڕێ کەوت.

له شەقەی باڵی دا، چەندین دەشتو دەریای بڕی. ئەنجام گەیشتە دوڕگەکەی لەمەر گورگون-ەکان. لەترسی ئەوەی کە نەبادا ببیٚ بە بەرد، زاتی ئەوەی نەدەکرد بۆ ساتەوەختێك بڕوانێتە خوارێ، بەڵام قەڵغانە پرشنگدارەکەی مینرڤا، کە بۆ ئەو دەوری ئاوێنەی دەبینی، سێبەرو وێنەی ئەو سێ نەفرەجایەی پیشان دا کە لە کەناری دەریادا پاڵ کەوتبوونو لە غوڕابی خەودا بوون. پرسیوس، پیرە شمشێری بڕندەی هەڵکێشاو بەدەم سەیرکردنی قەڵغانەکەوە کە وێنەی میدوسای پیشان دەدا، داگەڕا، شمشێرەکەی خێواندیٚو لە شیرینی خەودا سەری پەڕاند. لە پشتەوە ئەو کەللە دزێوەی هەڵگرتو دیسان هەڵفڕییەوە، دەنگی فیشکەفیشکی مارەکانی سەری میدوسا ، دوو خوشکەکەی تری بێدار کردەوە، خێرا راپەڕینو دوای پرسیوس کەوتن، بەڵام چونکە خودەکەی پلوتۆی لەسەر بوو، هەر چییان کرد نەیانتوانی بیدینن. ئیدی سەرە پڕ مارەکەی میدوسا بە دەست پرسیوسەوە گیانی دەرچوو.

دیسان هەڵفڕی ، بەسەر دەشتو دەریایاندا بەرەو ماڵ وەرێکەوت. لە رێگەدا چەندین رووداوی بەسەر هات. کە گەییەوە ئەو دوڕگەیەی دایکی لێبوو، یەکسەری خۆی گەیاندەوە کوختە بچوکەکەیان. قەڵغانو خودەو شمشێرو پێڵاوە باڵدارەکانی لە سوچێکەوە دانان، پاش ئەوەی سەری میدوسای لە پریاسکەیەك نا، چوو بۆ لای دایکی تا سڵاوی لێبکات. چاكو خۆشی لەگەڵدا بکات. دایکی بە دیتنی کوڕەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە دڵنیا بوو بوو کە کوڕەکەی مردووە، هەرچی دەکرد نەیدەتوانی باوەڕ بە چاوانی خۆی بکات: سەفەرەکەی زۆری خایاند. دوڕگەکە لە شوێنێکی دوور بوو، چ کەسێك نەیدەتوانی بە سەلامەتی بیگاتیٚ. کەس بەو شوێنەی نەدەزانی تەنیا ئەو سێ خوشکە نەبیٚ کە بە هەر سێکیان چاوێکی شەریکیان هەبوو و هەموو شوێنێکی دوو و نزیکیان پێی دەبینی.

پرسیوس، هەرچییەکی بەسەر هاتبوو، هەمووی بۆ دایکی گێڕایەوە، ئەمە جگە لە دیداری (ئاندرومیدا)ی ناسکە کیژ کە چیرۆکی ئەوتان لەمە بەدواوە بۆ دەگێڕمەوە. ئەوجا دایکی رەفتاری زاڵمانەی فەرمانڕەوای دەرهەق بە خۆی بۆ گێڕایەوە.

پرسیوس بەڵێنی دا کە تۆڵەی بستێنیٚ.

بۆ سبەی بەیانی چوو بۆ کۆشکی فەرمانڕەوا، وەختیٚ پرسیوسی بینی پتر سەرسام بوو تاخۆشحاڵ ببیٚ؟ چونکە ئەویش وایدەزانی کە مردووە. بۆیە هاواری کرد: کەواتە بەڵێنەکەت نەبردە سەرو بە دەستی بەتاڵ گەڕایتەوە! جوامێریو دلاوەری تۆ ئەوە نەبوو کە چاوەڕوانمان دەکرد.

پرسیوس، وەڵامی دایەوە: نەخێر جەنابی فەرمانڕەوا، وانییە، میدوسام کوشتو سەریم بۆ هێناویت.

دیارە ئاساییە کە فەرمانڕەوا باوەڕ بە قسەکەی پرسیوس نەکات، بۆیە ریشخەنەوە گوتی: بۆ ئەوەی قسەکەت بسەلمێنیٚ دەبیٚ کەللە سەرەکەیمان پیشان بدەیت.

کە فەرمانڕەوا پیێ دادەگریێو دەیەوێت کەللە سەرەکە بدینێ، پرسیوس کەللە سەرەکە لە پریاسکەکەی تەنیشتییەوە دەردێنیێو بە هەموو جوانییەکی سامناکییەوە، تا دەستی دەگرێ هەڵی دەبڕێ.

فەرمانڕەوا کە هێشتا ریشخەنەکەی بە دەمو چاوییەوە نە رەوی بووەوە، بۆ ساتێك روانییە کەللە سەرەکەو ئەوجا لە جێی خۆی لە جوڵە کەوت. بە هەموو شانو شەوکەتێکی فەرمانڕەوایانەوە بوو بە بەرد.

کە خەڵکی بەم رووداوەیان زانی، هەموو کردیان بە ئاهەنگی خۆشی، چونکە لەو فەرمانڕەوا ستەمکارە دەترسانو لێی بێزار بوون. پرسیوس، فەرمانڕەوایەکی باشتری بۆ هەڵبژاردن کە لە سایەیدا بە ئارامیو خۆشی ژیان.

پرسیوس، دەیزانی کە لە سەرکەوتنەکەیدا قەرزارباری میرکوریو خواوندەکانی دییە کە کۆمەکیان کردو ئەو چاکەیەی ئەوانی لە بیر نەکرد. بۆیە کەللەسەری میدوسای پێشکەش بە مینرڤا کرد. مینرڤا زۆری کەیف بەو دیارییە هاتو چەسپاندی بە ناوەندی قەڵغانە پرشنگدارەکەی خۆیەوە، لەو زەمانە بە دواوە هەر کاتێك کە مینرڤا لە شەڕدا دەبینرێ، قەڵغانەکەی لە مەیدانی شەڕدا دەدرەوشێتەوەو سەری میدوسای لە ناوەندایەو هەر کەسێك بڕوانێتە جوانییە سامناکەکەی دەبێت بە بەرد.

## 3- ژن هێنانی پرسیوس

ئەمە حیکایەتی رزگارکردنی "ئاندرومیدا"یە بە دەستی پرسیوس، کە وەعدم دابونێ لە داهاتوودا بۆتانی بگێڕمەوە. رووداوەکانی ئەم حیکایەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمانەی کە میدوسای کوشت بوو،و بە پەلە دەگەڕایەوە بۆ ئەو دورگەیەی کەماڵی خۆیانی لێبوو.

لە دورگەیەکی نزیکی یۆناندا ژنێك هەبوو بە نێوی کاسیوپیا. ماوەیەکی دوورو درێژ پاش رووداني ئەم حیکایەتە، دەبێ بە ئەستێرەو شوێنێکی تایبەتو دیاری لە نێو ئەستێراندا دەبێ. لە هەر شەوێکی پڕ ئەستێرەدا، هەر کەسێك بگری دەتوانێت کاسیوپیات پیێ نیشان بدات کە چۆن لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە.

بەڵام لە سەردەمی ئەم حیکایەتدا هێشتا لەسەر زەوی دەژیاو وەکو پێم گوتن زۆر جوان بوو. زۆریش بە جوانییەکەیەوە دەنازی. تا رۆژێك پەتی پچڕیو کەوتە لاف لێدانو خۆ هەڵکێشان کە گوایە لە هەموو پەریانی دەریا جوانترە. گومان لەوەدا نییە کە پەرییانی دەریا یەکجار جوان بوونو هاوتایان نەبوو، بۆیە کاتێك کە کاسیوپیا خۆی بەوان بەراورد کرد بوو، تورە بوو بوون.

وادیارە لەو زەمانو سەروبەندانەدا خەڵکی زۆر بێ بەزەییانە ڕقی خۆیان دەربڕیوە. پەرییانی دەریا، حەزیایەکیان بۆ ئەو دورگەیە نارد کە ماڵی کاسیوپیای لێبوو. حەزیاکە هێندە موزیر بوو، کە ژیانی لە هەموو خەڵکی تاڵ کردو دووچاری نائومێدی بوون. سەرەنجام، خەڵکەکە، پەنایان وەبەر پەرستگە برد تا ڕاوێژو تەگبیر بە غەیبزانان بکەن. ئەمە سرووتێکی باوی ناو خەڵکی سەردەمانی کۆن بوو، لە زۆربەی شاراندا پەرستگەی جوان بە نێوی خواوەندانی میێو نێرەوە

دروست کرابوو، لەو پەرستگایانەدا، غەیبزانانێك دەژیان کە زمانی ئەو خواوەندانەیان دەزانی. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بە باوەڕی خەڵکی کۆن، ئەو خواوەندانە لە ڕێگەی ئەو غەیبزانانەوە قسەیان لەگەڵ مرۆڤاندا دەکرد. ئەگەر کەسێك لە تەنگانەو لێقەوماندا نەی زانیبایە چ بکات یان کەسێك بیویستایە بزانێت لە داهاتوودا چی بەسەر دێت ، دەچووە نك یەکێك لەو غەیبزانانەو قوربانی لەبەر پێی خواوەندانداندا سەر دەبڕێ. لە جیاتی ئەوە، کابرای غەیبزان ئاگاداری دەکرد یان نەسیحەتو ئامۆژگاری دەکرد.

وەختێ پیاوانی ئەوێندەر چوونە پەرستگەکەیانو پرسیاریان کرد کە بۆچی ئەم مەینەتە رووی تێکردوون، وەڵام درانەوە کە:

– بە هۆی غروور ولە خۆبایی بوونی کاسیوپیا، ئەگەر ئاندرومیدای کیژی بکات بە قوربانی بۆ ئەو حەزیایە، ئیدی پەرییانی دەریا دڵیان خۆش دەبێتو ئەو حەزیا دەریاییە چیتر ئازارتان پێ ناگەیەنێ.

خەڵکی بەم وەڵامە زۆر خەمبارو نیگەران بوون. ئاندرومیدا کیژێکی گەلەك چاكو میهرەبان بوو. هەموو خۆشیان دەویست. زۆربەی خەڵکی پێیان وابوو، هەرچەندە دەبوایە بە هۆی غرووری دایکییەوە گیانی خۆی لە دەست بدات، بەڵام لەو جوانترە.

خودی کاسیوپیاش نەیدەتوانی باوەڕ بە وەڵامی غەیبزانەکە بکات. بەلەز خۆی گەیاندە پەرستگەکەو کەوتە سەرچۆکانو گوتی: ئەگەر لەو وەڵامە کە گوایە تا ئاندرومیدا نەکرێ بە قوربانی ، خەڵکی لەو مەینەتە رزگار نابن، پاشگەز ببییەوە، ئەوا ئامادەم هەر جۆرە قوربانییەك بدەم.

بەڵام غەیبزانەکە جارێکی دی، بێ بەزەییانە وەڵامی دایەوە کە ئەگەر دەتەوێ شارەکەتو هەموو خەڵکەکە لە فەوتان رزگار بن، دەبێ چاو لە کیژەکەی خۆت بپۆشیت.

کاسیوپیا بە خەمباری بۆ ماڵ گەڕایەوە. دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی داخست. چاوی بەرایی نەدەدا سەیری کیژەکەی خۆی بکات. ئاه، کە لە غروور و خۆ پەسندییەکەی ژیوان بوو! ئەو غرورەی کە ئەو هەموو کارەساتەی لێ کەوتبووەوە. وای لێهات لە دەمو چاوە جوانەکەی خۆی کە جاران ئەو هەموو لەزەتەی پێ دەبەخشی. بێزار بوو بوو.

خەڵکی کە بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە، ئاندرومیدا یان بۆ کەناری دەریا برد. لەسەر تاوێرێکی نێو دەریاکەیان داناو بە زنجیرێك بەستیانەوە. هەموو ماتو خەمین لەوێندەر وەستان تاچارەنووسی جوانترینو میهرەبانترین کیژی خۆیان بدینن.

ئاندرومیدا، بۆ ئەوەی دایکی خەفەت نەخوات، وا خۆی دەنواند کە زۆر دلێرەو خۆی لە دڵدانییە. بەڵام لە راستیدا زۆر دەترسا و هەرکە بیری لە چنگی ئەژدیهاکە دەکردەوە، زارەتەرەك دەبوو.

هەموو خەمینو لێو بەبار دەیانڕوانی. لەنکاو شتێکی رەش لە دوورەوە بەسەر ئاوەکەوە بەدیارکەوت. دەیانزانی کە ئەوە جانەوەرە ترسناکەکەیە. کلکی خۆی وەکو شەلاق بە ئاوەکەدا دەکێشاو بە شێوەیەکی زۆر ترسناك دەی نەڕاندو دەهاتە پێشو پێشترێ. تۆزێکی مابوو بگاتە

تاوێرەکە... کیژەی بەلەنگازو داماو قیژەیەکی سامناکی کرد. خەڵکەکە لە حەژمەتاندا هەموو دەستیان بە چاویانەوە گرت. نەیاندەتوانی ئەو دیمەنە بدینن.

لەنکاو شتێك وەکو پەڵە هەورێکی رەش لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی داگەڕا، شمشێرێك لە ناو رۆشناییەکەوە بریقایەوەو ئەوجا رێك چوو بە پشتی جانەوەرەکەدا، تومەز پرسیوس، کە بە دەم فڕینەوە گەییووەتە ئاست ئەو شوێنەو چاوی بە دیمەنی کیژەکەو خۆسازدانی حەزیاکە بۆ پەلاماردان، کەوتووە. ئیدی وەکو بروسکە دابەزیوە تا فریا بکەوێ. یەکسەر ئامبازی حەزیاکە بووەتەوەو لێیان بووە بە شەڕێکی سەخت‌و دژوار، خەڵکی بە چاوی پڕ هیواو ئاواتەوە دەڕواننە ئەو شەڕە توندە. وەختێ پرسیوس لە ئەنجامدا سەرکەوت‌و گیانی لەبەر جانەوەرە ناشیرینەکە بڕی‌و کەلاکەکەی کەوتە سەر ئاوەکە، خەڵکی کەنارەکە هەموو کەوتنە هوراکێشان. هوراکێشانێکی وەها کە لە کێوو بەندەنەکانی ئەو دەوروبەرەدا دەنگی دایەوە.

ئەوجا زنجیرەکەی لە دەست و پێی ئاندرومیدا کردەوە.بردییەوە بۆ لای باب و دایکی.. خەڵکەکە ئەوەندە خۆشحاڵ بوون، هەموو فرمێسکی شادی لە چاویان هات. لە هەموو لایەکەوە بوو بە ئاهەنگ‌و ئاوازی شادی‌و زۆر ستایشی پرسیوس کرا. پرسیوسی پاڵەوان بوو بە میوانی کاسیوپیا. پاش چەند رۆژێك کە بینی ئاندرومیدا چەندە جوانە، ئەوەندەش میهرەبان‌و روح سووکە، دڵی پێداچوو،و خوازبێنی کرد. ئاندرومیداش هەر لەو ساتەوە کە شمشێرەکەی پرسیوسی بەسەر سەری حەزیاکەوە بینی، حەزی لێکرد بوو، بۆیە بەشادییەوە قاییل بوو کە ببێ بە هاوسەری.

باب‌و دایکی کەوتنە ئامادەکردنی جیازی‌و تەدارەکی زەماوەند‌و شایی. هەموو خەڵکی ئاواییان بۆ زەماوەند دەعوەت کرد. دەبێ ئەوەش بڵێین پیرەمێردێك هەبوو، کە دایك‌و بابی ئاندرومیدا زۆری لێدەترسان. ماوەیەك لەوە پێش خوازبێنی کیژەکەی لێکردبوون‌و ئەوانیش زۆر دەترسان دەست بە روویەوە بنەن‌و داخوازییەکەی ڕەت بکەنەوە.

کیژەکە حەزی لە چارەی ئەو پیرەمێردە نەدەکرد. ئەمەش هۆیەکی تر بوو کە دڵبەندی پرسیوس بوو. چونکە نەك هەر لە چنگی حەزیاکەی رزگار کرد بوو، بەڵکو لە دەستی ئەو پیرەمێردەش رزگاری کردبوو.

ئەنجام رۆژی زەماوەندەکەیان هات. رۆژێکی هەتاوی زۆر خۆش بوو. پرسیوس‌و ئاندرومیدا بە شادمانییەوە زەماوەندی خۆیان کرد، خەڵکی لە دەوری مێزی رازاوە بە خواردەمەنی هەمە جۆر ، گردبوونەوەو جەژن‌و شایی دەستی پێکرد.

کە شایی بەرەو کۆتایی دەچوو، لەنکاو دەرگاکان کرانەوە. خەڵکەکە هەموو لە جێی خۆ راپەڕین، دیتیان پیاوێکی کورتە باڵای مۆن‌و گرژی شمشێر بەدەست لەبەر دەرگا وەستاوەو دەستەیەك سەربازی چەکداری لە دواوەن.

بێدەنگی‌و کپی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. ئەنجام پیرەمێردەکە هاتە قسان کە: – پرسیوس هاتووم کە ئاندرومیدای تازە بووکم لەگەڵ خۆدا بەرم. چونکە وەعدیان بەمن داوەو هی منە، بە ئاشتی بمدەوە دەنا بەخۆم‌و سەربازەکانم هەر هەمووتان دەکوژین.

ئاندرومیدا، زۆر زۆر ترسا، لە ترساندا دەستی کردە ملی پرسیوس. پرسیوس، دەستی بە تورەکەکەیدا، کە لە دەستە راستیا هەڵواسرابوو، کردو گوتی: خواجە، ئەوەی کە تۆ بە نۆبووکی خۆتی ناودەبەیت، هاوسەری منەو هیچ یەکێك لە هێزەکانی تۆ ناتوانێت لە منی بستێنێ.

پیرەمێردەکە گوتی:- ئاوها!...

هەرکە ئەوەی گوت پەلاماری پرسیوسی دا. بەڵام لە پڕو لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا. رێك بەو حاڵەوە کە شمشێرەکەی بەرز کردبووەوە تا بیوەشێنێ، لە جێی خۆی وشك بوو. چونکە پرسیوس کەللەی گورگونەکەی هەڵپڕیو پیرەمێردەکەش دەمو دەستو هەر بە پێوە بوو بە بەرد.

ئەو چەکدارانەی کە لەگەڵ پیرەمێردەکەدا هاتبوون، کاتێ بەسەرهاتی فەرماندەکەی خۆیان بینی ، روویان وەرگێڕاو پاشەوپاش لە ژوورەکە وەدەرکەوتنو هەڵاتن. بەمجۆرە شادیو خۆشی گەڕایەوەو ئاهەنگەکە وەك ئەوەی هەرگیز نەپچڕابێ، سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە.

پاشان پرسیوس، هاوسەرەکەی خۆی برد بۆ ئەو دوڕگەیەی کە ماڵیانی لێبوو.ئیدی رۆژگارو ژیانیان بەشادیو خۆشی لە کوختە چکۆلەکەی دایکیدا بەسەر برد.

(13)

## سەربوری ئایو

جەنگەڵو بێشەیەکی جوان لەلایەکی یونانەوە هەبوو. چڕە دارستانێك هەموو لایەکی داپۆشی بوو. رووبارێکی خێرا بە ناوەندی بێشەکەدا دەڕۆیی. کە بەر تاوێرەکان دەکەوت پریشکی ئاوەکەی وەکو تەم، تەمێکی نەرم بەسەر هەموو درەختانی کەنارەکەدا بڵاو دەبووەوە.

خواوەندو خودانی ئەو رووبارە کیژێکی هەبوو، نێوی ئایو بوو. ئایو شەیداو ئاشقی گەشتی نێو بێشەکەو پیاسەی کەناری روبارەکە بوو.

رۆژێك کە ژوپیتەر هاتبووە سەر زەوی، ئایوی لە بێشەکەدا بینی بوو، و کەوتبووە گفتوگۆ لەگەڵیا، ژوپیتەر بە ڕادەیەك هۆگری ئایو بوو کە جارجار بۆ بێتاقەتی دەهاتە سەر زەویو چەندین سەعات لەگەڵیدا دەمایەوەو بە دوو قۆڵی لە کەناری روبارەکەدا پیاسەیان دەکردو وەختیان بەخۆشی بەسەر دەبرد.

ئایو، ژوپیتەری نەدەناسییەوە. چونکە لە شێوەی کوڕە لاوێکدا دەردەکەوتو ئایو وایدەزانی کە تەنیا هاودەمێکی پەسندەو پیاسەی لەگەڵ دەکات.

بەڵام ژونوی بەغیلو بوغز لەزگ ڕقی لە ئایوی بەلەنگاز هەڵگرت. هەڵبەتە بیرتان ماوە کە کاتی خۆی پێم گوتن چ شابانۆیەکی حەسودو بوغز لەزگ بوو. هەرگیز نەیدەتوانی بەوە رازی بێ کە ژوپیتەر جگە لەو روو بە چ ئافرەتێکی دی بدات. ئەوە بوو رۆژێك کە ژوپیتەر چەند سەعاتێك بوو لە ماڵ وەدەرکەوتبوو، ژونو لەنکاو لێڕا بێتە خوارێ بۆ سەر زەویو ئەو خانمە لە نزیکەوە

بدێنێ کە ژوپیتەر ئەوەندە دڵبەندی بوو بوو. دڵی پڕ بوو لە کینە. کاتێ کە پێی نایە نێو بێشەکە بە جۆرێ چارەی تاریك بوو، لە تۆ وایە هەر ئێستا هەتاو دادەپۆشێت.

وەك دەزانن خوداوەدان لە هەموو شتێك ئاگادارن. بۆیە ژوپیتەر بە هەر شێوەیەك بوو، بەر لەوەی ژونو، خۆی بە نێو بێشەکەدا بکات، هەستی بە توڕەییەکەی کرد. بۆیە لە ترسی ئەوەی نەبادا ئازارێك بە هاودەمەکەی بگەیەنێ، لە چاو تروکانێکدا هاودەمەکەی گۆڕی و کردی بە گوێرەکەیەکی سپی، کاتێك کە ژونو گەییە کە ناری روبارەکە، شووەکەی خۆی ، لە شێوەی راستەقینەی خۆیدا بینی و گوێرەکەیەکی لەولاوە بینی کە سەرقاڵی گیا خواردن بوو.

بەڵام زانی کە ئەوە "ئایو"یە. چووە لایەوە. دەستێکی بە گەردنیدا هێناو رووی کردە ژوپیتەر گوتی: تکات لێدەکەم ئەم گوێرەکەیە بدە من. ژوپیتەر چی لە دەست دەهات! نەیدەتوانی بۆ ئەو شتە کەم بایەخە دڵی ژنەکەی بشکێنێ. هەرچەندە لە ناخی ناخدا حەزی نەدەکرد، بەڵام ناچار بوو کە بڵێ باشە بۆ تۆ.

ژونو، کاتێك کە ئایوی لەگەڵ خۆیدا دەبرد لە دڵی خۆیدا گوتی ئۆخەی، ئاخرییەکەی کەوتییە دەستم، پێویستە زۆر بە وردی ئاگاداریت بکەم. ئیدی یەکێك لە خولامەکانی خۆی "ئارگوس" کرد بە پاسەوانی گوێرەکەکە. ئارگوس پاسەوانێکی لێهاتوو بوو. سەد چاو هەبوو، چەند ماندوو بوایە قەت لە نیوەی چاوەکانی زیاتری لە یەك کاتدا نەدەنوقاند، ئایو، هەمیشە لە ژێر چاودێری دا بوو، شەوان بە درەختێکیانەوە دەبەست. بەڵام بە رۆژەوە دەیتوانی بە کەیفی خۆی بە هەموو لایەکدا بگەڕێ. کیژی بەستەزمان و داماو بەدروستی نەیدەزانی کەچی بەسەر هاتووە. ناچار بوو لە بری ئەو خواردنەی کە پێی راهاتبوو، گیاو گەڵا درەختان بخوات.

لەسەر عاردی دەنووست و ئاوی ڕەوانی جۆگەو کانیاوانی دەخواردەوە... کاتێ کە ویستی دەست هەڵبڕێ و داوای بەزەیی لە ئارگوس بکات، سەری سوڕما لەوەی کە دەستی نییەو لە بری ئەو وشانەی کە دەیویست بیاندرکێنێ، بۆڕەیەکی نامۆی لەزار هاتە دەرێ.

زۆر ترساو بەلەز بەرەو کەناری ئەو روبارە چوو کە چەندین جار لەگەڵ کوڕە لاوەکەی هاودەمی دا پیاسەی بە قەراخدا کرد بوو... کە سێبەری شاخەکانی خۆی دە نێو ئاوە روون و زولاڵەکەدا بینی زیاتر ترسا. پەریانی ئاو کە کۆنە هاودەمی خۆی بوون نەیانناسییەوە، باوکی دەستێکی بە گەردنیدا هێناو تۆزێ گیای تازەی ڕنی و خستییە بەردەمی. کە بینی بابی خۆی نەیناسییەوە زۆری لە دڵ گران بوو. نەیدەتوانی بێتە زمان و قسەی لەگەڵ بکات. بۆیە بەپێیەکانی سەربوری خۆی لەسەر لمەکە نووسی. کاتێ بابی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە غەمگینەی خوێندەوە بە دەنگی بەرز لە هۆڕژنی گریانی داو دەستی کردە گەردنی و خەم و پەژارەی خۆی بۆ دەربڕی.

ئارگوسی پاسەوانی وەفادارو گوێرایەڵی خانم ژونۆ، کە ئەوەی نێوان باب و کیژی بینی، بیری کردەوە کە واچاکە ئەو دووە لێکدی دابڕێ. بۆیە گوێرەکەکەی بۆ لەوەرگەیەکی دوور برد.

لەسەر گردێك و لە شوێنێکی وەهادا ڕۆنیشت کە هەرچی روو بدات بتوانێ بیدینێ.

بەڵام ژوپیتەر، ئایوی ژێر نەکرد بوو. دەیویست یارمەتی بدات. بۆیە میرکوری، کوڕی خۆیو پەیك و تەتەری خواوەندانی گازکردو فەرمانی دایێ کە ئارگوس بکوژێت. میرکوری، بەلەز بەرەو زەوی فڕی. هەرکە گەییە سەر زەوی جلکی شوانێکی لە بەرکرد.دار عاسا جادوییەکەی خۆی بەدەستەوە گرتو وەرێکەوت. لەسەر رێی خۆیەوە ئەو پەزانەی کۆکردنەوە کە بە تەنیاو بێ خودان بوونو وەپێشیدان، کە لەو گردە نزیك بووەوە کە ئارگوس لەوێندەرەوە نیگابانی دەکرد، دەستی بە نای لێدانێ کرد.

ئارگوس، کە گوێی لە دەنگو ئاوازی نایی بوو، دڵی کرایەوەو گوتی: بەرەکەت لە عەمرت کەوێ، وەرە لەسەر ئەم تاوێرەو لای منەوە دانیشە. ئێرە لەوەڕگەیەکی چاکە بۆ پەزەکانت، سێبەرێکیشە بە دڵی شوانان.

میرکوری، لەسەر گردەکە جێیەکی بۆ خۆی هەڵبژارد، هەوڵی دا بە زەبری نای لێدانو قسەکردنی بەردەوامەوە ئارگوس بکاتە خەو. بەڵام پاسەوانی نێوبراو هیچ کاتێك زیاتر لە نیوەی چاوەکانی نەدەنوقاند. ماوەیەکی دوورو درێژ بەم شێوەیە دانیشتن. لە کۆتاییدا ئارگوس لە شوانەکەی پرسی کە ئەو نایەی لە کوێ دەست کەوتووە، ئیدی میرکوری بە کاوەخۆ کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی وەدەست هێنانی نایەکەی:

رۆژگارێك، پەرییەك بە نێوی سیرینکس لە بێشەیەکدا دەژیا، ئەم پەرییە تا حەز بکەی جوان، وریاو لەش سووك بوو، لە چەندین پێشبڕکێی غار غارێندا پێش خواوەندانی بێشەو لێرەواران کەوتبوو...وا رێکەوت کە رۆژێك پانی خواوەندی شوانانو سەر دەستەی خواوەندانی بێشەو لێرەواران ئەو پەرییەی لە کاتی تێپەڕ بووندا بە بێشەکەدا، بینی بوو. لێی نزیك دەبێتەوە تا قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام لە لاقی بزنانەو گوێچکەی توکنو سەیری پان دەترسێتو بەڕاکردن لێی دوور دەکەوێتەوە. پان دوای دەکەوێت. بەڵام پەری هێندە خێرا دەڕوات کە پان نەتوانێت بیگاتێ.

ئەنجام گەییە روبارێك، لەوێندەر داوای کۆمەکی لە خوشکەکانی خۆی، پەرییانی ئاو کرد. خوشکەکانی گوێین لە دەنگی بوو، و رایان کێشایە ناو رووبارەکەوە. دوای چەند ساتێك هەر لەو شوێنەوە کە نقوم بوو قۆپەنە نەیجەیەك ڕوا، کە پان دەستی برد تا سیرنیکس لە ئامێز بگرێ، سەیری کرد لە جێی ئەو باوەشی بەو قۆپەنە دا کردووە کە لە زەلکاوی کەنار رووبارەکە روا بوون. ئەوجا ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا. هەناسەی ئاهەکەی ئاوازێکی نەرمی لە نەیجەکانەوە هەستاند، پان بە جۆرێ شەیدایی ئەو ئاوازە دڵگیرە بوو کە چەند نەیجەیەکی بەمێو پێکەوە چەسپاندو بەمجۆرە نایەکی دروست کردو بە یادی ئەو پەرییەوە ناوی نا "سرنیکس".

کاتێ میرکوری چیرۆکەکەی خۆی بە دوورو درێژیو بە ئاوازی خەوهێنەرەوە دەگوت، تەواو کرد، سەیری کرد ئارگوس لە غوڕابی خەوێکی قوڵدایەو هەموو چاوەکانی نوقاون. بەمە خۆشحاڵ بوو. بە دارعاسا جادوییەکەی خۆی، خەوی ئەوی قوڵتر کردو سەری بە هەر سەد چاوە ئەستێرە ئاساکانییەوە لە لاشە جوێ کردەوە.

ژونۆ، کە هەواڵی مەرگی خولامە تایبەتییەکەی خۆی بیست زۆر خەمبار بوو. بۆ یادگاری چاوەکانی ئەوی لەسەر کلکی باڵندەی دڵپەسندی خۆی، واتا تاوسەکەی خۆی دانا کە تا رۆژگاری ئەمڕۆش لە هەمان شوێندا دەدرەوشێنەوە، بەڵام مخابن کە ژونۆ، هەموو خەتاکەی خستە ئەستۆی ئایوو بیری لە سزادانی کردەوە، بۆ ئەم مەبەستە خەڕەنگێزێکی گەورەی نارد تا ئازاری بدات و حەوانەوەی لەبەر بڕیٚ. خەڕەنگێزەکە شەوو رۆژ گوێرەکەی داماوی ئازار دەدا، پێوەی دەدا. تا لە تاواندا دەبورایەوە. لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی دەڕۆیی تا لە دەستی ئەو خەڕەنگێزە رزگاری بیٚ، بەڵام سوودی نەبوو. لە ئەنجامدا گەییە وڵاتی میسرو بەهۆی سەفەری تولانییەوە ماندو بوو، لەوێندەر لە کەناری روباری نیلدا لێی ڕاکشاو بە هاوارو ناڵەی بە سۆزەوە داوای کۆمەکی لە خواوەندان کرد.

ژوپیتەر، نەیتوانی لەوەی پتر ئەو کیژە داماوە بەو ئازارەوە بدینیٚ.. ئەوە بوو داوای لە ژونۆ کرد کە بەزەیی بە ئایودا بێتەوەو پەیمانی دایی کە ئەگەر ئایو ئازاد بکات ئەم چیتر رووی نادات و قسەی دەگەڵ ناکات. ژنو بە خۆیشی دڵی نەرم بوو، ئایوی گەڕاندەوە سەر شێوەی یەکەم جاری خۆی، خەڵکی میسر کە ئەویان لە کەناری روباری نیلدا بینی و سەیریان کرد زۆر جوان و میهرەبانە، کردیان بە شابانۆی خۆیان.

چەند ساڵێك بە خۆشی ژیا تا پیر بوو و مرد. ئیدی خەڵکی پەیکەرێکی گەورەیان بۆ ئەو شابانۆیە دروست کردو لە پەرستگەکەی خۆیاندا دایان ناو ناویان نا "isis" ئایسیس. سەدان ساڵ و دوای مەرگی ئایو خەڵکی میسر هێشتا هەر دەچوونە زیارەتی ئایسیس و چەپکە گوڵ و دیاری تریان لەبەر پێیدا دادەنا تا بیسەلمێنن کە تا چ ئەندازەیەك شابانۆی خۆیان خۆش ویستووە.

(14)

## دایکێکی لەخۆبایی

هەبوو نەبوو شارێك هەبوو بە نێوی "تیبس". شاو شاژنێك فەرمانڕەوایی ئەم شارەیان دەکرد کە چواردە منداڵیان هەبوو. حەوت کوڕی بەهێزو دلاوەرو حەوت کیژی جوان.

"نایوبی"ی شابانۆ لە هیچی کەم نەبوو. هەموو کەرەستەو هۆیەکی شادی و بەختیاری بۆ رەخسا بوو. هەر لە ماڵ و سەروەت و تواناو دەسەڵاتەوە بیگرە تا هەموو شتێکی نایاب و جوان. بەڵام گەورەترین شادمانی شابانۆ، منداڵەکانی بوو. زۆر زۆری خۆش دەویستن. گەمەو کایەی لەگەڵ دەکردن. چیرۆك و حیکایەتی بۆ دەگێڕانەوە. بە ماچ و ڕاموسان ، فرمێسك و روندکی چاوی دەسڕین. هەندەی بیتوانایە خۆی لە کارەکانی دەدزییەوە تا کاتەکەی لەگەڵ واندا بەسەر بەرێت.

دیارە "تیبس" شارێکی گەورە بوو. وەکو هەر شارێکی دی گیروگرفتی خۆی هەبوو. شاو شابانۆ لە سەریان بوو بۆ ئەوەی بە دروستی حوکمی بکەن، بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بن. بەڵام شابانۆ، هەرچەندە گیروگرفتی فەرمانڕەوایی ماندووی دەکرد، بەڵام سەدای پێکەنینی

منداڵەکانی و دەست خستنە نێو دەستی وان، هەموو خەم‌و نیگەرانییەکی لە دڵ دەڕەواندەوە. بە ڕادەیەك شادمان دەبوو، لە تۆ وایە ئەویش منداڵێکە لەو گۆڕە.

خەڵکی زیاتر لە نایوبی دەترسان تا خۆشیان بوێ. چونکە هەرچەندە لە ماڵی خۆیدا دڵاواو میهرەبان‌و دڵسۆز بوو، بەڵام کە جلکی ڕەسمی‌و شاهانەی لەبەر دەکردو بە مەبەستی گەڕان بە شاردا، لە ماڵێ وەدەردەکەوت ، زۆر لە خۆبایی‌و خۆپەسند دەینواندو هەمیشە بە تەما بوو کە هەموو خەڵکی کڕنۆشی بۆ ببەن‌و بڵێن: نایوبی چەند مەزن‌و بەشان‌و شەوکەتە!

خەڵکی تیبس، بەهاری هەموو ساڵێك بە یادی دایکی جووتە خواوەندی جمکانە "ئەپۆلۆ و دیانا"وە ئاهەنگیان دەگێڕا. ژنانی شار، ساڵێك بە گوێرەی داب‌و نەریتی دێرینەی خۆیان چەپکە گوڵیان هەڵگرت‌و ڕووەو پەرستگە چوون تا چەپکە گوڵەکانیان پێشکەش بەو دایکە مەزنە بە "لاتونا" بکەن.

نایوبی، بە جلکی هاودامانی زەرکەفتەوە لە پاش هەموویانەوە هات. باڵابەرزو لوت بەرز دەینواند. هەموو ژنەکان لە بەردەم دەرگای پەرستگەکەدا ڕوویان لە شابانۆ وەرگێڕاو کڕنوشیان بۆ لاتونا برد. نایوبی دەستی هەڵبڕی. هەموویانی بێدەنگ کرد، فەرمانی دا. ئەوجا بە دەنگێکی پڕ غرورەوە گوتی:- ئەی ژنانی تیبس بۆچی کەسێك دەپەرستن کە هەرگیز نەتان دیتوە، بۆ لاتونا دەپەرستن. باشە من کە بە هەموو پایەو سەروەت‌و سامانێکەوە ڕووبەڕووی ئەنگۆ وێستاوم، زۆر لەو زیاتر نیم!. من شابانۆم، ئەو ژنێکی ئاساییەو هیچی تر. ئەو دوو منداڵی هەن، من حەوت هێندەی ئەوم هەن‌و هەر یەکێکیان بۆ خۆی ئەپۆلۆو دیانایەکەو، بگرە جوانترو دڵڕفێن ترن، پایەی من زۆر لە لاتونا مەزنترە، چونکە ئەگەر سەروەت‌و پایەو دەسەڵاتەکەشم لە دەست بدەم، منداڵەکانم بۆ دەمێننەوە کە حەوت هێندەی منداڵەکانی لاتونان، خۆ ئەگەر قەدەرو چارەنووس نیوەشیانم لێ بسەنێتەوە هێشتا هەر لەو زیاترم بۆ دەمێنێتەوە. کەواتە ئەی ژنانی تیبس ڕوو لە میحرابەکە وەربگێڕن‌و چەپکە گوڵەکان فڕێ بدەن. دەبێ من بپەرستن. من‌و بەس. چونکە من لە لاتونا زیاتر ومەزنترم.

ژنەکان کە ئەم قسانەیان گوێ لێبوو، هەموو ترسان. چەپکە گوڵەکانیان توڕدایە سەر عاردی‌و لە پەرستگەکە وەدەرکەوتن.. بە ڕێکەوت لاتونا هاتبووە سەر کێوێك کە دەیڕوانییە سەر شاری تیبس، تا تەماشای ئەو جەژن‌و ئاهەنگە بکات کە بە یادی ئەوەوە بەرپا کرابوو. لە ژیانی خۆیدا هێندەی خەم‌و خەفەتان خواردبوو، بۆیە هێندەی بۆی بلوایە هیچ ئاهەنگێکی شادیی نەدەبوارد. ئەو گۆرانی‌و سرودانەی کە بۆ ئەو و منداڵەکانی دەگوتران، زۆریان شادو کەیف خۆش دەکرد.

کە گوێی لەو قسە زل‌و پڕ فیزانەی شابانۆ بوو بە پەلە چوو بۆ لای ئەپۆلۆو دیاناو پێی گوتن نایوبی زاتی ئەوەی کردووە کە خۆی بخاتە ڕیزی دایکی ئێوەوەو منداڵەکانی خۆی لە خواوەندان بە گەورەتر بزانێ‌و لاف‌و گەزاف ئەوە لێبدات کە قەدەرو چارەنووس هەرگیز پشتی تێناکات‌و ئازاری پێ ناگەیەنێ.

کە ئەپۆلۆ ودیانا تووڕەیی دایکی خۆیان بینی، ویستیان دڵی بدەنەوەو بەڵێنیان دایێ کە شابانۆ سزا بدەن‌و ئەو لە خۆبایی بوونە لە کونە کەپویەوە بێننە دەرێ.. وەکو دەزانن هیچ شتێك

هێنـدەی لاف و گـەزاف و خۆپەسـندی، خواوەنـدانی تـوڕە نـەدەکرد. ئیـدی ئـەو خوشـك و بـرا جمکانەیە روپۆشـی هـەوریان بـەرووی خۆیانـدا دا تـا شـکۆداری و سـامیان ئاشـکرا نـەبێ و بـەرەو تیبس هاتنە خوارێ تا تۆڵەی ئەو بێ حورمەتییە بسەننەوە کە دەرهەق بە دایکیان کرابوو.

هەر حەوت کوڕەکەی شابانۆ نایوبی، بە سواری ئەسپە سەر کێشـەکانیان، شـادو بـە کـەیف، بـەدەم پێکەنینـەوە، بـەدوی یەکدا بـەو دەشـت و مێرگانـەدا دەڕۆیشـتن. ئـەپۆلۆ هەرکـە بینیـانی تیرێکی سرەواندنێ، رێك لە دڵی برا گەورەکەیان چەقی. ئەوجا تیرێکی ترو ترو تری هاویشت تا هەر حەوت شازادە لەو دەشتەدا بێ گیان کەوتن.

ئەم هەواڵە دڵتەزێنە خێرا گەییە کۆشکی پاشایەتی. نایوبی لە سۆییاندا ئاگای لـە خۆ نـەماو بەسـەری کـۆت و بـە غـاردان لـە کۆشـك وەدەرکـەوت. کیژەکانیشـی دووی کـەوتن، کـە گەییـە دەشتەکەو ئەو دیمەنە سامناکەی بینی کەوتە شین و شـەپۆرو خـۆی بـە پێـوە بـۆ نـەگیراو کەوتـە سـەر زەوی، بـەڵام هێشـتا غرورەکـەی لـە کەللـە دەرنەچـوو بـوو، چـونکە کـە دەسـتی بـۆ ئاسـمـان هـەڵبڕی، هـاواری کـرد، ئـەی لاتونـای دڵـڕەق و زۆردار، تۆڵـەت لێسـەندم و واتزانـی کـە دڵـی منـت شکاندوە. هێشتاش هەر من لە تۆ داراترم. من حەوت منداڵم بۆ ماونـەوە تـۆ تـەنیا دووانـت هـەن.

کە ئەپۆلۆ و دیانا خەم و کەسەری فرەی نایوبییـان بینـی کـەم و زۆر لـە کـردەوەی خۆیـان ژێـوان بوونەوەو پێیان وابوو کە ئەم سزایەی بەسە. لێ کە ئەو قسە سوکانەی لـە رووی دایکیانـدا کـرد، دیسان ئاگری رق لە ناخیاندا هەڵایسایەوە، دیانا دەستی دایـە کـەوان و تیـرە کوشـندەکانی خـۆی یەك یەك هاویشت.

نایوبی، کە بینی کیژەکانی یەك یەك بە دەوری دا دەکەونە سەر زەوی، هـەرە بچوکەکـەیانی لـە بـاوەش گـرت و خسـتییە ژێـر رۆبەکەیـەوەو هـاواری کـرد، ئـەم یەکـەیان بدەنـەوە بـە مـن. ئـەی خواوەندان دوا منداڵ و بچووکترین منداڵم لێ مەسەننەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو، تیری کوشندە لە کەوان دەرچوو بوو، کاتێ نایوبی ئەو قسانەی دەکرد، دوا منداڵیی بەبێ گیـانی لەبـەر پێی دا کەوت.

ئیدی دایکی جەرگ سوتاو ولە غرور کەوتوو، لە نێو جـەنازەی منداڵـەکانی داو لـەو دەشـتەدا رۆنیشت. مات و خەمبار چاوی بڕییە دەوروبـەری خـۆی. چـەندین رۆژ بـەو شـێوەیە دانیشـت و لـە جێی خۆی نەجولاو چ قسـەیەکی نـەکرد. هێـدی هێـدی و بەڕاسـتی خـەم و کـول و کۆڤـان بـەدەنیان رەق و تورت دەکرد. رەنگ لە گۆناکانی بڕا. چاوەکانی بە نیگای خەمناکەوە ئەبڵـەق و بـێ جوڵـە بوون و سەرەنجام بەهۆی خەم و پەژارەوە بوو بە مەڕمەڕ.

پەیکـەری مەڕمـەڕینی خـەم، چـەند رۆژێك لـەو دەشـتەدا مایـەوە تـا تۆفـان و لافاوێکی گـەورە لەوێندەر هەستاو پەیکەرەکەی لەگەڵ خۆیدا بردو لەسەر کێوێکی بـەرز بـەرز کـە دەیڕوانییـە سـەر تیبس، لە نێو تاوێرەکانی دیدا گیرسایەوە.

تـاکو ئەمڕۆکـەش، ئـەو ژنـە بەردینـە لەسـەر لوتکـەی ئـەو کێـوە بـەرزەدا دەبینـرێ. یـان بـەڵای کەمەوە تاوێرێك دەبینرێ کە هەندێك لە ژن دەچێت و لـەو چـاوە نابینایانەیـەوە دڵۆپـە ئـاو دێتـە خوارێ و بە قەد کێوەکەدا دێتە خوارێ و لە تۆ وایە نایوبی بەلەنگازەو بەردەوام دەگری...

(15)

## پاڵەوانی بە هێزی سەردەمانی کۆن

سەدان ساڵ لەمەوبەر منداڵێك هاتە دنیاوە. ئەم منداڵە کاتێ کە گەورە بوو، بوو بە بەهێزترین و سەیرترین پیاوی زەمانی خۆی. هەمووی چەند هەفتەیەك بوو لە دایك بوو بوو کە ژونۆی خواوەند دوو ماری گەورەی بۆ نارد تا لە نێو بێشکەکەیدا خەفەی بکەن، چونکە رقی لە دایکی بوو، بۆیە دەیویست ئەو منداڵە لە نێو بەرێ.

کاتێ کە مارەکان خۆیان لە منداڵەکەوە هاڵاند، دایەنەکەی هاواری کرد. منداڵەکە کە نێوی "هەرکل" بوو لە هاواری دایەنەکەی لە خەو ڕابوو. لە نێو بێشکەکە ڕاپەڕی و هەر یەکێك لە مارەکانی بەدەستێکی گرت و گوشینی، دایەنەکە زۆری پێ سەیر بوو، بە زەحمەت باوەڕی بە چاوانی خۆی دەکرد.

بێگومان منداڵێکی ئاوها کە گەورە ببێ دەبێت بە پیاوێکی دیارو ناوداری زەمانی خۆی. بەڕاستیش "هەرکل" بەهێزترین پیاوە کە مێژووی جیهان ناوی تۆمار کردووە. تا ئەمڕۆکەش بە کینایە بە خەڵکی پاڵەوان و بەهێز دەگوترێ هەرکلە.

هەرکل، بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆی لە پێناوی یارمەتی دانی بێ توانایاندا بەسەر برد، ژونۆ، چونکە ڕقی لێی بوو، هەموو جۆرە کۆسپ و کارێکی خەتەری هێنایە ڕێی. ناچاری کرد شەڕی دژوار بکات. جانەوەرانی دڕندە بکوژێت، بە کورتی هەموو دەمێك گیانی خۆی بخاتە خەتەرەوە. بەڵام هێندە دلێر بوو کە لە هیچ نەدەترسا. و هێندەش بە قوەت بوو کە بەسەر هەموو ئەو خەتەرانەدا زاڵ دەبوو کە ژونۆ دەی هێنایە ڕێی. ژونۆ، کە ئەمەی بینی، نەخشەیەکی تازەی داڕشت تا هەرکلی پێ بەدبەخت و نێوچەوان ڕەش بکات. بۆیە هەستا کردی بە کۆیلەی فەرمانڕەوای "ئارگۆس".

هەرکل، کە خودانی تەبیات و نەفسێکی بەرز بوو، ئەم کۆیلەیەتییەی لە هەموو شتێك لە گیان ناخۆشتر بوو. شەوو ڕۆژ نیگەرانی ئەو کۆت و زنجیرانە بوو کە لە دەستوپێی کرابوون. سەرەنجام فرمانڕەوای ئارگۆس، دڵی پێی سووتاو گوتی: ئەگەر دوانزە کاری سەخت و دژوارم بۆ ئەنجام بدەیت ئازادت دەکەم. هەرکل، ئەم پێشنیازەی بە گیان دەکڕی، چونکە بە تەبیعەت لەزەتی لە کاری پڕ خەتەرو ئازایانە دەبینی.

بە هەرحاڵ، دوانزەکارە دژوارەکەی کە لە جیهانی پاڵەوانێتیدا بە دوازدە خوانی هەرکل بە نێوبانگە، ئەنجام دا. ئەگەر بە درێژی باسیان بکەم، ئەوا باسەکەمان زۆر درێژە دەکێشێت، چونکە هەر یەکێك لەو کارانە بۆ خۆی داستانێکە. ئەو پیاو عەگیدە دەبوایە لە پێناوی بەدەست هێنانی ئازادی خۆیدا چەندین دێوو ئەژدیها و گیانداری ترسناك بکوژێت. چەندین ئەسپی

خۆشبەزو جانەوەری دڕندە دەستگیر بکاتو چەندین شەڕی خوێناوی بکات، بەڵام ئەنجام بەسەر هەموو خەتەرەکاندا زاڵ بوو و ئازاد بوو، و بە دڵی بێ خەمەوە بۆ خۆی کەوتە گەڕان.

دوای گەڕانێکی زۆر، لە وڵاتێکدا سەری هەڵدا کە پاشاکەی کیژێکی زۆر جوانی هەبوو بە نێوی "دیانیرا". پاش چەند رۆژێك هەرکل خوازبێنی لێکرد. کیژە، ئامادە بوو بە خۆشحاڵییەوە شوی پێبکات. بەڵام دەیزانی کە بابی جۆرە بەڵێنێکی بە خواوەندی روبار داوە کە کیژەکەی خۆی بداتێ. فەرمانڕەوا نەیدەزانی چ بکات، ئەنجام بڕیاردرا کە هەرکلو خواوەندی روبار زۆران بگرنو هەر کەسێکیان بردییەوە کیژی فەرمانڕەوا بۆ ئەو دەبێت.

رەنگە ئەم کارە بەلای ئێمەوە هەندێ سەیر بێ. بەڵام هەردوو خوازبێنی کەران، قەبوڵیان کرد. هەرکل، چونکە زۆر بە هێز بوو، لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بوو، خواوەندی روباریش بە هەمان ئەندازەی هەرکل لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بوو. چونکە هەموو ساتێك دەیتوانی شێوەی خۆی بگۆڕێو بچێتە پێستی هەر جانەوەرێکەوە کە خۆی بیەوێ.

کە کاتی زۆران گرتنەکە هات. هەردوو خوازبێنیکەر بە دڵی بێ خەمو ترسەوە چون بۆ زۆرخانە. فەرمانڕەوا ئیشارەتی دانێ کە دەست پێ بکەن، ئەو دوو پیاوە بە هێزە پەلاماری یەکتریان دا.

زۆری نەبرد هەموو دیتیان کە هەرکل باڵا دەست ترە. خواوەندەی روبار لە بەردەم ئەودا وەکو منداڵ وابوو. بەڵام رێك لەو کاتەدا کە پاڵەوان هەردوو دەستی لە قەدی حەریفەکەی توند کرد تا بیدات بە زەویدا، خواوەندی روبار هێزو توانای جادویی خۆی خستە کارو لە شێوەی مارێکدا لە نێو دەستەکانی هەرکلەوە هاتە دەرێ.

هەرکل کە ئەمەی بینی پێکەنیو گوتی: ها، وادەزانی دەتوانی بەم شێوەیە لە چنگم دەرباز ببی؟. ها؟ خەیاڵت خاوە، چونکە کاتێ کە من منداڵێکی شیرەخۆرە بووم، لە نێو بێشکەکەمدا ماری وەهام کوشتوون سێ ئەوەندەی تۆ بوون. ئیدی پڕی دایە مارەکەو خەریك بوو لە چاوتروکانێکدا دەست بنێتە گەرووی و خەفەی بکات. رێك لەم کاتەدا مارەکە ون بوو، و گاجوتێکی گەورە لە شوێنیدا پەیدا بوو. خواوەندی روبار جارێکی تریش شێوەی خۆی گۆڕیو نەجاتی بوو.

پاش ئەوە دژوارترین شەڕ دەستی پێکرد. گاجوتی توڕە بە هەموو هێزی سامناکییەوە پەلاماری هەرکلی دا. بەڵام هەرکل ئامادەو لەسەر پێ بوو، و شاخەکانی گرتو دای بە زەویداو هەوڵو تەقەلای گاجوتەکە بە هیچ نەچوو، خەڵکی هاواریان کرد: هەرکل سەرکەوت.

ئیدی خواوەندەی روبار لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەرکەوتو دەستبەرداری داواکەی خۆی بوو. ئەوجا کیژی جوانی فەرمانڕەوا، بوو بە نسیبو هاوسەری هەرکل. لە ئاخرو ئۆخری گەرمەی شەڕەکەدا، یەکێك لە شاخەکانی گاجووتەکە شکاو کەوتە سەر زەوی. پاشان خواوەندی فەڕو بەخت شاخەکەی بینیو هەڵی گرتەوە. زۆر بە شێوەی شاخەکە خۆشحاڵ بوو. و هەموو گوڵو میوە پاییزییەکانی خۆی تێکردو کردی بە رەمزو نیشانەی خۆی "فەڕو بەرەکەتو بەخت"،

ئەمە ریشەی چیرۆکی ئەو "شاخی بەرەکەت"ەیە کە لە زۆربەی جەژن و ئاهەنگە پاییزییەکانی خۆماندا دەی بینین.

(16)

## کراسی ژەهراوی

وەختێ هیراکلیس، کیژی پاشای مارە کرد، ئاهەنگ و زەماوەند تەواو بوو، ئیدی زاواو بووک دوو بە دوو بەرەو زێدو مەفتەنی ئەسڵی هیراکلیسی پاڵەوان وەرێکەوتن. ماوەیەکی زۆر رۆییشتن. روبارێکیان هاتە رێ. ئەم روبارە لەکاتی ئاساییدا هەر هێندەی جۆگەیەك دەبوو. کەچی لە بەختی ئەمان، بارانی بەهار تەقاندبووی، ئاوەکەی تەواو هەستا بوو. هیراکلیس خۆڤ کەوتە دڵ کە چۆن بەم بارە رەنگین و بە نرخەوە لێی بدات.

لەو کاتەدا کە بە حەیرمانەوە بە دیار روبارەکەوە وێستابوون، خەڵقەندەیەکی هەیئەت غەریبیان لێ پەیدا بوو. لێیان هاتە پێشێ کە یارمەتییان بدات و "دیانیرا" لە روبارەکە بپەڕێنێتەوە. تومەز ئەمە دەعبایەك بووە لەو دەعبایانەی کە پێیان دەگوترێ ئەسپە مرۆڤ "سەنتۆرس". بۆیەش ئەسپە مرۆڤی پێ گوتراوە، چونکە لە پشتێنە بە بانەوە لە مرۆڤ چووەو لە نێو قەد بە خوارەوە لە هەسپان چووە... دیارە ئاساییە ئەسپ بتوانێ لە روبارو ئاوان بپەڕێتەوە.

هیراکلیس، بەم کۆمەکە مرۆڤانییە قاییل بوو. ئیدی نسوس کە ناوی ئەسپە مرۆڤەکە بوو، شازادە خانمی هەڵدایە سەر پشتی خۆی و بە نێو روبارەکە کەوت.

ئاوی روبارەکە یەکجار خوڕ بوو. بۆیە نسوس پاش ماوەیەکی زۆر ئەوجا توانی بپەڕێتەوە ئەوبەری روبارەکە. هێشتا لە نێو روبارەکە دابوو، لێبڕا دیانیرا بڕەڤێنێ و ببیات بۆ ئەشکەو تەکەی خۆی لە کۆساران و لەوێندەر بیکات بە هاوسەری خۆی. بۆیە هەرکە چوار پەلی گەییە سەر زەوی، تا هێز لە لاقیدا هەبوو، هەڵیکردە چوار ناڵە. کیژەی داماوی، ترساویش خۆی بە پشتییەوە قرساند بوو، و هاواری دەکرد.

هیراکلیس، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە گژ شەپۆلان دەچوو، کاتێ گوێی لە هاواری دیانیرا بوو، سەری هەڵێنا و ڕوانییە دیمەنەکە. هەڵی کێشایە تیروکەوان و بانگی کرد: ئەهای نسوسی بەدکردەوە، دەتەوێ بە پشتیوانی لاقی خۆشبەزی ئەسپانەتەوە بمبەزێنێ، بەڵام خەیاڵت خاوە، تیری من لە خێراترین ئەسپ و جوانووان خێراترە. ئەوجا دەستی دایە تیرێك و بەدیقەت هاویشتی، رێك بەر دڵی سەنتورس کەوت و دوای تۆزێك کەوتە سەر زەوی. نسوس هاوارێکی پڕ ئازاری کرد. ئەوجا کراسەکەی لە خوێنی برینەکەی خۆی هەڵکێشاو دایە دەستی دیانیراو گوتی:

– ئەمە بۆ خۆت هەڵگرە بووکەخان، هەر کاتێك مێردەکەت سارد بوو لەگەڵت، ئەم کراسە خوێناوییەی بۆ بنێرە، ئیدی مەیلو مەحەبەتی دێتەوە سەرت. هەرکە لە قسەکەی بووەوە، بە پشت دا کەوتو مرد.

ئەو تیرەی کە نسوسی کوشت، تیرێکی ژەهراوی بوو. بە ژەهری خەڵقەندەیەك ژەهراوی بوو بوو کە هیراکلیس لە ساڵانی زوودا کوشتبووی. ئەم ژەهرە کوشندە بوو، بۆیە هەرکە چووە خوێنی سەنتورسەوە کوشتیو کراسەکەی ژەهراوی کرد، ئەوجا دیانیراو هیراکلیس کەوتنەوە ڕێو رووداوو کارەساتێکی دیکەیان نەهاتە ڕێ. بە سەلامەتی گەیشتنەوە مەفتەنو زێدی هیراکلیسو ساڵانێکی خۆشیان پێکڤە قەتاند. مێردەکەی هێندەی نازو مەحەبەت دەدایێ، دیانیرا کراسە ژەهراوییەکەی هەر بیر نەما.

پاش ماوەیەك هیراکلیس، لە ژیانی رۆتینی ماڵ وەڕزو بێتاقەت بوو. هەمیشە لە بیری سەرکێشیو گەشتەکانی رۆژانی رابردووی خۆیدا بوو، کەڵکەڵەی دیتنی وڵاتانی تری کەوتە سەر، نەیتوانی لەوەی پتر لە ماڵەوە وەمێنێ. تا رۆژێك لێبڕا بچێتە گەشتو گەڕان.

ژنەکەی ، ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو. بەڵام هێندەی خۆشدەویست دڵی نەهات ئەم سەفەرەی لێ تێکبداتو ببێ بە ڕێگری، بۆیە بە خۆشییەوە ڕێی دا. بچێتە ئەم سەفەرە.

هیراکلیس، زۆر جیگایان چوو، گەلەك ڕێگاوبانی بڕین، تا لە ئەنجامدا لە شارێکی کەنار دەریایەکدا گیرسایەوە. لە وێندەر چاوی بە کیژی میری شار کەوت. وەکو چۆن کاتی خۆی حەزی لە "دیانیرا" کردبوو، ئاواش حەزی لە کیژی میری ئەم شارەش کرد. وای لێهات هەموو شتێکی لەمەڕ دیانیرا، کە لە ماڵەوە چاوەڕوانی دەکرد، لە بیر چووەوە. تا وای لێهات لە کۆشكو بارەگای دۆتمیردا گیرسایەوە.

وەختێ دیانیرا بەمەی زانی، خەم تێی وڕوکا. بەرە بەرە باریكو بنێس بوو. کە دوا قسەکانی سەرەمەرگی سەنتورسی بیر کەوتەوە، ناردی بە دوای خزمەتکارێکی دڵسۆزی خۆیدا، کراسەکەی دایێو داوای لێکرد کە بیبات بۆ هیراکلیسو پێی بڵێ دیانیرا مەحەبەتو سڵاوی بۆ دەنێرێو تکای لێدەکات کە لەبەر خاتری ئەو و بۆ یادگاری ئەم کراسە لەبەر بکات.

ئەم ژنە داماوە نەیدەزانی چی کردووە. خزمەتکارە ساکارو ساویلکەکەش غافڵ بوو لەوەی کە قەدەر چ داوێکی بۆ ناوەتەوە. خزمەتکارە وەڕێکەوت. ڕێگاوبانێکی زۆری بڕی. گەییە ئەو شارەی کە هیراکلیسی ئاغای لێبوو، بە دویدا گەڕاو دۆزییەوە. کراسەکەی دایێ لەگەڵ نامەیەکی دیانیرا دا. هیراکلیس دەستبەجێ کراسەکەی لەبەر کرد. زۆری نەبرد، ژەهرەکە کاری خۆی کرد. هیراکلیس لە تاو ئازار ئۆقرەی لێبڕا. لە گەرمەی گیانەڵڵادا دەیویست کراسەکەی بەری دادڕێ. بەڵام تەواو بەلەشییەوە نوسا بوو. ئەوجا هیراکلیس بەدەم هاواری ژانو ئازارەوە کەوتە غاردان بەرەو کەناری دەریا. خزمەتکارەکە، زۆر سەرسام بوو. لە ترساندا خۆی دایە پەنای تاوێرێك. هیراکلیس لە پشت تاوێرەکەوە دیتی، پڕی دایێو نەی هێشت فریای پاکانە بکەوێ. لە پیلی نەویو توڕی دایە ناوەندی دەریاکەوە.

هیراکلیس، کە بینی ناتوانێ لەو ئازارە بخەلەسێ، وەکو چۆن پاڵەوانانە ژیا، ئاواش پاڵەوانانە مرد: بەدەستی خۆی درەختی زەلام زەلامی لە بنەوە هەڵکێشان، لەسەر یەکی کەڵەکە کردن، ئەوجا لەسەری ڕاکشا. خۆی لە کراسە ژەهراوییەکەوە پێچا. ئەوجا داوای لە هاوڕێکەی کرد کە ئاگر بە لێژنە دارەکەوە بنێ. ئەوجا بەوپەڕی هێمنی چاوەڕوانی مەرگی خۆی کرد.

گڕی ئاگر، بە قرچ و هوڕ بەرز بووەوە. لە تۆ وایە ژەمبردەیەوە دەیەوێ هیراکلیسی پاڵەوان بخوات، ئاگر گەییە نزیکی سەری، لە پڕ کونێك لە ئاسمان ڤەبوو. ژوپیتەر لە کونەکەوە دەستی هێنا تا هیراکلیس لە ئاگرەکە رزگار بکات. بەشە بە شەڕی یەکەی بە ئاگرەکە سوتا. بەڵام لەو ساوە وەکو ئەفسانەکە دەڵێ هیراکلیس، لە لوتکەی ئۆلەمپدا بوو بە یەکێك لە یاوەرانی خواوەندی بە توانا.

(17)

## هونەرمەندی باڵدار

هەبوو نەبوو، لە وڵاتی ئەسینادا پیاوێك هەبوو بە نێوی دیدالوس خەڵکی شار زۆریان قەدر دەگرت. پەیکەری جوان جوانی دروست دەکرد.

هەموو جۆرە ئیشێکی دەستی و هەموو چەشنە پەیکەرسازییەکی دەکرد. هەروەها تەلارکارو وەستاو بەنایەکی زۆر لێهاتووش بوو. سەیرترین شتێك کە لە ژیانی خۆیدا دروستی کردبوو، بینایەکی ئەشکەوت ئاسای بێ وێنەی پڕ پێچ و پەناو ڕاڕەوان بوو.

هەر لەو سەروبەندەدا پاشایەکی فەرمانڕەوای دوڕگەی کریتی نزیکی یۆنانی دەکرد، نێوی "ماینوس" بوو. دیدالوس هەر زوو لەوە حاڵی بوو کە ئەم پاشایە لە دۆستایەتیدا میهرەبان و لە دژمنایەتیدا توندو رەق بوو.

ماینوس، جانەوەرێکی ناشرینی رەزا قورسی هەبوو پێیان دەگوت مینوتور. ئەم جانەوەرە هێندە سامناك بوو کە زمان دەرەقەتی وەسفی نایەت. پاشا، ویستی ئەو جانەوەرە لە شوێنێکی قایمی دوور لە خەتەر ڕابگرێت. دیدالوس ئەو بینا سەیرو پڕ پێچ و پەنایەی بۆ پاراستنی ئەو جانەوەرە دروستکرد.

مینوتورەکەیان لە مەیدانێکی بەرینی سەر بە تاڵی ناوەندی ئەو بینا پڕ پێچ و پەنایەدا دانا. ڕێگەی چوونە ژوورەوە ئەوەندە پێچاوپێچ و نارەحەت بوو، هەر کەسێك بچوایەتە ژوورەوە، ئیدی ڕێی هاتنە دەرەوەی دەرنەدەکرد. با جارێ واز لەو بینایە بهێنن و بۆ چەند ساتێك بێینەوە سەر یۆنان.

دیدالوس، برازایەکی هەبوو، نێوی "پردیکس" بوو. ئەم کوڕە لاوێکی زۆر بە توانا بوو. زۆری حەز دەکرد فێری ئەو کارانە ببێت کە ئەو هەموو نێوبانگەیان بە مامی بەخشی بوو. دیدالوس کەوتە فێرکردنی برازاکەی. هەرچییەکی دەزانی فێری کردو زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە شاگردێکی وەهای هەیە. بەڵام کە نیشانەی بەهرەمەندی ئەو کوڕەی بۆ دەرکەوت و هەستی کرد

بۆڕی وەستاکەی دەدات، خۆشحاڵییەکەی گۆڕا بۆ رق و بەغیلی، کوڕە بەو تەمەنە کەمەوە هەڕەو پرگاڵی دروست کردبوو. ناوبانگی ئەو کوڕە زیرەکە لە سەرانسەری ئەسینادا دەنگی دایەوە. خەڵکی دەیانگوت رۆژێ دێ زۆر لە مامی پێشتر دەکەوێ. بەمجۆرە هەرچی خۆشەویستی مام بۆ برازاکەی هەبوو، گۆڕا بە بەغیلی و رق و بێزاری. دیدالوس حەزی دەکرد لەو کوڕە رزگار بێت کە بەو ئاوایە بوو بووە مایەی کەمکردنەوەی شۆرەت و نێوبانگی. رۆژێك دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ و وەستاو شاگرد پێکەوە بە کەناری هەڵدێرێکی قەراخی دەریادا رێیان دەکرد. کوڕە، هیچ ئاگای لە چارەی گرژی مامی نەبوو. بە شادمانییەوە دەربارەی پرۆژە بەنرخەکانی ئایندەی دەدوا، دیدالوس، لە نکاودا بازوی برازاکەی گرت و لە هەڵدێرەکەوە، هەڵیدایە خوارێ و کەوتە نێو دەریاکەوە.

"مینرڤا"ی خواوەندی شەڕو حیکمەت، پردیکسی بەهۆی بەهرەو هونەرمەندییەکەیەوە خۆش دەویست. ئەگەر لەو دەمەدا فریای نەکەوتباو نەجاتی نەدایە، ئەوا دەمو دەست لە ئاوەکەدا غەرق دەبوو، و دەخنکا. ئەوەبوو کردی بە کەوێك و کەوەکە بەسەر دەریاکەدا بەرەو وشکایی فڕی.

دیدالوس هەر زوو خۆڤ کەوتە دڵ کە ئەگەر خەڵکی ئەسینا بەم تاوانەی بزانن، ئاخۆ چی لەگەڵ دەکەن!؟. بۆیە "ئیکاروس"ی کوڕە جەحێڵی خۆی لەگەڵ خۆدا بردو شەوێ لە ئەسینا وەدەرکەوت و دوڕگەی کریت خۆت بگرە وا هاتم. ماینوس پاشا لەوێندەر بەمیهرەبانی پێشوازی لێکرد.

زۆری نەبرد کەدیدالوس بە هۆی خۆ هەڵقورتاندنەوە لە کارووباری خێزانداری پاشا، دووچاری گێرمەو کێشە بوو. بۆیە ماینوس پاشا، کوڕو بابی لەو دوڕگەیەدا زیندانی و دەست بەسەر کرد. دیدالوس لەو ژیانە وەڕەز بوو. هەر بیری کردەوەو بیری کردەوە تا رێگەیەك بدۆزێتەوە هەڵێ. بەڵام بەلەمی دەست نەدەکەوت. ئیدی هەموو رۆژێك دەیڕوانییە ئەو بەلەمە چارۆکەدارە سپیانەی کە بەسەر ئاوەکەوە دەهاتن و دەچوون: پڕ بەدڵ خۆزیای دەخواست کە یەکێك لەو بەلەمانە هی ئەو بوایە.

رۆژێك ئیکاروس کە تەماشای ئاسمانی دەکردو مەلانی دەبینی بەملاو بەولادا دەفڕین و ئەوجا دەیڕوانییە دەریاو کەشتی و بەلەمانی بەسەرەوە دەبینی، لە پڕ گوتی: باوکە دەزانی کاتێ کە کەشتییەکان بەسەر ئاوەکەوە دەڕۆن هەر لە باڵندەی گەورەی باڵ سپی دەچن. هەر دەڵێی خوشکی باڵندەکانن و وەکو ئەوان دەفڕن.

ئەم قسانەی کوڕەکە، ئۆخژنیان وەدڵ و دەروونی باوکەکە خست، باوکەکە لێبڕا کە هەوڵ بدات باڵ بۆ خۆی و کوڕەکەی دروست بکات و لەو دوڕگەیە، کە ماوەیەکی زۆر بوو تیایدا دەست بەسەر بوون، هەڵێ. بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ کەوتە دروستکردنی دوو جووتە باڵ. پەڕی هەمە جۆری هێناو پێکەوەی نان. بەدەست و قامکی هونەرمەندانەی خۆی لە شێوەی باڵی باڵندەدا رێکی خست. کە باڵەکانی ئامادەبوون، هات بەمێوی نەرم چەسپاندنی بە هەردوو شانی خۆی و کوڕەکەیەوە.

ئەوجا بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: ئیکاروس، کوڕم هەموو کاتێك هەر چاو لە من بکە. بۆ هەر شوێنێك رۆییشتم دوام بکەوە. چونکە ئەگەر زۆر بەنزمی بفڕی لە گینە ئاوی دورگەکە باڵەکانت لە جوڵە بخاتو ئەگەر زۆر بەرز بفڕی تینی هەتاو باڵەکانت دەسوتێنێ.

ئەوجا ئیکاروسی ماچ کرد. دوعای خێری کرد کە هیچ رووداوێکی ناخۆشی نەیەتە ڕێو دەستووری حەرەکەتی دایێ.

باب و کوڕ وەکو دوو باڵندەی گەورە بە ئەسپایی بەرزبوونەوەو کەوتنە حەوا. ماسیگرانو کەشتیوانان کە ئەو جووتە یان بەسەر سەری خۆیانەوە بینی وایانزانی کە خواوەندانن و نزیك بە زەوی دەفڕن. بۆیە هەموو کەوتنە سەرچۆکان و کڕنۆشیان بۆ بردن. بە خێرایی بەسەر دەیارو وشکیدا فڕین. باوکەکە، بەردەوام ئاوڕی لە کوڕەکەی دەدایەوە تا دڵنیا ببێ کە بە سەلامەتی هاوەدوایەوە.

ئیکاروس، تا ماوەیەکی کەم بە پێی ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی دیدالوس هەڵفڕی. بەڵام پاشان کەوتە لاساریو هەر کاتێك چاوی بابی لێ غافڵ بوایە بەرزو بەرزتر دەبووەوەو هەوڵی دەدا بگاتە قوڵایی ئەو ئاسمانەی کە بەسەر سەرییەوە شین شین دەینواند. لێ مخابن تا زیاتر بەرز بووەوە، تینی هەتاوەکە زیاتر لێی داو زۆری نەبرد کە گەرما زۆرەکە ئەو مۆمەی تواندەوە کە باڵەکانی پێ قایم کرابوو. باڵەکانی لە شانی بوونەوەو کەوتنە خوارەوە. ئیکاروسی قەلەندەر هەنووکە هیچ شتێکی نەبوو کە لە ئاسمان ڕای بگرێ. بەرەو خوار بووەوە. لە ترساندا هاواری بۆ باوکی کرد. کاتێك کە دیدالوس ئاوڕی دایەوە، سەری کوڕەکەی بینی کە لە دەریاکەدا نقوم دەبوو،و باڵە شومەکانیشی بەسەر ئاوەکە کەوتن. بابی قەلەندەر بەدەم فڕینەوە خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە کوڕەکەی تێدا نقوم بوو. لاشەی بێ گیانی کوڕەکەی دەرهێنایەوەو بە مەلە بۆ کەناری نزیکترین دورگەی برد. لەوێداو بە دڵی پڕ خەمو پەژارەوە گۆڕێکی هەڵکەندو ئیکاروسی بە خاك سپارد. کاتێ کە مژولی ئەو کارە بوو، هاوارێکی نا ئاشنای لە سەر سەری خۆیەوە ژنەوت. سەری هەڵبڕیو روانی. کەوێکی بینی کە بەسەر سەرییەوە دەفڕێ. دەمو دەست "پردیکس"ی بیرکەوتەوە کە چەد بێڕەحمانە کوشتبووی. و قەناعەتی هێنا کە مەرگی کوڕەکەی سزاو تۆڵەی ئەو تاوانەی خۆیەتیو هاتۆتەوە رێی.

تا زەمانێکی زۆر دوای ئەو رووداوە، دورگەی ناوبراو بە ئیکاروس ناسرابوو. ئەو دەریایەش کە کوڕەکەی تێدا غەرق بوو بوو بە دەریای ئیکاروس ناو دەبرا.

(18)

## فەرمانڕەوای ستەمکار

کاتێ کە "ئیجوس"ی پاشای شاری دێرینو بە نێوبانگی ئەسینا هێشتا گەنج بوو، رۆژێك بە دێیەکدا تێدەپەڕێ. لەوێ چاوی بە کیژێکی شۆخو شەنگ کەوتو دڵی چووە سەریو حەزی لێکرد. هەر لەوێ مایەوەو کیژەی خواست. کوڕێکیان بوو نێویان لێنا "تیسیوس".

منداڵەکە، هێشتا 3-2 مانگان بوو کە ئیجوس ناچار بوو بۆ ئەسینا بگەڕێتەوە. بەڵام بەر لەوەی وەڕێبکەوێت، شمشێرو سۆلەکانی خۆی لەبن خاك ناو تاوێرێکی گەورەی نانە سەر. ئەوجا رووی کردە هاوسەرەکەی و گوتی: کاتێ کوڕەکەمان گەورە بوو،و توانی ئەم تاوێرە لابەرێ، لێی گەڕێ با شمشێرو سۆلەکانی من هەڵگرێ و بێ بە شوێنمدا بۆ ئەسینا تا لەوێندەر بیکەم بە جێنیشینی خۆم. ئەوجا هاوسەرو منداڵەکەی خۆی ماچ کردن و وەڕێکەوت.

هەر لەو زەمانەدا کە تیسیوس هاتە دنیاوە، ماینوس شای فەرمانڕەوای کریتش کوڕێکی بوو. پاشای کریت ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست و زۆر بایەخی پێدەدا، کوڕە، هەر هەموو ئەو شتانەی کە لەو زەمان و رۆژگارەدا شایانی شازادان بوو، فێر بوو.

خەڵکی ئەسینا هەموو ساڵێك جەژن و ئاهەنگێکیان دەگێڕا کە هەموو لاوانی ئەسیناو دوڕگەکانی دەوروبەری، بەشدارییان تێدا دەکردو هەر کەسەو هونەری خۆی لە یاری و گەمەی هەمە جۆردا بۆ خەڵکی دەنواند، وەختێ شازادەی کریت گەورە بوو، بابی پێی گوت ئەگەر حەز دەکەی لەو جەژنەدا بەشداری بکە. ئەویش بەو بۆنەیەوە بۆ ئەسینا رۆیی.

لە ماوەیەکی کەمدا، کەم و زۆر جێی خۆی لە دڵی هەموو خەڵکی ئەسینادا کردەوە، چونکە کوڕێکی جوامێرو راستگۆ بوو،و لە هەموو ئەو یاریانەشدا کە بەشداری تیادەکرد، لەوانی دی بە هونەرتر دەینواند... تاقە کەسێك کە گوێی نەدەدایێ، ئیجوسی پاشای ئەسینا بوو. بەغیلی بەو لاوە بێگانەیە دەبرد. شەوێك، کاتێ کە کوڕە لاوەکە بۆ کریت دەگەڕایەوە، ئیجوس چەند پیاوێکی خۆی لە دوو ناردو لە رێگادا بێکەس کوژو رەشکوژیان کرد.

دەبوایە پاشای ئەسینا بە هۆی ئەو ستەمکارییەوە، لەلایەن خەڵکییەوە سەرزەنشتێکی زۆر بکرێ. بەڵام هەر لەو رۆژانەدا رووداوێك هاتە پێشێ کە شازادەی کریتی لە بیری خەڵکەکە بردەوە. ئەویش هاتنی شازادەی خۆیان بوو بۆ ئەسینا.

تیسیوس، هێشتا منداڵی ساوا بوو کە بابی بەجێی هێشتن. پاشان گەورە بوو. بوو بە گەنجێکی بەهێزو توانا. رۆژێك دایکی بردییە دیار ئەو شوێنەی کە شمشێرو سۆلەکانی بابی تێدا تاقەت کرا بوون. وەسێت و پەیامەکەی بابی پێ راگەیاند. ئەوجا گوتی کوڕەکەم، ئایا دەتوانی ئەم تاوێرە لابدەی؟ تیسیوس، دانەوییەوە. هەموو هێزو توانای خۆی خستەکارو بە ئاسانی تاوێرەکەی لابردو شمشێرەکەو جووتە سۆلەکەی بابی دەرهێنا. ئەوجا دوعاخوازی لە دایکی کردو بەرەو ئەسینا وەڕێکەوت.

سەفەر بۆ ئەسینا گەلەك خەتەر بوو. چەتەو رێگران لە هەموو پێچەکانی جادەکەدا خۆیان مەڵاس دابوو. دێوو درنجی دڕندە هەموو جۆرە داوێکیان بۆ رفاندنی رێبوارانی ناغافڵ نابووەوە. بێشەو لێرەوارەکانی هەردوو بەری جادەکە پڕ بوون لە جانەوەرانی سامناك و دڕندە. بەڵام تیسیوس، هەموو چەتەو رێگرەکانی کوشت و بە زیرەکی و فێڵ و دەهۆیان، خۆی لە دێوو درنجەکان خەلەساندو بە شیمشێرە تیژەکەی بابی هەموو ئەو جانەوەرانەی کوشت کە پەلاماریان دا.

ئـەنجام هـیلاكو شـەكەت، پێیـەكانی هـەموو تلۆقـە بـوون، لـە كاتێكـدا جەوهـەرو هەیبـەتی شـازادەیی بـە سـیمایەوە دیـار بـوو، گەییـە بـەر دەروازەی كۆشـكو بارەگاكـەی بـابی. ئیجـوس بـە بوونی كوڕێكی وەها جوانو دلێر یەكجار شادمان بوو. دەروازەی كۆشكی بۆ هـەمووان خسـتە سەرپشـتو شـار بـە بۆنـەی هـاتنی میراتگـری تـاجو تـەختی ئەسـیناوە غـەرقی شـادومانی بـوون، خەڵكی كردیان بە جەژن. لەبەر ئەمە بوو كە هیچ كەسێك سۆراغی شازادە لاوەكەی تری نەكرد.

لە كاتێكدا كە خەڵكی ئەسینا لە خۆشیاندا لە پێستی خۆ نەدەهێورین، ماینوسـی پاشـای كریـت، هـەموو ڕۆژێ چـاوی لـە ڕێـی گەڕانـەوەی كوڕەكـەی بـوو. لـێ مخـابن، بـە كـوژراوی لـە بێشـەیەكی نزیكـی شـاری ئەسـینادا فڕێ درابـوو. سـەرەنجام چـەند ڕێبوارێك دۆزی بوویانـەوەو تەرمەكەیان بۆ بابەكەی برد بووەوە.

ماینوس شا، كە جەنازەی كوڕەكەی بینیو بە حیكایەتی كوشتنەكەی زانی، چەندین ڕۆژ هەر گریا. ئەوجا سوێندی خوارد كە تۆڵە لە پاشای ستەمكاری ئەسینا بسـەنێتەوە، ڕۆژێك، ئیجوس لەگەڵ تیسیوسی كوڕی دا لە باخچەی كۆشكدا پیاسەی دەكرد. یەكێك بە پەلە خـۆی گەیانـدنێو هـەواڵی هێنـا كـە ماینـوس شـا بـەخۆو لەشـكرێكی گـەورەوە بـەرەو ئەسـینا دێ تـا تۆڵـەی خـوێنی كوڕەكەی بكاتەوە.

بۆیە جەژنو ئاهەنگ لە شاری پڕ خرۆشی ئەسینادا لە پڕو لەنكاودا كۆتایی هـاتو لـە هـەموو شوێنو لایەكەوە پەلە پەلو پەرێشـانیو سـەرگەردانی بـەدی دەكـرا!، چـونكە خـەڵكی بـە پـەلـە بـۆ شەڕ ئامادە دەبوون.

(19)

## كاكۆڵی ئەرخەوانی

ماینـوس شـا، تـوڕە بـوو بـوو، سـەراپای ڕقو نـەفرەت بـوو، سـوپاو قۆشـەنێكی فراوانـی سـازو تەیار كردو بـەرەو ئەسـینا وەڕێكـەوت. لـە ڕێگـەدا ناچـار بـوو بـە شـارێكی گـەورەدا تـێ بپـەڕێ تـا بگاتە ئەو كەنداوەی كە لەوبەری ئەو شارەوە بوو. بەڵام كە لە شارەكە نزیك بـووەوە بینـی دەرگـاو دەروازەكانی خڕ داخراونو خەڵكی ڕێ نادەن ئەو قۆشەنە بە شارەكەیاندا ڕەت ببێ.

ئیـدی قۆشـەنی شـا، لـە دەوری شـار لایـداو بارگـەی خسـت. خێوەتیـان هەڵـداو ئامـادەی گەمارۆدانی شار بوون. فەرمانڕەوای ئەو شارە پیرەمێردێكی سەر سپی بوو، سـەیر ئـەوە بـوو كـە ڕێك لە ناوەندی هەنێیەوە كاكۆڵێكی ئەرخەوانی هاتبووە خوارێ كە گوایـە ئاسـایشو سـەلامەتی

شار بەو کاکۆڵەوە بەند بوو، خەڵکی باوەڕیان وابوو کە هیچ بێگانەیەك ناتوانێ لە دەروازەکانی شارەوە وەژوور بکەوێ تا ئەو کاکۆڵە ئەرخەوانییە وەدەست نەهێنێ.

کیژی فەرمانڕەوا کە هەواڵی هاتنی لەشکری مایەنوس شای ژنەوت چووە سەر بورجێکی بەرزی ناو کۆشكو روانییە دەوروبەری خۆی. سەیری کرد لەشکرو قۆشەن لە دەرێی شورەو دیوارەکانی شاردا هەڵیانداوەو مایەنوس شا بە خۆی سواری ئەسپێکی سپی بووەو جلە ئەرخەوانییەکەی بەدەم باوە دەشەکێتەوە. مایەنوس شا پیاوێکی باڵا بەرزی بەشانو شەوکەت بوو. شازادە خانم هەر کە بینی حەزی لێکرد، ئیدی کەوتە خولیای ئەوە کە لە نزیکەوە پاشا بدینێو قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام زۆری خەفەت خوارد کە شەڕ کردبوونی بە دژمنی یەکتر! لە دڵی خۆیدا گوتی کاشکێ دەمتوانی لە دەروازەی شار وەدەربکەومو بچمە کنیو پێی بڵێم زۆرم خۆش دەوێ، لە پێناوی وەدەست هێنانی خۆشەویستی ئەودا، هەرچیم لە دەست بێت دەیکەم. هەر لەو کاتەدا بیرێکی تری بە مێشکدا هات: چ دەبێ ئەگەر دەروازەکانی شاری بۆ بخەمە سەر پشت؟! رەنگە خۆشی بوێم، بەڵام ئەم کارە ناکەم، چونکە ئەمە تەنیا خیانەت نییە دەرهەق بە شارەکەم، بەڵکو خیانەتە دەرهەق بە باوکیشم. بە دڵو بە گیان بابی خۆش دەویست. چونکە لەگەڵیا میهرەبان بوو. لە پێناوی شادمانیو بەختەوەری ئەودا چ درێغییەکی نەدەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا کە بە رۆژەوەو لەسەر بورجەکەوە مایەنوسی دەبینی، زیاتر ئەوەی لەلای دەچەسپی کە ئەو کارە تاقە رێگەیە بۆ وەدەست هێنانی ئەشقی ئەو. تا وای لێهات ئەو کارە ئەوەندە ترسناكو خەتەر نەدەهاتە بەرچاوی.

ئیدی ئەوە بوو شەوێك بە ئەسپایی خۆی وەژووری نووستنەکەی بابیدا کرد، زۆر بە پەلە کاکۆڵە ئەرخەوانییەکەی بڕی. هیچ شەرمی لەو کارە دزێوەی خۆی نەکرد.هەموو هۆشو گۆشی لای مایەنوس شا بوو. ئیدی لە ژوورەکە وەدەرکەوت. دەرگاو دەروازەکانی شاری خستنە سەر پشتو بە نێو تاریکی شەو کەوتو مایەنوس شا خۆت بگرە وا هاتم. گەییە بەردەم شای واق وڕماو گوتی: من کیژی فەرمانڕەوای شارمو کاکۆڵە ئەرخەوانییەکەی بابم بۆ هێناویت تا بتوانی بەو هۆیەوە دەست بەسەر شاردا بگری. فەرموو کاکۆڵەکەو ئەشقی منت پێشکەش، بەڵام مایەنوس شا، بە ترسەوە هەنگاوێك کشایەوەو هاواری کرد: چی؟! یانی ژیانی باوکت دەخەیە خەتەرەوە، ئازار بە شاری خۆت دەگەیەنی لە پێناوی خۆشەویستی بێگانەیەك دا؟! ئەوی ئەم کارە بکات هەموو کارێکی خراپی تری لە دەست دێو لێدەوەشێتەوە، بڕۆ من نە ئیشم بە خۆتە و نە مەسئولی کردارە دزێوەکەتم.

کاتێ کا مایەنوس شا ئەو قسانەی دەکرد، بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. پیاوەکانی خۆی بێدار کردەوەو بێئەوەی ئاوڕ لە کاکۆکەڵە ئەرخەوانییەکە بداتەوەو پشتی پێ ببەستێ، بە پشتیوانی چەكو دلاوەری خۆی، چووە نێو شارەوەو گرتی.

کە گەیینە کەنداوەکەی ئەو سەری شار، فەرمانی بە لەشکرەکەی دا کە کەشتییە لەنگەر گرتووەکانی کەنارەکە بکەنەوە، سواریان بنو لەوە پتر وەختی خۆیان بە فیڕۆ نەدەن. کاتێك کە

سەربازەکان ئامادە دەبوون تا بڕۆن، شازادە خانم لە کەنارەکەدا وێستا بوو، دەگریاو سەیری دەکردن.

ئەنجام کاتێ کە ماینوس، پەتی دوا کەشتی دەکردەوە، شازادە خانم خۆی هەڵدایە ئاوەکەوەو سوکانی کەشتییەکەی ماینوس شای گرتو هاواری کرد، من لەگەڵ تۆدا دێم، بتەوێو نەتەوێ هەر لەگەڵتدا دێمو ژیانی من بەبێ تۆ بێ مانایە. دەروازەکانی شارەکەم تازە لە من داخراون. بەڕاستی من ئەو خیانەتەم لە پێناوی تۆدا کرد. رەدوت دەکەوم، هەرچەندە دەرهەق بە شارەکەی خۆم خاینم، با بەلای کەمەوە لای تۆم بمێنێ. سەربازەکان بەپەلە لە کەشتییەکەیان دوور خستەوە. هەستی کرد بە خێرایی دەچێتە خوارێو لە ئاوی دەریاکەدا غەرق دەبێت. بەڵام لە پڕ کەلەشی سووک بوو، وەکو هەوا سووک بوو، بوو بە باڵندە.

بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە بەسەر ئەو شارەدا دەفڕی کە زەمانێك تێیدا ژیا بوو. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد قسان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بکات کە بە شەقامەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد باوکە ئازیزەکەی خۆی بدینێ. باڵەکانی لەو بورجە هەڵدەسوو کە یەکەمجار لە وێندەرەو ماینوس شای بینی. هەرچی دەکرد نەیدەتوانی لەوەی پتر لە کۆشکەکەی خۆی نزیك ببێتەوە.

باڵندەکانی تری ئاسمان، کاتێ کە بە واریقاتی ئەویان زانی بەرە بەرە لێی دوور کەوتنەوە. ئیدی بەو جۆرەو بە تاقی تەنێ ژیا. ئەمە سزای ئەو کارە دزێوە بوو کە کردی. سزای بڕینی کاکۆڵە ئەرخەوانییەکە بوو، چ کەسێك نەبوو خۆشی بووێت.

(20)

## سزای فەرمانڕەوای زۆردار

ماینوس شا، دوای سەفەرێکی کورتو بێ کەندو کۆسپ گەیشتە ئەسینا، وەکو چۆن پێشبینی دەکرا، دەروازەکانی داخرا بوونو نۆبەداریان بە دیارەوە دانا بوون، لەبەر ئەوە دەستووری دا کە لە دەوری شار بارگە بخەنو چاوەنۆڕی دەرگا کردنەوە بن.

ماینوس، لەگەڵ خۆیدا ئازوقەیەکی زۆری بۆ قۆشەنەکەی هێنا بوو، هەر کاتێکیش ئازوقەی لێ بڕایە دەیتوانی بە ئاسانی سەرباز بنێرێو خۆراك بێنن، بەڵام خەڵکی گەمارۆدراوی شار ئەو ئازوقەیەی کە خستبوویان خواردیانو ئیدی نەیانتوانی خۆراكو وەدەست بێنن. خۆ ئەگەر لە شاریش وەدەرکەوتبان، دەکەوتنە دەستی دژمن. بۆیە زۆریان لە برساندا مردنو زۆریان لەبەر بێ خۆراکی وەها بێ توانا بوون کە توانای شەڕکردنیان لەگەڵ سەربازانی تێر خۆراکی کریت دا نەبوو.

خەڵکی چوونە نك غەیبزانانو داوای تەگبیریان کرد، وەڵام درانەوە کە ئەگەر دەتانەوێ شار وێران نەبێ، ئەوا ماینوس شا هەرچییەکی ویست ئەنجامی بدەن. ئیدی قاسیدێکیان بۆ لای پاشای کریت نارد کە مەرجی چییە بۆ دەست هەڵگرتن لە گەمارۆدانی شار.

ئەگەر بیرتان مابێ لە حیکایەتێکی دیدا پێمگوتن کە ماینوس شا چەند لە دۆستایەتیدا میهرەبان بوو، ئەوەندەش لە دژمنایەتیدا بێ رەحمو دڵڕەق بوو. ئەوەی لە خەڵکی ئەسینای داواکرد بەڕاستی داوایەکی قورس بوو. بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە دڵی بابی داماو لە سووی کوڕەکەی خوێنی دەدەڵاند.

ماینوس گوتی: دەبێ هەمووساڵێك حەوت کوڕی گەنجو حەوت کیژی جوان بۆ کریت بنێرن. دەیاندەم بەو جانەوەرە دڕندەیەی (مینوتۆر) کە دیدالوس لە ژێر خانێکی هەزارویەك پێچو پەنادا بەندی کردووە، تا بیانخوات.

کە قاسید گەڕایەوەو مەرجەکانی ماینوس شای راگەیاند، خەمو پەژارەیەکی زۆر شاری داگرت. خەڵکی لە هەوەڵەوە بە خۆیان گوت کە ئەنجامدانو جێبەجێکردنی داواکانی ماینوس لە توانادا نییە. بەڵام کە ئامۆژگارییەکانی غەیبزانەکەیان وەبیر هاتەوە گوتیان هەڵبەتە ساڵی حەوت کوڕو کیژی لاو بێنە کوشتن باشترە لەوەی هەموو خەڵکی ئەسینا لە نێو بچن.

ئەوە بوو هەموو کوڕو کیژی گەنجی شاریان لە مەیدانی بازاڕدا خڕ کردەوە، تا بە تیرو پشك، کە بە ناچاری دەبوایە بکرێنە قوربانی، هەڵیان بژێرن. تیروپشکەکە بریتی بوو لە هەندێ گۆی سپیو رەش، ئەو چواردە کەسەی گۆیە رەشەکانیان ڕاکێشا، لەگەڵ ماینوس شادا رۆییشتنو بوون بە خۆراکی مینوتۆر.

ساڵی ئایندەو ساڵەکانی دواتریش ئەو کارە سامناکە ئەنجام درا، ئەسینیان، هەرچەندە زۆر لەو داواکارییە زاڵمانەیەی ماینوس شا بێزارو ناڕازی بوون، بەڵام زاتی شەڕیان نەبوو، بەڵام کە نۆرەی چوارەمین وەجبەی قوربانی هات، تیسیوسی شازادەی گەنجو خورت گوتی: من لەگەڵ شەش کەسی دیدا دەڕۆم یان ئەوەتا ئەسینا رزگار دەکەم یان منیش وەکو هەر قوربانییەکی دی لەگەڵ ئەم شەش کەسەدا دەکوژرێم، فەرمانڕەوای پیر هەوڵی دا ژێوانی بکاتەوەو ئەو بیرەی لە کەللە دەربێنێ، بەڵام بێ سوود بوو، شازادە سوێندی خوارد کە یان ئەسینا لە ژێر ئەو بارە گرانە دەردێنێ یان ئەویش لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخت دەکات.

## (21)
## هەودای رزگاری

کە رۆژی حەرەکەت هات، ئیجوسی فەرمانڕەوای ئەسینا بەدەم گریانەوە کوڕەکەی خۆی تا لای ئەو کەشتییەی کە ئاڵای رەش بەسەریەوە هەڵکرابوو و ئەو بەدبەختانەی بۆ کریت دەبرد،

بەڕێ کرد. زۆر پەژیوان بوو لەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە کردبووی، هەر بۆیەش دەبوایە سزاکەی بدات و لە تۆڵەی ئەو ستەمە زۆرەدا کە کردبووی، کوڕەکەی خۆی لە دەست بدات.

تیسیوس، ویستی دڵخۆشی بابی بداتەوەو گوتی: باوکە من گەنجێکی بەهێزم. من هێشتا منداڵ بووم چەندین دێوو خێوم کوشت. مەترسە. مینوتۆرەکە دەکوژم و سەرکەوتووانە بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە. ئەوەی گوت و ملی ڕێی گرت.

تیسیوس بە درێژایی سەفەرەکەی، هەوڵی دا بە قسەی پڕ ئومێد دڵی هاوڕێکانی خۆش بکات بەڵام ئەوان نائومێد بوون، چونکە پێیان وابوو هیچ مرۆڤێك دەرەقەتی ئەو دێوە نایەت و ئەمە جگە لەوەی هەر کەسێك پێ بنێتە ئەو بینا پڕ پێچ و پەنایەوە، ئیدی ڕێی هاتنە دەرەوە نادۆزێتەوەو ون دەبێت.

سەرەنجام کەشتییەکە گەیشتە دوورگەی کریت و لاوەکان بران بۆ بارەگای مایونس شا، زۆری دڵ بەو کوڕە گەنج و کیژە جوانانە سوتا، بەڵام هەر کاتێك تۆزقاڵە بەزەییەك بکەوتایە دڵی مایونس شا، چاوانی خۆی دەنوقاندو وای دەنواند کە سەیری جەنازەی کوڕەکەی خۆی دەکات و بەوەش وەکو هەمیشە دڵی ڕەش و ڕەق دەبوو، بەزەیی لە دڵدا نەدەما.

((ئەریادنی)) کیژی جوان و بە بەزەیی پاشا، لەلای بابییەوە وەستا بوو، کە ئەو کوڕو کیژە گەنجانەی بینی و بیری لەوە کردەوە کە بەم زووانە دەبن بە خۆراکی مینوتۆرە سامناکەکە، زۆر بەزەیی پێدا هاتنەوەو دەستی بە گریان کرد.

پاشا، لەنکاو چاوی بە تیسیوس کەوت و چاوەکانی درەوشانەوەو گوتی: تۆ میری ئەسینا نیت؟ تیسیوس بە شانازییەوە گوتی: جەنابی پاشا، من تیسیوسم، من تەنها یەك تکام لە جەنابتان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیجازە بفەرموون هاوڕێکانم ئەمشەو لە حەوشی کۆشکدا بخەون و من بە تەنێ بچم بۆ بینا پڕ پێچ و پەنایەکە، با ئەوان سبەی بە دووی مندا بێن.

پاشا گوتی مادامێکی میری لاو حەزدەکات بە تەنێ بمرێ بلا بە دڵی خۆی بکات. لە کاتی ئەم گفتۆگۆیەدا ئەریادنی سەیری دەکرد. کە گوێی لە قسەکانی میری دلێر بوو، گۆناکانی سوور هەڵگەڕان و دڵی کەوتە لێدان. لە دڵی خۆیدا گوتی نابێ ئەو قەلەندەرە بکوژرێ، ئێستا لەسەر منە ڕزگاری بکەم، مۆڵەتی خواست کە شەوێ تیسیوس تا بەر دەرگای بینا پڕ پێچ و پەناکە ڕێنوێنی بکات. کە دنیا تاریک بوو، لەگەڵیا لە کۆشك وەدەرکەوت.

شەو سایەقە بوو، ئاسمان ئەستێرەی لێ هەڵدەقولا، شنەبایەکی خۆشی دەهات و هێدی هێدی چارۆکەی ئەو کەشتییەی کە تیسیوسی گەیاند بووە ئەوێندەر، دەشەکاندەوە. کە گەیشتنە بەردەرکەی بیناکە، ئەریادنی هاتە قسان و گوتی: شازادە تیسیوس، دڵم بە حاڵی خۆت و یاوەرەکانت دەسووتێ، نابێ بەو ئاسانییە گیانتان لە دەست بدەن، تۆ دلێرو بەهێزی و شمشێرەکەشت تیژە، بۆچی نایەی جانەوەرەکە بکوژی و ئەمشەو لەگەڵ یاوەرەکانت هەڵێی؟

تیسیوس، نیگایەکی سوپاس ئامێزی ئەو کیژە دڵسۆزەی کرد و گوتی: شازادە خانمی جوان، من ئەوەندەم هێزو توانا هەیە کە بتوانم هەر جانەوەرێك بکوژم، بەڵام بیستوومە کە ئەگەر مینوتۆرەکەش بکوژم هەرگیز ڕێ دەرناکەم لەو بینا پڕ پێچ و پەنایە بێمە دەرێ. ئەوجا ئەریادنی،

داوێکی زۆر قایمی دایێ و گوتی سەرێکی ببەستە بە دەرگای بیناکەوەو سەرەکەی تری توند بە دەستی چەپەوە بگرە، پاش ئەوەی خێوەکەت کوشت داوەکە هەڵکەرەوەو بە ئاسانی وەرە دەرەوە.

تیسیوس، سوپاسی شازادە خانمی کردو،وەکو چۆنی پێ گوتبوو، وای کردو خۆی بەنێو بیناکەدا کرد، سەری داوەکەی توند گرتبوو و بە چەندین ڕاڕەوی پڕ پێچ و پەناو تاریکدا تێپەڕی و ئەنجام گەییە ناوەندی مەیدانێکی کراوەی سەر بەتاڵ، مینوتۆرەکە، لە وێندەر لێی خەوتبوو، چونکە بە تەما نەبوو تا سبەی بەیانی خواردنی بۆ ببرێت.

بە دزییەوە خۆی گەیاندە پشت ئەو جانەوەرە، دەترسا لە دەنگی پێیەکانی بێدار بێتەوە. ئەوجا شیرە بڕندەو تیژەکەی هەڵکێشاو سەری لەلاشە جوێ کردەوە. ئەوجا کەوتە گەڕانەوە وەکو چۆن ئەریادنی پێی گوتبوو. زۆر بە وریایی داوەکەی بەسەر دەستی خۆیدا هەڵکردەوە. وای هەست دەکرد کە هەرگیز لەو ڕاڕەوە تاریك و سامناکانە نایەتە دەرێ. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: تۆ بڵێی هەوداکە لە دەرگاکە بوبێتەوە. بڵێی ڕێم گوم کردبێ! بە هەرحاڵ بەدەم ترس و واهیمەوە هەر هات و هات تا ئەنجام گەیشتەوە بەر دەروازەی بیناکەو جارێکی دی ئاسمانی سامااڵ و پڕ ئەستێرەی بەسەر سەری خۆیەوە بینی. چونکە زۆر شەکەت و ماندوو بوو بوو، یەکسەر کەوتە سەر زەوی، تا ئەو کاتە ئەریادنی هەر چاوەڕێی بوو. ئێستاش خواردنی بۆ هێنا تا هێزی وەبەر بێتەوەو هانی دا کە بەو شەوە هەڵێ، تیسیوس، تکای لێکرد کە لەگەڵیدا بڕوات و ببێ بە هاوسەری. شازادە خانم قاییل بوو، چونکە هەر لە یەکەم جارەوە کە شازادەو هاوەڵەکانی بینی و بەزەیی پێیاندا هاتەوە حەزی لێکرد.

پێکەوە چوونە حەوشی کۆشك و کوڕو کیژەکانیان بێدار کردەوەو لە کاتێکدا هەموو سەرسام بوون لەوەی رووی دابوو، هەموو دووی تیسیوس و دەزگیرانەکەی کەوتن بۆ لای کەشتییەکە. کە هەموو سواری کەشتییەکە بوون، تیسیوس پەتی کەشتییەکەی کردەوە. کیژو کوڕان بە شادی و خۆشییەوە لەو سەر زەمینە دوور دەکەوتنەوە کە بە تەما بوون لەوێندەر بکوژرێن.

مینوتۆرەکە کوژرا بوو، ئیدی لەوە بە دواوە خەڵکی ئەسینا نەدەبوو ئەو باجە قورس و گرانە بنێرن بۆ پاشای کریت.

(22)

## وێران بوونی شاری بەدخووان

دەگێڕنەوە دەڵێن، هەبوو نەبوو شارێك هەبوو، خەڵکەکەی زۆر دڵڕەق و زۆردارو بەدخوو بوون، هەر غەریبێك ڕێی بکاوتەیەتە ئەو شارە، خەڵکەکەی لە بری بە قسەی شیرین و رووی خۆش خێر هاتنی بکەن و جێی بکەنەوە. دەرگایان لە رووی دادەخست، بگرە بەردبارانیان

دەکرد. منداڵە ورتکە، بە دوویان دەکەوتن و گاڵتەو قەشمەرییان پێدەکردن، دەمەلاسکێیان دەکردەوە. خۆ گەورەکان لە منداڵە ورتکەش خراتر بوون.

نێوبانگی بەدرەفتاری خەڵکی ئەو شارە لە هەموو جێیەك دەنگی دابووەوە. زاراوەی میوانپەروەری، وشەیەکی هەندێ دووردرێژە، بەڵام ماناکەی هەندە شیرین و دڵگیرە کە درێژییەکەی لە بیری پیاو دەباتەوە. ئەم وشەیە تایبەتە بەو کەسانەی کە دڵاوا خودان هەست و سۆزی ناسك، ئارەزوومەندانە جێی غەریبان و بێ ماڵ و حاڵ و سەرگەردانان دەکەنەوەو باشترین خواردنێك کە لە توانا دابێ دەیاندەنێ.

لە کۆندا، خەڵکی لە ئێستا زیاتر بایەخیان بە میوانپەروەری دەدا، هەر بۆیەش بەدرەفتاری خەڵکی ئەو شارە مایەی گلەیی و گازاندە بوو.

لە دەرێی ئەم شارەدا، کوخێکی چکۆلە هەبوو، گژو گیا دای پۆشی بوو، ژن و مێردێکی پیر لەو کوخەدا دەژیان. پیاوەکە فیلمۆن و ژنەکە باوسیسی ناو بوو، زۆر بێ حاڵ و بێ نەوا بوون، بەڵام وێڕای هەژاری و دەستکورتی خۆشحاڵ و دڵخۆش بوون، هەرکەسێك رووی بکردایەتە کوخەکەی ئەوان، بە شادمانییەوە دوا کولێرەیان لەگەڵیدا دەخوارد.

ئێوارانێك، دوو کەسی غەوارە لە دەروازەی شارەوە وەژوورکەوتن، یەکێکیان باڵا بەرزێکی رواڵەت پیاوانەی کەللە زلی سیما جوان بوو، هاوڕێکەی لاوێکی زیتەڵ و بە رواڵەت زیرەك و چاپوك بوو. بەڕاستی هەندێجار وەها دەهاتە بەرچاو لەتۆ وایە لە بری رێکردن دەفڕێ، چونکە لاقەکانی بە دروستی نەدەگەیینە سەر زەوی، کلاوێکی سەیری لەسەر نابوو، دار عەسایەك بەدەستی چەپییەوە بو کە نەخشی دوو مار لەسەر کەمەکەی پەپکەیان خواردبوو.

لە یەکەمین دەرگایان داو داوایان کرد کە بۆ تاقە شەوێك جێیان بکەنەوە. نەك هەر جێیان نەکرایەوە، بەڵکو زۆر قسەی ناشیرینشیان پێ گوترا، غەریبەکان، چەند ماڵێکی تریش گەڕان و لە هیچ شوێنێك بەخێر هاتن نەکران. ئەمە جگە لەوەی تاقمە منداڵێك لێیان خڕ بوونەوەو بەهۆی هاو فیکەکێشان دوویان کەوتن.

فیلمون و باوسیس، تازە لە کاری رۆژانەی خۆیان گەڕابوونەوەو لە نێو کوخە چکۆلەکەی خۆیاندا پاڵ کەوتبوون و ئیسراحەتیان دەکرد، کە گوێیان لە دەنگی هەراو زەنا بوو، لە ماڵ هاتنە دەرێ، کە چاویان بەو دوو غەریبە کەوت، نزیك دەبوونەوەو منداڵە ورتکە دوایان کەوتبوون، بەپەلە بەرەو پیریان چوون.

فیلمونی بە سالاچوو، گوتی: دۆستان، هەرچەندە کوخەکەی ئێمە، بچووکەو خواردنەکەمان چ نییە، بەڵام ئەگەر تەشریف بێننە ماڵی ئێمەو بە خواردنی ئێمە قاییل بن، ئەوا گەورەمان دەکەن.

غەریبەکان بە خۆشییەوە قاییل بوون، هەر زوو لە پەنا سۆپاکەوە جێگیر بوون. فیلمون، کۆتەرە داری تازەی خستە سۆپاکەوە تا ژوورەکە گەرمتر بێت، باوسیس خواردنی ئامادە کرد. بەزوویی هەموو شتێك ئامادەبوو، میوانەکان لەسەر سفرە دانیشتن، ژن و مێردی پیر، خواردنیان بۆ لە قاپ کردن. خواردنەکە بریتی بوو لە نان و شیرو هەنگوین و چەند بۆڵە ترێیەکی باخچەکەی خۆیان. بەو حاڵەشەوە پێ دەچوو غەریبەکان زۆر لەزەت لە نانەکەی خۆیان وەربگرن.

کاتێ کە پەرداخ لە دوی پەرداخیان لەو شیرە بەلەزەتە تەژی دەکردو هەڵیان دەقوڕاند باوسیس لە دڵی خۆیدا نیگەران بوو، دەیزانی بەو زووانە گۆزە شیرەکە تەواو دەبێت‌و چ شیرێکی تریش لە ماڵەوە نییەو خەجاڵەتی لای میوانەکان دەبن، بەڵام ئەوەی زۆر بەلاوە سەیر بوو، کاتێ روانییە ناو گۆزەکە، سەیری کرد شیرەکە هەر لە جێی خۆیەتی، هەرکاتێ کە میوانەکان شیرەکەیان تەواو دەکرد، گۆزەکە خۆبەخۆ تەژی دەبووەوە.

بەچپە ئەمەی بە گوێی فیلموندا دا، بەجووتە سەرنجیان دا سەیریان کرد هەنگوینەکەش زۆر لە جاران شیرینترو زەردترە بووە، بۆڵە ترێیەکان کە هی مێوە پیرەکەی خۆیان بوو، بووە بە هێشوی ئاودارو ئەرخەوانی. هەرچەندە سەرسامی ژن و مێردەکە لە ڕادەبەدەر بوو، بەڵام هیچیان نەگوت‌و بە بێدەگی پێشوازیان لە میوانەکان کرد. ئەنجام میوانەکان لە سەر سفرە ڕابوون‌و گوتیان تێر بووین‌و هەنووکە جێیەکمان دەوێ لێی بخەوین. ئەمڕۆ زۆرمان ڕێ کردووەو ماندوو بووین.

تاقەیەك ژووری نوستنیان هەبوو، باوسیس خێرا بردنی بۆ ئەوێندەر، پاش ئەوەی میوانەکان پاڵ کەوتن، ئەو ژن‌و مێردە لە عاردی‌و لە ئاشخانەکەدا لێی راکشان.

بەیانی زوو فیلمون‌و باوسیس لە خەو رابوون، تا ئەو تاقە قازەی هەیانبوو، بۆ قاوەڵتی میوانەکانی سەر بڕن. لە کاتێکدا کە خەریکی گرتنی قازەکە بوون، هەردوو میوانەکە لەبەر ئاستانەی دەرکەکە بەدیارکەوتن. گەورەکەیان گوتی بە دووی ئێمەدا وەرن بۆ سەر هۆو گردە، قەڵافات‌و دەنگی هێندە بەسام بوو کە ژن‌و مێردە ترسان‌و بە بێدەنگی دوویان کەوتن. کە گەیشتنە ترۆپکی گردەکە، غەریبەکان روویان تێکردن کە سیمای گەورەکەیان بینی ژن‌و مێردەکە تەواو ترسیان لێنیشت‌و لەرزیان لێهات، خۆیشیان نەیاندەزانی بۆ.

ئەوجا هاتە قسان‌و گوتی: ئەی جووتە میهرەبانەکە، چاك بزانن کە ئەو دوو غەریبەی ئەنگۆ داڵدەتان دان‌و بەو هەموو بەخشندەیی‌و دڵاوایی‌و میهرەبانییەوە پێشوازیتان کردن، خواوەندن، دەی ئێستا بڕواننە شارەکەتان.

فیلمون‌و باوسیس سەیریان کرد. چاوی خۆیان هەڵگلۆفت‌و دووبارە بەسەر سامی روانیان، ئەو شوێنەی کە تا تۆزێ لەمەوبەر شارێکی ئاوەدان بوو، نووکە بوو بوو بە دەریاچەیەك‌و لەبەر تیشکی هەتاوی بەیانیدا دەدرەوشایەوە. ئەو خەڵکە بەدخووەو ماڵەکانیان هەموو لە نێو چوو بوون. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك سەیرتر بوو، ئەوە بوو کە لە جێی کوخە چکۆلەکەی ئەواندا پەرستگەیەکی گەورەو شکۆدار ڕۆنرا بوو، کۆڵەکەو ئەستونەکانی مەڕمەڕو زێڕ بوون، دەرگاکانی عاجی جەواهێر نیشان بوو.

ژۆپیتەر، کە ئەو کارە سەیرەی ئەنجام دابوو، بزەیەکی بە رووی ئەو ژن‌و مێردەدا داو گوتی: ئەی هاوسەرانی میهرەبان، لە خەڵکی ئەم شارە تەنیا ئێوە رزگار بوون، کوخەکەی ئێوەم کرد بەخانەی خودایان، ئێستاش بەر لە ڕۆیشتنی من هەر داویەکتان هەیە سەرپشك بن تا بۆتان جێبەجێ بکرێ.

فیلمـۆن‌و باوسـیس، تۆزێـك بیریـان كـردەوە. ئـەوجا پێكـەوە گوتیـان داوای ئێمـە ئەوەیـە كـە هەردووكمان تا لە ژیاندابین بكەی بە زەیـەوان‌و پاسـەوانی پەرستگە جوانەكەی ئـەنگۆو كارێكی وەها بكەن كە هەردووكمان پێكەوە بمرین، تا یەكێكمان نەمێنێ‌و داخ بۆ ئەوی تریمان بخوات.

ژۆپیتـەر، بـە دەنگێكـی بـە سـۆزەوە گـوتی داواكـەتان جێبـەجێ دەكـرێ. لـەو كاتـەدا ژۆپیتـەرو هاوڕێكەی لە چاو ون بوون. دڵنیام كە لەم ماوەیەدا ئەوەتان بۆ دەركەوت كە هاوڕێكەی ژۆپیتـەر، میركوری بوو.

فیلمون‌و باوسیس، كە ساڵانێكی دوورو درێژ زەیەوان‌و پاسەوانی ئەو پەرستگەیە بوون، هـەر كاتێـك غەریبەیـەك دەهاتـە ئـەو ئاوەدانییـە بـە رووخۆشـی پێشـوازیان دەكـرد‌و بـە میهرەبـانی خزمـەتیان دەكـرد. چـونكە ئـەو دووانـە لـە رۆژانـی بەختەوەریشـدا، رێـك وەك رۆژانـی هـەژاری‌و دەستكورتی هەر دڵاواو میوانپەروەر بوون.

بەمجۆرە، عەمرێكی زۆریان كرد، ئەوەندە پیر بوون كە ئیدی ژیانیان لەبەر چاو كەوت‌و چیتر بە عەزرەتی ژیانەوە نەبوون.

رۆژێـك دەمـەو ئێـوارێ، دەسـت دەنێـو دەسـتی یەكدی‌و بەرانبـەر پەرسـتگەكە وەسـتا بـوون‌و بیریان لە ساڵانی دوورو درێژی پڕ لە خۆشی ناو پەرستگەكە دەكردەوە، لـەنكاو هـەردووكیان ون بوون. لە جێی ئەواندا دوو درەختی گەورە پەیدا بوون كە لق‌و پۆپیان تێك رژابوون‌و بـەجۆرێ چوو بوون بە یەكدا لە تۆ وایە رازو نیازی دڵداری بەگوێی یەكدی دا دەچپێنن.

بەمجۆرە ئەو ژن‌و مێردە میهرەبانە بە ئاواتی خۆیان گەیشتن‌و هـەردووگیان لـە یـەك كاتـدا لـە دنیـا دەرچـوون، لـە جێـی ئـەوان ئـەو جووتـە درەختـە گەورەیـە روان‌و سـەدان سـاڵ لەبـەردەم پەرستگەكەی ژۆپیتەردا مانەوە.

ئـەو غەریبانـەی كـە دەهاتنـە ئەوێنـدەرو چیرۆكی ناسـك‌و دڵگیری فیلمـۆن‌و هاوسـەرەكەیان دەژنـەوت، چـەپكە گوڵیـان بـە لق‌و پۆپی ئـەو درەختانـەدا دەكرد‌و لـە سێبەرەكەیدا دادەنیشتن‌و گوێیان لە ئاوازی ئەو شنەبایە دەگرت كە خۆی بە نێو پەلك‌و گەڵای درەختەكاندا دەكرد.

(23)

## ئەو خەونەی كە هاتەدی

دەمەوێ سەربوری ((سیيكس)) شاو شابانو ((هەلسیونی)) تان بۆ بێگڕمەوە كە چۆن‌و چەند یەكتریان خۆشدەویست. پاش ئەوەی ساڵانێكی زۆریـان بـە شادمانی پێكـەوە بەسـەر برد، پاشا ناچار بوو بڕوات بۆ وڵاتێكی زۆر دوور تا راوێژ بـە غـەیبزانێك بكات، بەڕاستی زۆری لەبەر گران بوو كە ئەو ماوە دوورو درێژە لـە هەلسـیونی دوور بكەوێتـەوە. شابانۆ ویسـتی لـە سـەفەرەكەی

ژیوانی بکاتەوە. لە مەترسی دەریاو هەستانی لافاو ئاگاداری کردەوە. سەرەنجام کە زاتی پاشا هەر سوورە لەسەر سەفەری خۆی، تکای لێکرد کە ئەمیش لەگەڵ خۆیدا ببات. سییکس گوتی ناتوانم تۆ بخەمە ئەو تالوکەیەوەو هەرچەندە دووری تۆ ئازارم دەدات، بەڵام هەر دەبێ بڕۆم‌و پەیمان دەدەم کە ئەوەندەی لە توانامدا بێ زوو بگەڕێمەوە.

کەشتی ئامادە کرا، ڕۆژی حەرەکەت زۆر زوو هات، ژن‌و مێرد دەستی یەکیان گرت‌و چون بۆ ئەو شوێنەی کە کەشتییەکە لەنگەری گرتبوو. لەوێندەر بەوپەڕی خۆشەویستییەوە دوعا خوازیان لێکدی کردو جیا بوونەوە، هەلسیونی بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە وای دەنواند کە پێدەکەنێ‌و تەنیا باسی ئەو زەمانەی دەکرد کە کاتی گەڕانەوەی کەشتییەکە بوو بەرەو وڵات.

لە کەناری دەریاکەدا وەستاو تا کەشتییەکە لە چاو ون بوو هەر دەستی تەکان دا، تەنیا ئاوی دەریاو تیشکی هەتاوەکە بەرچاوانی پڕ فرمێسکی دەکەوتن. ئیدی خەمین‌و خەمبار بۆ کۆشکەکەی خۆی گەڕایەوە.

لەو کاتەدا ئەو کەشتییەی کە سییکس‌و کەشتیوانەکانی دەبردو بە پەلە وەپێش بایەکە کەوتبوو، چارۆکەکانی بە شادییەوە دەشەکانەوەو سەرنشینەکانی شادو دڵخۆش بەدەم گۆرانییەوە مژولی کاربوون. سییکس لە بیری هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆیدا بوو و دوعای دەکرد کە لە کاتی دووری ئەمدا هیچ ناڕەحەتی‌و تەنگوچەڵەمەیەکی نەیەتە ڕێ.

ماوەیەك بە خۆشی بوری، بەڵام ئێوارەی ڕۆژی پێنجەم هەورێکی تاریك بەری ئاسمانی گرت‌و لافاوو تۆفانێکی بەترەف هەستا، زۆری نەبرد کە ئەو دەریا هێدی‌و ئارامە، بوو بە زنجیرە کێوێکی گەورەی ئاو، پەیتا پەیتا سەری سپی خۆیان بە قەراخی ئەو کەشتییە لەقەدا دەکێشا.

شەو هات، لافاوەکە توڕەتر بوو. تاریکییەکی چڕ هەیف‌و ئەستێرەکانی داپۆشی. جار جار ڕووناکی بە شەوارە خەری هەورە تریشقە دڕی بە تاریکییەکە دەدا. هاڕەی شەپۆلان‌و شریخەی هەورە تریشقە دنیای هەڵگرت. کەشتیوانەکان هەرچییان کرد گوێیان لە دەنگی سییکس نەبوو کە دەستووری فرمانی دەدانێ.

زوو بە زوو چارۆکە دڕاوەکان بە دارە شکاوەکانیانەوە شۆڕ بوونەوەو ئاو لە هەموو لایەکەوە هەوڕوژمی کردە نێو کەشتییەکەوە، ئەنجام دەنگی شکان‌و هاوارو ناڵە هەستاو پاش تۆزێك کەشتییەکەو هەموو نەفەرەکانی ناوی لە ئاوی توڕەدا غەرق بوون. تەنیا سییکس، خۆی بە تەختە دارێکەوە گرت‌و بۆ ماوەیەکی کەم لە چنگ مەرگ خەلەسی. بەڵام شەپۆلان وەپێشیان دا، بەرزیان کردەوەو لە بنیان نا، لەو کاتانەدا کە بەسەر ئاوەکەوە بوو وای هەستکرد کە دەموچاوی هاوسەرە خۆشەویستەکەی دەبینێ. لە کۆتاییدا شەپۆلێکی زەلام‌و بە قوەت لەبەردەمی دا هەستا، بەر لەوەی غەرق بێ‌و وەبن ئاوەکە بکەوێ ئەوەندەی دەرفەت وەدەست هێنا کە هاواری پڕ کەسەری ماڵاوایی بکات: هەلسیونی، هەلسیونی.

هەلسیونی، ڕێك لەم کاتەدا زۆر بە بێ تاقەتییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی بوو، هەموو بەیانییەك دەچووە پەرستگەکەی ژۆنۆو دوعای دەکرد کە گیانی مێردەکەی لە بەڵا دوور بێ‌و زوو بۆ لای ئەم بگەڕێتەوە. ئاقیبەت ژۆنۆ حەوسەڵەی بیستنی ئەو دوعایەی نەما کە بۆ سەلامەتی

پیاوێك دەكرا كە مردبوو.ئیدی پەیامنێرەكەی خۆی (ئایریس) بانگكرد و فرمانی دایێ كە بچێ بۆ بارەگای خواوەندی خەوو پێی بڵێ خەونێك بۆ هەلسیونی بنێرێ كە مەرگی سییكسی پێ رابگەیەنێ.

ئایریس، جلكی پەلكە رەنگینەی لەبەر كرد، بەپەلە بە ئاسماندا فڕیو گەییە ئەشكەوتی تاریكی ((سامنوس))ی خواوەندی خەو، هیچ كاتێك تیشكی هەتاو لە ناو ئەو ئەشكەوتەی نەدەدا، تاریكییەكی چڕو شەوو ڕۆژ دای گرتبوو، نە سەدای مەلانو نە حەپەی كسۆكان خامۆشیو بێدەنگی بارەگای ئەو خواوەندە رەشتاڵەیەی نەدەشڵەقاند. لەبەردەم ئەو ئەشكەوتەدا خەشخاشو گیای دەرمانی تر كە خەڵكی دەكردە خەو، ڕوا بوو. سامنوس لە ناوەندی ئەشكەوتەكەداو لەسەر تەختێكی دار ئەبەنوسی ڕەش دا ڕاكشا بوو، خەوتبوو، شەبەنگانی سێبەر ئاسای خەونو خەیاڵ وەكو تەم دەوریان دابوو.

كاتێ كە ئایریسی جوانو نازدار وەژووركەوت، روناكییەكی شكۆداری وەها لە ژوورەوە پرشنگی دا كە پێشتر ئەو شوێنە هەرگیز رووناكی وەهای بە خۆیەوە نەبینی بوو. سامنۆس بەو رووناكییە بێدار بووەوە، بە چاوانی خەواڵووە سەری هەڵبڕی، ئایریس گوتی:

ئەی خەون، ئەی بەسەبرترین خواوەند، ئەی ئەو كەسەی ئارامیو ئاسایش بەدڵو مێشكی ماندوو دەبەخشێت. من، ژونۆی مەزن بۆ لای تۆی ناردووم تكا دەكات كە شەبەنگێك لە شێوەی سییكس دا بنێرییە خەونی هەلسیونی تا لە غەرق بوونی كەشتییەكەی ئاگاداری بكاتەوە.

ئایریس، پاشان لەو تاریكییە وەدەرهاتو كەوتە ئاسمانی رووناكو پڕ هەتاو، سامنوس ناسكترین شەبەنگی هەڵبژاردو دەستووری دایێ كە بچێتە پێستی سییكسەوەو شەوێ بچێتە خەونی هەلسیونی. شەبەنگەكە لە شەقەی باڵی داو كەوتە ئاسمان، نەوەستایەوە تا گەییە كۆشیكی شابانۆ، وەژوور كەوت، لە شێوەی مێردە خۆشەویستەكەیداو لە حاڵێكدا ئاو بە قژی دا دەهاتە خوارێو جلەكانی یەكپارچە قەوزەو سەدەف دەریایی بوو، لە كەنار تەختی نووستنەكەیەوە وەستا، بە دەنگێكی غەمگین، حاڵو حەكایەتی غەرق بوونی كەشتییەكەی بۆ گێڕایەوەو لە كۆتاییدا گوتی: لە ئێستا بە دواوە بۆ ئەو سەفەر كردووە مەگری. چونكە تازە مردووەو هەرگیز ناتوانێ بۆ لای هەلسیونی خۆشەویستی بگەڕێتەوە.

هەلسیونی بە دەم هاوارەوە لە خەو راپەڕی... شەبەنگەكە وەها لە هزری دا بەرجەستەو حەقیقی نواندی كە بۆ شوێن پێییە تەڕەكانی گەڕا، بەڵام شەبەنگەكە چ شوێنەوارێكی لە دووی خۆی بەجێ نەهێشت. ژوورەكە چۆڵو خامۆش بوو. ئەم خەونە بە جۆرێ نیگەرانی كرد كە خەوی زڕاو نەیتوانی بخەوێتەوە. هەستا، جلی لەبەر كردو لەگەڵ گەردی بەیاندا بە پەلە خۆی گەیاندە كەناری دەریاكە تا جارێكی دی، بڕوانێتە ئەو شوێنەی كە بۆ دواجار ئەو و مێردەكەی دوعا خوازیان لێكدی كردبوو، ماوەیەك بوو لەوێندەر وەستا بوو، كە لە دوورەوە شتێكی سپی بەدی كرد كە شەپۆل گەمەی پێدەكرد.لە كەنارەكە نزیك و نزیكتر دەبووەوە، هەلسیونی لە كاتێكدا كە دڵی لێی دەداو بە خۆشی هۆی ئەمەی نەدەزانی، سەرنجی نزیك بوونەوەی ئەو شتەی دەدا.

ئەنجام شەپۆلێکی گەورە خۆی بە کەنارەکەدا کێشاو لاشەی بێ گیانی سییکسی فڕێ دایە بەر پێی ئەو. قەوزەو سەدەف داپۆشی بوو، ئاو لە قژی دەچۆڕا. ڕێك وەك چۆن شەوی بەرێ لە خەودا دیتبووی، لە کەناری لاشەکەدا بە چۆکدا هات، گریاو هاواری کرد، ئازیزەکەم، کەواتە خەونەکەم بەراست دەرچوو. هەرچی سەری هێناو سەری برد نەیدەتوانی بە بێ ئەو لەم ژیانەدا هەڵبکات، مردنی لەگەڵ ئەوی پێ باشتر بوو لە ژیانی بێ ئەو. بۆیە چووە سەر گردۆلکەیەکی قەراخ دەریاکەو خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە، بەڵام غەرق نەبوو، خواوەندان بەزەییان بەو ژن و مێردە ئاشقەدا هاتەوەو کردیانن بە جووتێ سەقاقوشی سپی کە هەمیشە لە دەریادا بژین.

دەریاوانان دەڵێن لە تۆفانی ترین و پڕ لافاوترین دەریادا هەموو ساڵێك حەوت ڕۆژی ئارام هەیە کە لەو ماوەیەدا ئاو وەکو شووشە سافەو خۆشترین شنە دێت، لەو کاتانەدا لەوانەیە سەقاقوشان ببینی کە بەسەر ئاوەوەن بە هۆی ناوی ئەو باڵندانەوە کە دەڵێن ئەو ئارامییە لەگەڵ خۆیدا دێنن، حەوت ڕۆژی نێوبراو بە ڕۆژانی هەلسیونی ناسراوە.

(24)

## بەسەرهاتی کەوڵی زێڕین

(1)

### *فڕین لەسەر پشتی بەران*

هەبوو نەبوو، لە ڕۆژگاری کۆندا، لە وڵاتی یوناندا پاشایەك هەبوو، ئەم پاشایە ژنێکی جوانی هەبوو نێوی (نیفلی) بوو.

(نیفلی) واتا هەور، شابانۆی گەنج و شۆخ هێندە جوان بوو، هێندە ناسك بوو، هێندە نەرم و نیان بوو، پەڵەهەوری نەرم و پاراوی قەراخ زێڕینی زەردەپەڕی ئێوارەی هاوینانی وەبیر دێنایەوە.

شاو شابانۆ، دوو منداڵیان هەبوو. کوڕێك بە نێوی فریکزۆس و کیژێك بە نێوی هیلی. هەموو پێکەوە بەشادی دەژیان، تەنیا یەك خەمیان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو لە ڕۆژانی گەرمای هاویندا کاتێك کە هەوران بە ئاسمانەوە نەدەمان (نیفلی) زەرد هەڵدەگەڕا. باریك و وبنێس دەبوو. لە ماڵی خۆی وەدەردەکەوت و پاش ماوەیەکی دوورو درێژ کاتێ کە هەوری پەڵەی پاراوو تێر دووبارە بە ئاسمانەوە پەیدا دەبوون، ئەویش دەگەڕایەوە.

بەڕاستی هەندێ کەس دەیانگوت، هەوران خوشکی شابانۆن و هەر کاتێ ئەوان بە ئاسمانەوە نەمان دەبێ نیفلی-ش لەگەڵ ئەواندا بۆ شوێنێکی دوور سەفەر بکات.

بەهەرحاڵ، وای لێهات پاشا لە سەفەری دوورودرێژی هاوسەرەکەی بێ تاقەت بوو، بەڕێکەوت کیژێکی گەنجی چاوڕەش بە نێوی (ئینو) لەو شارەدا دەژیاو زۆری حەز لە پاشا کردبوو، ئەم کیژە جادوگەر بوو، وای لە پاشا کرد کە هەموو شتێك لەمەڕ نیفلی خێزانی لە بیر بکات. زۆری نەبرد پاشا ئەو کیژە چاوڕەشەی خواست.

ئینو، چاوی بەفریکزوس‌و هیلی دا هەڵنەدەهات، چونکە منداڵی خۆی نەبوون‌و زۆر جوان بوون. بۆیە هەر زوو کەوتە بوغزاندنیان، ناچاری کردن جلکە جوان‌و گرانبەهاکانیان دابکەنن‌و جلکی کۆنە لەبەر بکەن‌و لەگەڵ منداڵە شوانکاراندا بژین، رۆژگاریان بە دیار پەزانەوە لە بناری کێواندا بەسەر دەبرد. پێموایە فریکزوس و هیلی بەو حاڵەشەوە هەر بە خۆشی‌و شادی دەژیان. چونکە زۆریان پێ خۆش بوو کە رۆژ بە دەم گەمەو هەڵبەزو دابەزەوە لەودەشت‌و دەرە سەوزانییە بەسەر بەرن. منداڵی تەندروست‌و لەش ساغ‌و سەلامەت ئەوەندە لە خەمی خۆراک‌و جل‌و بەرگ دا نین. تاقە خەمیان دووریان بوو لە دایکە شۆخ‌و شەنگ‌و خۆشەویستەکەیان (نیفلی).

نیفلی لە مێژ بوو سەفەری کردبوو. بە درێژایی رۆژانێکی زۆر ئاسمان هەر سایەقەو سامانڵ بوو. دڵۆپە بارانێک نەباری.

کێڵگەو مەزرایان وشکی کرد. هەڵپرۆکان، بەروبووم هەموو سیس بووەوەو هەڵوەری. خواردن دای لەکزی‌و بەشی خەڵکەکەی نەدەکرد. لە هەموو شوێنێک لە برساندا دەمردن.

ئەنجام پاشا پەیامنێرێکی نارد بۆ لای غەیبزانێک کە لە شارێکی دورا دەژیا: تا لێی بپرسێت کە پاشا چی بکات تا خۆراک‌و فەریحی‌و ساغ‌و سەلامەتی بۆ میللەتەکەی دەستەبەر بکات. ئینوی شابانۆی دڵڕەق ئەم هەلەی قۆستەوەو قاسیدو پەیامنێرەکەی بە بەرتیل‌و نەرم کردو ناچاری کرد کە گوتەکانی کابرای غەیبزان هەڵگێڕێتەوەو وا بنوێنێ کە دەبێ فریکزوس و هیلی بکرێنە قوربانی.

دیارە ئەم پەیامنێرانە، خەڵکانێکی خراپ‌و تەبیعەت سووک بوون.چونکە ئامادە بوون لە پێناوی کەمێک زێڕدا زەمینە بۆ کوشتنی ئەو منداڵانە خۆش بکەن. دوای ماوەیەک گەڕانەوە خزمەتی پاشاو بەدرۆ هەواڵیان دایێ کە گوایە غەیبزان گوتوویەتی کاتێ خێرو بەرەکەت‌و ئاسایش بۆ وڵاتی ئێوە دەگەڕێتەوە کە فریکزوس‌و هیلی نەمێنن.

پاشا هێندە شەیدای ئینو بوو کە ئەو هەواڵە دڵتەزێنە هیچ غەمگینی نەکرد. بەڵکو فرمانی دا کە ئامۆژگارییەکانی کابرای غەیبزان جێبەجێ بکرێ.

هەموو شتێک سازدرا، چەپکە گوڵیان بە هەردوو منداڵەکەدا کرد. قوربانی لە ماڵ برانە دەرێ. وەختێ لە کوشتنگە نزیک بوونەوە، لەنکاو بەرانێکی کەوڵ زێڕین لە ئاسمانێ ڕا هاتە خوارێ. نیفلی، هەرچەندە لە منداڵەکانییەوە زۆر دوور بوو، بەڵام هەموو دەمێک بە سۆزەوەو دووراودوور چاودێری دەکردن‌و ئاگای لە حاڵیان هەبوو. بۆیە بەر دەرکی خواوەندانی گرت‌و لێیان پاڕایەوە کە فریای منداڵەکانی بکەون، خواوەندان دوعاکەیان گیرا کردو بەرانێکی زێڕینیان بۆ سەر زەوی نارد. فریکزوس، وەکو بروسکە خۆی هەڵدایە سەر پشتی بەرانەکە، هیلی-ش لە پاشکۆیەوە سوار بوو. لە چاو تروکانێکدا لەو خەڵکە سەرسامەی ژێریان دوور کەوتنەوە.

بەرانەکە، بەسەر دەشت‌و دەریایاندا بردنی، سات بەسات خێراتر دەڕۆیی. هیلی ماندوو بوو. سەری گێژ بوو، لەسەر پشتی بەرانەکە خزی، کەوتە ئەو کەنداوەوە کە بەسەریدا تێ دەپەڕین. غەرق بوو، ئیدی لەو رۆژەوە ئەو کەنداوە ناونرا کەنداوی (هیلسپۆنت).

بەڵام فریکزوس، توند خۆی بە پشتی بەرانەکەوە قەرسانداو ئەنجام لە وڵاتی (کولن خیز)دا کە زۆر لە وڵاتەکەی خۆیەوە دوور بوو، دابەزین، فریکزوس لەوێ مایەوە، کیژی فەرمانڕەوای ئەوێندەری خواست.

زۆری نەبرد کە بەرانەکە، لە ئەنجامی ئەو هەموو سەفەرە دوورو درێژەی بەسەر دەشت و دەریایاندا کردبوونی، پساو مرداربووەوە، فریکزوس، کەوڵی کرد. کەوڵەکەی بە درەختێکی نێو بێشەیەکەوە هەڵواسی و حەزیایەکی بەسام و ترسناکی کرد بە پاسەوانی.

دوای ساڵ و عەیامێکی زۆر فریکزوس مرد. پاشایەکی تازە حوکمی (کولن خیزی)ی گرتە دەست، بەڵام گەورەترین سامان و گەنجینەی سەرانسەری ئەو وڵاتە ئەو کەوڵە زێڕینە بوو کە لە بێشەکەدا هەڵوسرابوو.وحەزیا ترسناکەکە شەوو ڕۆژ پاسەوانی دەکرد.

(2)

***سەفەری کەشتیی ئارگۆ***

ڕۆژگارو ساڵانێکی زۆر دوای مردنی فریکزوس، شاو شاژنێك لە وڵاتێکدا دەژیان و تاقە کوڕێکیان هەبوو بە نێوی (جیسون)، پاشای ئەو وڵاتە کە نێوی (ئیسون) بوو، هەرچەند بێ دەسەڵات بوو، بەڵام بە بەزەیی و دڵاوا بوو. ڕۆژێك مامی جیسون بە لەشکرو قۆشەنێکی زۆرەوە هات و پاشاو ماڵ و منداڵەکەی لە وڵات وەدەرنا، ئیدی لەوە بەدواوە برای داگیرکەر حوکمی وڵاتی گرتە دەست و پاشای ڕاستەقینەش لە شوێنێکی دورا، بە گومناوی و دەستکورتی دەژیا، بەڵام وێڕای بێ ئەنوایی و بێکەسی، کوڕە چکۆڵانەکەی خۆی وەکو شازادەیەك پەروەردە کرد. لەو سەروبەندەدا بە ئاوەزترین پیاوی جیهان (قەنتورێك) بوو بە نێوی (کایرونی) ئەمە نیوە مرۆڤ بوو. چونکە وەکو دەزانن، لەش و لاقی قەنتوران، لەش و لاقی ئەسپەو شان و باڵیشی هی مرۆڤە. کایرون گەلەك فرەزان و زۆر میهرەبان بوو. چەندین پاشا منداڵی خۆیان بۆ پەروەردە کردن ناردبووە لای ئەو.

بەمجۆرە، جیسونی بچکۆلە چوو بۆ ئەشکەوتەکەی کایرون کە لە ترۆپکی چیادا بوو. قۆناغی لاوی لەوێندەر بەسەر برد.

لە کایرونەوە فێری ڕاوو ماسی گرتن و شمشێر بازی بوو. لە هەموو ئەمانە باشتر فێری ڕاستگۆیی و میهرەبانی بوو.

جیسون، گەورە بوو،، بوو بە پیاوێك. کایرون پێی گوت کە تۆ کوڕی ئەو ئیسون پاشایەی کە تەخت و تاجەکەیان لێ زەوت کرد. ئێستا دەبێ بڕۆی و وڵاتەکەی بابت وەربگریتەوە.

کە کاتی دوعاخوازی هات، کایرون تا بناری چیاکە لەگەڵ جیسوندا ڕۆیی و گوتی: کوڕەکەم، ئەم دەرسانەی فێرم کردویت لە بیر نەکەی. هەمیشە ڕاستگۆ بە. دروستکار بە، هەر کەسێك پێیوستی بە یارمەتی تۆ هەبوو، لەگەڵی بەبەزەیی و میهرەبان بە.

ئەوجا جیسون وەڕێکەوت، کە ماوەیەك ڕۆیی گەییە ڕوبارێك، بارانی بەهاری بەسەردا باری بوو و ئاوەکە تەواو هەستا بوو، پیرێژنێك لە کەناری ڕوبارەکەدا وەستا بوو، لە کنوکۆی ئەوەدا

بوو کەسێك یارمەتی بدات و بیپەڕێنێتەوە. جیسون، ئامۆژگارییەکانی کایرونی هەر لە یاد بوون. بۆیە لەگەڵ پیرێژنەکەدا قسەی کردو پێشنیازی کرد کە بیپەڕێنێتەوە ئەوبەری روبارەکە. پیرێژن بە خۆشحاڵییەوە قاییل بوو، جیسون، پیرێژنی لە کۆڵ کردو بەناو روبارەکە کەوت. ئاوەکە زۆری بۆ هێنا. بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە مقاوەمەتی کرد، کاتێ پیرێژنەکەی بە سەلامەتی گەیاندە ئەوبەری روبارەکە، هەناسەی سوار بوو بوو، زۆر سەری سوڕما. تومەز ئەو پیرێژنە ژونۆی خواوەند بوو. ئەو خواوەندە گوتی: ئەی جوامێر، دڵێکی بەسۆزو میهرەبانت هەیە. لاوچاك و دلێری. ئەو میهرەبانییەی دەرهەق بەو پیرێژنە کردت، دێتەوە رێت. جیسون، لەسەرسامیدا وەئاگا هاتەوەو ملی رێی گرت. دوای تۆزێك بۆی بە دیارکەوت کە تاکێك لە پێڵاوەکانی گوم بووەو شەپۆلی توندی ئاوەکە بردویەتی. غەمبار بوو. باقی رێگاکەی بە تاکێك پێڵاوەوە بڕی. ئەنجام گەییە کۆشك و بارەگای مامی و بردیان بۆ لای پاشا. پاشا کە جیسونی بینی رەنگ لە روویدا نەما. چونکە غەیبزانان پێیان گوتبوو، گەنجێك بە تاکێ پێڵاوەوە، پاشایەتیت لێ دەسەنێتەوە، وەکو دەزانن جیسون پێیەکی پەتی بوو.

بەڵام پاشای زۆرزان و فێڵباز وا خۆی نواند کە بە دیتنی برازاکەی خۆی گەلەك خۆشحاڵە. فەرمووی لێکرد کە دانیشێت و پشوو بدات. فەرمانی دا خواردن و خواردنەوە بێنن. پێکەوە دەستیان بە نان خواردن کرد. پاشا، چەندین چیرۆك و حیکایەت و نەقڵی لەمەڕ پاڵەوانان و پاڵەوانێتی زەمانی زوو گێڕایەوە.

ئەوجا بە کەسەرەوە گوتی: ئەوان رۆژو سەردەمان بەسەر چوون. ئەو جۆرە پاڵەوانانە لە زەمان و رۆژگاری ئێمەدا نین.

جیسون، بە دەنگی بەرز هەڵیدایێ: نەخێر بە هەڵەدا چوویت. زۆر پاڵەوان هەن کە چاوەنۆڕی دەرفەتن تا کاری مەزن ئەنجام بدەن.

پاشا کە گوێی لەم قسەیە بوو، بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی: پێدەچێ تانهوو حیکایەتی کەوڵی زێڕینت نەژنەوتبێ! سالآنێکی زۆرە چاوەڕێی پاڵەوانێکم کە ئەو کەوڵەم بۆ بێنێ، بۆ ئێرە. چونکە بەهێنانی ئەو کەوڵە دارایی و بەختەوەری روومان تێدەکەن. ئەوجا سەربهوردی فریکزوس و هیلی و کەوڵە زێڕینەکەی ناو دارستانەکەو ئەو حەزیا سامناکەی کە شەو و رۆژ پاسی دەکات، بۆ گێڕایەوە. کە قسەکانی تەواو بوون، جیسون هەستایە سەرپێیان و بەدەنگی دلێر گوتی: پاشا، من بۆتی دەسەلمێنم کە هێشتا تۆوی نەوەی پاڵەوانان نەبڕاوەتەوە یان ئەو کەوڵە زێڕینەت دێنمە خزمەت، یان لەو رێگەیەدا گیانی خۆم بەخت دەکەم.

پاشا، زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە بە خۆی ئەمەی دەویست. خواست و ئاواتی ئەو ئەمە بوو کە جیسون بۆ سەفەرێکی وەها خەتەر بنێرێ کە ئومێدی گەڕانەوەی تێدا نەبوو. هەڵبەتە ئاشکرای نەکرد کە تا چ ڕادەیەك خۆشحاڵە.

جیسون، کەشتییەکی ڕوختەو قایم و عەمەلی دروست کردو نێوی (ئارگۆ)ی لێنا، ئارگۆ مەعنای چابوك و خێرا دەگەیەنێ، پەیکەرێکی دار بەڕوی ژونۆ، لەسەر نوکی کەشتییەکە

دانرابوو، ژونۆ ئەو پەیکەرەی کردبوو بە دیاریو سەوقات تا نیشانی بدات کە پەیمانی یارمەتی دانو چاکە دانەوەی جیسونی لە بیر نەکردووە. ئەو پارچەدارە زۆر سەیر بوو.

کە تۆش بۆت دەربکەوێ کە قسانی دەکرد، دێیتە سەر رایەکەی من. جیسون، لە سەفەری تولانی خۆیدا چەند جارێك تووشی مەترسی گەورە بوو. نەیدەزانی چ بکات، تەگبیرو ڕاوێژی بەو پەیکەرە دەکردو هەموو جارێك ئامۆژگاری بەنرخی دەکرد.

کە کەشتییەکە تەواو بوو، جوابی بۆ هاوڕێ دێرینەکانی خوێندنی منداڵی خۆی ناردو لە سەفەرەکەی خۆی ئاگاداری کردنەوە. هەموویان هاتنو بەگەڵی کەوتن. هەر بەناوی کەشتییەکەوە، ئەو پاڵەوانانەی کە سەفەرەکەیان پێکرد نێونران (ئارگۆ)ییەکان. سەفەرێکی دورو درێژی خەتەریان کرد. لەو سەفەرەدا چەندین بەسەرهاتو ڕووداوی سەیر قەوما، کە بۆتانی دەگێڕینەوە. ئارگۆییەکان گەییشتنە وڵاتی (کول خین) واتا گەییشتنە ئەو شوێنەی کە کەوڵە زێڕینەکەی لێبوو.

(3)

### *هێنانەوەی کەوڵەکە بۆ یونان*

بەیانی ڕۆژی دووەم، پاڵەوانەکانیان بۆ بارەگای پاشا برد. پاشا دوو منداڵی هەبوو، کوڕێکی بچووك کە زۆری خۆش دەویست، لەگەڵ کیژێکی چاوڕەش بەنێوی (میدیا). میدیا جادوگەر بوو،و چەند فەندێکی جادویی دەزانی، کاتێ کە ئارگۆنییەکانیان بۆ لای پاشا برد، پاشا لەسەر تەخت دانیشتبوو. کوڕە منداڵەکەی لەبەردەمی داو میدیا لە دەستە ڕاستییەوە دانیشتبوون. لە جیسونی پرسی کە بۆ چ کارێك هاتووی. کە زانی بۆ ئەوە هاتووە کەوڵە زێڕینەکە بۆ یۆنان بباتەوە، پاشا بە دەنگی بەرز پێکەنیو گوتی کارێکی سەختو دژوارت لە ئەستۆ گرتووە. تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ کەوڵەکە بەرێ، کە ئەو سێ کارە ئەنجام بدات کە من بۆی دادەنێم.

ئاهەنگی دەنگی پاشا وای نیشان دەدا کە ترسی لە دەست دانی کەوڵەکەی نییە، واتا بێ خەمە، بەڵام جیسون لەو کەسانە نەبوو بە ئاسانی وازبێنێ. تکای لە پاشا کرد کە هەر سێ کارەکەی بڵێ.

یەکەم: هێنانە ژێر نیری دوو گاجوتی غەڕای توڕەو کلك ئاگرینو کێڵانی چوار لات زەوی بەو دوو گاجوتە.

دووەم: تۆودانی چەند ددانێکی ئەژدیهاو زاڵ بوون بەسەر ئەو پیاوە چەکدارانەی کە پاش تۆودانی ددانەکان لەو زەوییەوە دێنە دەرێ.

سێیەم: کوشتنی ئەو ئەژدیها سامناکەی کە لە دارستانەکەدا شەو و ڕۆژ چاوی ناچێتە خەوو پاسەوانی کەوڵەکەت دەکات. دوای دەرچوون لەم سێ تاقیکردنەوەیە دەتوانی کەوڵەکە لەگەڵ خۆت دا ببەی بۆ یۆنان. ئەم قسانەی کردو ئەوجا جیسونی مەرەخەس کرد.

جیسون، کە گوێی لەو سێ مەرجە بوو، تۆزێك نائومێد بوو، بەڵام نەیهێشت پاشا هەستی پێ بکات. لە بارەگای پاشا وەدەرکەوت و بەرەو کەناری دەریا، بۆ ئەو شوێنەی کەشتییەکە لەنگەری تێدا گرتبوو، وەرێکەوت. پەیمان و بەڵێنەکەی ژونۆی وەبیرهاتەوە.

خۆزیای خواست کە لەو کاتەدا فریای بکەوێ و یارمەتی بدات. کە گەییە لای کەشتییەکە سەیری کرد خۆزیاکەی هاتۆتە دی. چونکە میدیای کیژی پاشا ئاشقی بوو بوو. و هاتبوو کە گفتوگۆی لەگەڵ بکات و تەگبیری بۆ بکات و یارمەتی بدات. کیژێ پەیمانی دا کە چەند ئامۆژگاری و زانیارییەکی پێبدات کە بە هۆیانەوە ئەو کارانەی کە مەحاڵ دەهاتنە بەرچاو، بە ئاسانی ئەنجام بدات. مەرجی کیژێ لە بری ئەو یارمەتیدانە ئەوە بوو کە جیسون بیخوازێ و لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ وڵاتی یونان.

ڕەنگە ئەم ڕەفتارەی میدیاو وازهێنانی لە ماڵ و حاڵ و کەسوکاری خۆی و ڕەدووکەوتنی بێگانەیەك بۆ وڵاتێکی دوور، سەیر بنوێنێ. بەڕاستی ئەو کیژە بە خۆیشی بە دروستی نەیدەزانی چی دەکات. حەقیقەتەکە ئەوەیە کە ژونۆ بەڵێنی یارمەتی دانی جیسونی فەرامۆش نەکردبوو. تاقە ڕێگاش بۆ ئەو مەبەستە ئەوە بوو کە میدیا عاشقی ئەو بکات و وای لێبکات کە ئامادە بێ لە پێناوی ئەودا چاو لە هەموو شتێك بپۆشێت. کەواتە لە راستیدا ژونۆ بوو یارمەتی جیسونی دەدا.

کیژی پاشا، دەرمانێکی جادویی بە جیسون دا تا ئاگرو شمشێرکاری تێنەکەن. ئەوجا فێری کرد کە چۆن بەسەر گاجووتەکان و پیاوە چەکدارەکاندا زاڵ ببێ. وەختێ کیژێ گەڕایەوە، جیسون ماوەیەکی زۆر بە کەنار دەریاکەدا هات و چوو، بیری لە میدیا کردەوە. بیری لەو کارانە کردەوە کە سبەینێ دەهاتنە ڕێی.

ڕۆژی دوایی، سپێدە زوو ئاپورایەکی گەورەی خەڵکی کولخیز چوون بۆ ئەو مەیدانەی کە پێیان وابوو جیسون گەر خاوەنی حەوت ڕۆحان بێ شتاقیان دەرنابات. پاشا بەخۆشی لە نێو قەرەباڵغییەکەدا دانیشت و میدیا لە دەستە راستییەوە بوو. لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا تەنیا ئەو کیژە زاتی دەکرد ئارەزووی سەرکەوتنی جیسون بکات.

کە جیسون، چووە نێو مەیدان، جووتە گاجووتی نێوبراو بە فیشك و هوڕ بۆی چوون. ئەگەر ئەو جووتە جانەوەرەت دەبینی وەکو هەموو ئەوانەی کە لەوێندەر بوون، دڵنیا دەبوویت کە ژیانی جیسون تەواو بووە و کاری کراوە.

گاجووتەکان زۆر زەبەلاح و بلَح بوون. سمەکانیان قوڕقوشم و سەری شاخەکانیان ئاسن بوو.

بە سمکۆڵانەوە دەچوونە پێشێ. زەوی لە ژێر سمی قوڕقوشمینیان دەلەرزی. مەشخەڵی پێچاو پێچی ئاگر بە جۆرێ لە کونە لوتییانەوە دەردەپەڕی، لە تۆ وایە سەرانسەری مەیدانەکەو دنیا گڕی گرتووە.

بەڵام جیسون، بەسایی دەرمانەکەی میدیاوە هەستی بە گەرمی ئەو لولە ئاگرانە نەدەکرد، لەو جانەوەرە تووڕانە نزیك بووەوەو شاخی گرتن و بە جۆرێ کەللەی دان بە یەکدی دا کە هەردوو گاجووتەکە گێژ بوون، ئەوجا بەلەز نیرەکەی نایە سەر ملیان. ئەو گاجووتانە بە جۆرێ ڕام بوون

لـە تـۆ وایـە مانگـان. جیسـون لـە ماوەیـەکی کەمـدا چـوار لاتـە زەوییەکـەی کـێڵا.ئـەوجا ددانـە ئەژدیهاکانی لەو شۆوەوە کرد کە تازە کێڵا بووی.

بـەڵام لـە ماوەیـەکی کـەمتر لـە مـاوەی گێڕانـەوەی ئـەم نەقڵـە، یـەك دنیـا کڵاوخـود بینـرا کـە لـە زەوییـەوە بەدەرکـەوتن، رێـك وەك ئـەو چـرۆ و چـوزەرانەی لـە کـاتی بـەهاردا سـەر لـە خاکـەوە دەردێـنن... هەڵبەتـە دوای چـرۆو چـوزەرە گـوڵی جـوان پەیـدا دەبـێ. کەچـی لـە ژێـر ئـەو کڵاوخودانـەوە سـەربازو چـەکداری تـوڕە هاتنـە دەرێو یەکسـەری پـەلاماری جیسـونیان دا، جیسـون، ئامۆژگارییـەکانی میـدیای بیرکەوتـەوەو بـەردێکی گـەورەی هـەڵگرتو هاویشـتییە ناوەندیانەوە.

سەربازەکان کە بەردەکەیان بینی وازیان لە جیسون هێناو کەوتنە گیانی یەکدی. چونکە هـەر یەکەیان پێی وابوو ئەوی تەنیشتی بەردەکەی هاویشتووە. زۆری نـەبرد هـەموو کەوتنـە شـەڕێکی خوێنـاوی ئـەوتۆ کـە لـە ماوەیـەکی کەمـدا مەیدانەکـە پـڕ بـوو لـە لاشـەی پیـاوانی زادەی ددانـە ئەژدیها..

هەڵبەتـە هـەموو خـەڵکی سـەرکەوتنی جیسـونیان پێخـۆش بـوو، بـەڵام پاشـا تـوڕە بـوو. چاك دەیزانی کە سەرکەوتنی جیسون مەحاڵـەو ئەمـە هـەبێو نـەبێ کـاری جادوەو هیچـی تـر. گومـانی لەوەکرد کە هەبێو نەبێ میدیا بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆمـەکی پاڵـەوانی کـردووە. بۆیـە کـاتێ جیسون داوای لە پاشا کرد کە رێی بدات تا کاری سێیەم دەست پێبکات، پاشا لـە وەڵامـدا گـوتی ئەمڕۆ بەسە، تا سبەینێ ئیسراحەت بکە.

بەڵام میدیا کە بینی باوکی لەو بە گومانـە، عەسری ئەو رۆژە بە جیسونی گوت: دەبـێ هـەر ئەمشـەو ئەژدیهاکـە بکـوژیو بـە کەشـتییەکە بـۆ وڵاتـی خـۆت بگەڕێیتـەوە، چـونکە تـوڕەییم لـە چاوانی بابم دا دیتووەو دەترسم دەستێك لە ئارگونییەکان بوەشێنێ.

جـارێکی دی دەرمـانێکی بـۆ خەوانـدنی ئەژدیهاکـە دایـێ، جیسـون بەتـەنێ رێـی دارسـتانی تاریكو نوتەکی گرتەبەر، هێشتا زۆر نەڕۆیی بوو کە رووناکییەکی زێڕینی لـە نێـو درەختەکانـەوە بەد کرد. زانی لەو گەنجە نزیك بووەتەوە کە بۆی دەچوو.

ئـەوجا بـەپارێزەوە چـووە پێشـێ، کـە گەییـە نزیکـی ئەژدیهاکـە دەرمانـە جادووییەکـەی بـە دەموچـاویا کـرد، ئەژدیهاکـە دوای تۆزێـك خـەوێکی قـوڵی لێکـەوت. لەسـەری جانەوەرەکـەی داو پەڕاندی. کەوڵە زێڕینەکەی، کە بە لقە دارێکەوە هەڵواسرا بوو، و دارستانەکەی کردبوو بە رۆژی رووناك، هەڵگرتو بەرەو کەشتییەکە گەڕایەوە، یاوەرەکانیو میدیاش لەوێندەر بـە نیگەرانییـەوە چاوەڕێی بوون.

دوای تۆزێك کەشـتییەکە جـوڵا. یۆنانییـەکان بـە کـەوڵی زێڕینـەوە بـەرەو وڵاتـی خۆیـان وەڕێ کـەوتن. چـارۆکەکانی کەشـتییەکە وەك ئـەوەی مـژدەی خـۆش رابگەیـەنن، بـەدەم شـنەی دەریـاوە دەشەکانەوە.

پاش سەفەرێکی دوورو درێژو پڕ رووداو، سەرەنجام گەیینـەوە وڵات... جیسـون، مـامی خـۆی لەسەر تەختی پادشایی لابردو بابی خستەوە سەر تەخت. بەمجۆرە بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا.

ئیسون پاشا، کە کوڕەکەی خۆی بەو قارەمانییە بینی جەوان بووەوەو ساڵانێکی زۆر بەئارامی حوکمڕانی کرد.

(25)

## کوڕی ئاشقە ئاسك

دەگێڕنــەوە دەڵــێن رۆژێ لــە رۆژان ئــەپۆلۆ کــوڕێکی زۆر خــۆش دەوێ، ئــەم کــوڕە نێــوی ســیپاریوس دەبــێ. کوڕەکــەش ئــەپۆلۆی خــۆش دەوێ. ئــەم کــوڕە ئاشــقی راوو درەخــتو ئــاوو دەریاچــەو هــەموو گیانلەبــەرە کێوییــەکانی نێــو دارســتانو لێڕەواران بــوو. هــەموو ئــەم شــتانەی خۆش دەویست، بەڵام لــە هــەموو ئەمانــە خۆشەویــست تــر ئاســکێك بــوو، کــە لــە هــەمان دارســتانی ڕاوگەی سیپاریوس دا دەژیا.

ئەم ئاسکە، گیانلەبەرێکی چاو گەورەی جوان بوو. شاخەکانی لقو پۆپیان لێ بوو بووەوە. ئەم ئاسکە هی پەرییانی جەنگەڵەکە بوو.

هــەر ئــەوان گــەردن بەنــدێکی زەڕگۆنیــان لــە ملــی کردبــوو. ئــەم ئاســکە نــازدارو خۆشەویــستی هەموو خەڵکەکەی ئەو دەوروبەرە بوو.

ئــەمیش هێنــدە رامو دەســتەمۆو دڵنیــا بــوو کــە ماڵــەو مــاڵو دەرکــە بــە دەرکــە دەگــەڕاو لەبــەر دەستیاندا دەوێستا تا دەست بە گەردنی نەرمو درەوشاوەیدا بێنن. لــە کــەس نەدەترســا، چونکە دەیزانی هەموو خۆشیان دەوێو نازی هەڵدەگرن.

ســیپاریوسو ئاســکەکە لــە گــەردی بەیانییــەوە تــا ئێــوارێ بەیەکــەوە بــوون. بــە نێــو دارســتانو لێڕەوارەکەدا دەگەڕان تا گۆشەیەکی سێبەرو کانیاوێکیان دەدۆزییــەوەو ئاســکەکە لــە ئــاوە ســارد وســازگارەکەی بخواتــەوەو وێنــەو ســێبەری شــاخە جوانــەکانی خــۆی تێــدا بــدینێ. کوڕەکــە گەردنبەندی گوڵی دەچنیو لە ملی ئاسکەکەی دەکرد. هەندێ جاریش سوکێ خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی هاوەڵەکەیو لەبا خێراتر بەنێو لێڕەکەدا تێدەپەڕی.

هەنــدێجار ئــەپۆلۆش خــۆی دەگەیانــدە ئــەو جووتــە شــادمانەو گەمــەی لەگــەڵ دەکــردنو بــە دەمیانەوە پێدەکەنی، لە تۆ وایە ئەویش منداڵە.

رۆژێکی گــەرمی هــاوین، سیپاریوسو ئاسکەکە چــەند ســەعاتێك بــە نێو بێشــەکەدا گــەڕان، لــە کــاتی نیــوەڕۆدا گەیینــە شــوێنێکی ســێبەرو کانییــەك، ئاســکەکە لــە ســێبەری دارێــك داو لەســەر سەوزە گیایەکە پاڵکەوت. سیپاریوس-ش تۆزێ لەو لاترەوە وەستاو مەشقی بە تیروکەوانەکەی دەکرد.

بێئەوەی هۆیەکەی بزانێ کاتێ کە تیرەکەی خستە کەمانەکەوە پێی خزیو تیرەکە دەرپــەڕیو ڕێك لە سینگی ئاسکەکە چەقی.

سیپاریوس، زۆر ترساو بە پەلە خۆی گەیاندە هاو وازییەکەی، تیرەکەی لە سینەی دەرهێنا، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو،و تیرەکە کاری خۆی کردبوو، ئاسکی زامداری شەلاڵی خوێن سەری هەڵبڕی‌و دوا نیگای پڕ میهرو پرسئامێزی کوڕەکەی کردو کەوتە سەر سەوزە گیاکەو مردار بووەوە.

ژارۆ سیپاریۆس! ئەو ئاسکەی کە لە دنیادا لە هەموو شت‌و هەموو کەسێکی خۆشتر دەویست، بە دەستی خۆی کوشت. لە رادەبەدەر خەمبار بوو. لە پاڵ‌و ئاسکەکەدا خۆی بە عاردیدا دا، لێکدا لێکدا تەوێڵی نەرم‌و لوسی ماچ دەکردو بە دەنگی بەرز بۆی گریا. هەستی دەکرد چیتر بەبێ هاوەڵەکەی هەڵناکات، ئامادەبوو بە هەمان ئەو تیرەی کە ئاسکەکەی پێکوشت بوو، خۆیشی بکوژێ.

کاتێ ئەپۆلۆ گوێی لە دەنگی پڕسۆزو شیوەن‌و گریانی هاوڕێکەی بوو، بەلەز خۆی گەیاندە ئەوێندەر. کە لە رووداوەکە حاڵی بوو، کەوتە دڵنەوایی کردنی سیپاریوس‌و گوتی ئەوە قەزاو قەدەرەو نابێ‌و لەسەر قەزاو قەدەر خۆی سەرزەنشت بکات.

ئەنجام توانی قەناعەتی پێبکات‌و ئەو تیرەی لێبسەنێ کە بە تەما بوو خۆی پێ بکوژێت. لێ کوڕەی بەلەنگاز کەوتە گریانێکی بە کوڵ‌و بە سوێ. حەجمانی لەبەر هەڵگیرا. ئاقیبەت لە داخ‌و کەسەراندا مرد.

ئەپۆلۆ، بە مەرگی هاوڕێ چکۆلەکەی زۆر خەمین‌و نارەحەت بوو.بە دیار جەستەی بێ گیانییەوە گریا. ئەوجا باسکی کوڕەی لە گەردنی ئاسکەکە کردەوەو بەدەم گریانەوە گوتی: هەیڕۆ، هەیڕۆ.. چیدی سەڵای پێکەنینی تۆ لەم بێشەیەدا ناژنەوم. ئیدی تۆو هاوڕێکەت بەدەم پیاسەی نێو ئەم لێڕەوە نابینم.. ئیدی باڵندەکان گوێیان لە ئاوازی شادی بەخشی تۆ نابێ. گەڵاو گوڵان کە تۆیان لێ دووری ڕەونەق‌و پرشنگی جارانیان نەماوە.

گیانلەبەرانی بێ وەی لە کون‌و کەلێنان، لە لانەوبانان، لە پەناو پەسێوان دێنە دەرێ‌و لە ونی تۆ دەپرسن! بەڵام سیپاریوس، من هەتا هەتایە دەتلاوێنم، بۆت دەگریم‌و تازیەت بۆ دەگرم وەکو چۆن تۆ بۆ هاوڕێکەوت گەرمە شینت گێڕا. ئەی دۆستی شیرین کەواتە تۆ لە ئێستە بە دواوە رەمزی خەم‌و مەرگ بە.

ئەوجا ئەپۆلۆ، سیپاریوس-ی کرد بە دارسەروو، تا هەمیشە لە دارستانانداندا سەوزو لە نێو گوڵانداو لەگەڵ تەیرو مەلاندا کە زۆری خۆ دەویستن، بژی.

تا رۆژگاری ئەوڕۆش، دار سەروو لەسەر گۆڕان وەکو رەمزو هێمای خەم‌و تازیە باری دەڕۆینرێ.

(26)

## خواوەندی دەریاو جادووگەری تاوانکار

هەبوو نەبوو ماسی گرێکی هەژار هەبوو بە نێوی گلاکوس، ئەم پیاوە بژێوی رۆژانەی بە فرۆشتنی ئەو ماسیانە دەردێنا، کە دەیگرتن. رۆژێک تۆڕەکەی قورس بوو، کە لە ئاوەکەی

دەرهێنا بینی ماسییەکی زۆرو باشی گرتووە. هەموو ماسییەکانی هەڵڕشتنە سەر سەوزە گیایەکەی تەنیشت خۆیەوە ودووبارە تۆڕەکەی ئامادە کردەوە تا جارێکی دی هەڵی بداتەوە.

بەڵام ماسییەکان کەوتنە جوڵان‌و خواردنی ئەو گیایەی ژێر خۆیان. ماسیگرەکە لەوە سەرسام بوو کە بینی دوای چەند دەقیقەیەك هەموویان جارێکی دی خۆیان هەڵدایەوە نێو ئاوەکەو بەدەم مەلە کردنەوە دوورکەوتنەوە.

گلاکوس هاواری کرد بۆ دەبێ وابێ، دیارە ئەم گیایە نهێنییەکی تێدایە. ئەوجا چنگێك لەو گیایەی خستە دەمییەوەو تا توانی جووی، کاتێك کە شیلەی گیایەکە چووە خوێنییەوە دووچاری جۆرە بێ ئۆقرەییەك بوو. ئەوجا جۆرە ئارەزوویەکی لا دروست بوو کە خۆی هەڵبداتە ئاوە زوڵاڵەکەوە. بەر لەوەی بزانێ کە چیدەکات، خۆی هەڵدایە رووبارەکەوەو شڵپەی لە ئاوەکە هەستاند.

پنیتونی خواوەندی ئۆقیانوس، هەموو ئەو رووداوانەی بە چاوی خۆی بینی، کاتێ گلاکوس چووە ژێر ئاوەکەوە، بە دەستی خۆی گرتی‌و بردی بۆ کۆشکەکەی خۆی لە ژێر دەریاداو ئەو ماسیگرە قەلەندەرو بێ نەوایەی کرد بە یەکێك لە خواوەندانی دەریا.

گلاکوس، لەوە بە دواوە لە ئاودا مایەوە. لە ناو ئەو ئاوەدا کە کاتێ ماسیگر بوو یەکجار زۆری خۆش دەویست.

ردێنی درێژ بوو. رەنگی ئەو قەوزانەی لێنیشت کە شەپۆلی دەریا بەرەو کەنارەکەی دەهێنان. رەگی قژی کە لە پشتەوە درێژ بوو، و بەسەر ئاوەکە کەوتبوو، کەمو زۆر لە شەپۆل دەچوو، ئیدی بوو بە خواوەندی ماسیگران‌و چونکە رەنج‌و کۆششی جارانی خۆی لە بیر مابوو، گەلێك لە ماسیگرانی بە دەستی پڕو دڵی خۆشەوە بۆماڵی خۆیان دەناردەوە.

ساڵانێك بەمجۆرە تێپەڕی. تا رۆژێك خواوەندی دەریا بەسەر ترۆپکی شەپۆلانەوە تێدەپەڕی، پەرییەکی زۆر جوانی بینی کە بە قەراخی دەریاکەدا پیاسەی دەکرد. هێندە نەجیب‌و شەرمن بوو کە گلاکوس دڵی پێداچوو و دوای کەوت تا پەرییەکە گەییە گردێك... بە گردەکەدا هەڵگەڕا تا گەییە ترۆپکی. ئەوجا رووی کردە دەریاکە کە زۆری خۆش دەویست، تا دوا نیگای بکات. بەڵام ئەودەموچاوە تاوەگازەی نەبینی کە بە دیقەت سەیری ئەوی دەکرد. هاتە خوارەوەو لە چاو ون بوو، گلاکوس ئاهێکی هەڵکێشاو بۆ ماڵەکەی خۆی کە لە بن دەریادا بوو، گەڕایەوە.

بۆ رۆژی دوایی چووەوە بۆ هەمان شوێن‌و هەمان ئەو پەرییەی کە ناوی (سیلا) بوو، وەکو رۆژی پێشوو لە کەنارەکەدا بینییەوە. جارێکی دی دوای کەوتەوەو وازی لێ نەهێنا تا پەرییەکە لە پشت گردۆلکەکەوە ون بوو.

هەموو رۆژێك ئەم کارەی دەکرد. هەرچەند زیاتر دەیبینی زیاتر دڵی پێیدا دەچوو. ئێوارەیەك کە سیلا دەیویست بەگردۆلکەکەدا هەڵبگەڕێ، لەنکاو گلاکوس گازی کرد.

پەری رووی وەرگێڕاو زۆری عەجایەب لەو قەڵافاتە ما کە نیوەی مرۆڤو نیوەکەی تری ماسی بوو. سیلا چووە نزیکی ئاوەکەوەو گوتی تکا دەکەم بڵێ بزانم تۆ کێی ئادەمیت یا دێوو درنجی دەریاییت.

ئیدی گلاکوس، چیرۆك و سەربوری ژیانی خۆی لە سیری تا پیاز بۆ گێڕایەوەو لە کۆتاییدا گوتی زۆرم خۆش دەوێی.

بەڵام سیلا هیچ گوێی بەو بونەوەرە نەدا کە یەکەم جاری بوو ئەو چەشنە قەڵافەت و سەرو سیما سەیرە بدینێ. رووی وەرگێڕاو بە ناهومێدی و کەسەرەوە بەجێی هێشت و رۆیی. گلاکۆس چەند رۆژێکی دی هاتوچۆی هەمان شوێنی کردەوە، بەڵام بێفایدە بوو، و پەری ئیدی بۆ پیاسە کردن رووی لەوێندەر نەکردەوە. بۆیە گلاکوس بیری لەوە کردەوە کە رێگەیەکی دی بدۆزێتەوە بۆ وەدەست هێنانی پەری.

لە نزیك ماڵەکەیدا، ژنێکی جادووگەر هەبوو بە نێوی کیریسی.

بەپەلە خۆی گەیاندە کۆشکی ئەو ژنەو سەربهوردی خۆی بۆ گێڕایەوەو داوای جورعەی مەحەبەت واتا شەرابی خۆشەویستی لێکرد تا سیلا شەیدای ئەو بکات، رێکەوت وەها بوو کە کیریسی بە خۆی حەزی لە گلاکوس کرد بوو. بۆیە پێی گوت سیلا، شایستەی خۆشەویستی تۆ نییە، ئەگەر لەم کۆشکەدا بمێنیەوە تا ژیانت ماوە بەختەوەرت دەکەم.

گلاکوس گوتی هەر کاتێ قەوزە لە لوتکەی کێوان یان درەخت لە بنکی دەریادا روا، ئەو کاتە خۆشەویستی من بۆ سیلا دەگۆڕێ. لە کۆتاییدا کیریسی ناچار بوو بەلای کەمەوە وا بنوێنێ کەداواکەی ئەوی جێبەجێ کردووە... لە دڵەوە زۆری رق لە سیلا بوو، بۆیە لێبڕا زوڵمێکی گەورەی لێبکات. شووشەیەك دەرمانی شلی بێ رەنگ و بۆی دا بە گلاکوس و گوتی: ئەمە بڕێژە ئەو ئاوەوە کە سیلا خۆی تێدا دەشوات.

گلاکوس، بە پەلە بۆ ماڵ گەڕایەوە. ئەو کانیاوە بچوکەی دۆزییەوە کە سیلا دەمەو ئێواران مەلەی تێدا دەکرد.

شووشەی دەرمانەکەی، کە بە خەیاڵی خۆی زۆر گرانبەهایە، لە ئاوەکەدا خاڵی کرد. بە دڵی خۆش لەوێندەر رۆیی. گلاکوسی قەلەندەر نەیدەزانی کە کیریسی جادووگەرێکی خراپەکارە.

سیلا، دەمەو ئێوارێ بەرەو کانیاوەکە رۆیی. جلەکانی داکەندو لە زەوی دانان و خۆی بە ئاوە زوڵاڵەکەدا کرد تا فێنکی ببێتەوە.

بەڵام ئەو دەرمانەی کە جادووگەرەکە دابووی بە گلاکوس. زۆر ترسناك بوو، دەبووە مایەی خوڵقاندنی جانەوەرانی دڕندە. هەرکە سیلا پێی خستە ناو ئاوەکەوە، پێیەکانی کەوتنە گۆڕان. سەرەنجام لە ترساندا هاواری کرد، چونکە لە جێ پێیەکانی ئەو، شەش سەگی دڕندە پەیدا بوو بوون.

سەرەتا وایزانی هەر لە ئاوەکەدا وەهایە، بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە رۆخی کانییەکە. بەڵام کە بۆی دەرکەوت ئەو دڕندانە بەشێکن لە جەستەی ئەو، بە دەم هاوارەوە بە گردۆلکەکەدا هەڵگەڕاو لەوێندەرەوە بەسەر سەردا خۆی هەڵدایە نێو شەپۆلە پڕ کەفەکانی دەریاکەوە. بوو بە تاوێر.

لەوە بە دواوە هیچ کەشتییەك نەیدەوێرا بەوێندەردا رەت ببێ. چونکە بوو بە بەشێکی ترسناکی دەریاکە. گەلێك لەو کەسانەی کە کەشتییەکانیان لەوێدا خەریك بووە غەرق ببێ، دەڵێن لە بنی تاوێرەکەوە دەنگی حەپەی توندو تووڕەی کسۆکان دێت.

گلاكوسی بەلەنگاز چەندین رۆژ تازییەباری سیلا بوو،و چیدی نەچووە نك كیریسی ستەمكار، تاكو رۆژگاری ئەمڕۆش (تاوێری سیلا) لە ناو دەریای شینی ناڤیندا چەسپیوەو هەموو ئەو كەسانەی كە بەو دەریایەدا سەفەر دەكەن خۆیانی لیٚ لادەدەن.

(27)

## ئەو لاوەی كە بوو بەگوڵ

هەموو حیكایەتی پڕ خەمی سیپاریوسیی دۆستو هەڤاڵی ئەپۆلۆتان لەیادە كە چۆن وەختیٚ ئەو كوڕە خێر لە خۆ نەدیوە مرد، خواوەندی هەتاو تازیەی بۆ گرت، ئەم حیكایەتەش سەربهوردی لاوێكی دییە كە ئەپۆلۆ بە دڵو بە گیان خۆشی دەویست.

ئەو لاوە نێوی " هیاسینتۆس" بوو. وابزانم تۆش لەگەڵم دایت كە ناوێكی جوانو دڵگیرە. تۆش گۆڵێك دەناسیت كە ناوی زۆر لەم ناوە دەچێت. رەنگە ئەم دووە جۆرە هاوپەیوەستییەكیان هەبیٚ. جا با پێكەوە حیكایەتەكە وەخوێنینو بزانین:

هیاسینتۆس، هەرزەكارێكی شادو دڵخۆش بوو. پێدەچوو لەم دنیایەدا چ غەمێكی نەبیٚ، رەنگە لەبەر ئەوە بووبیٚ كە ئەپۆلۆ خۆشی دەویست. ئەو خۆشەویستییەیش رەنگە لەبەر ئەوە بووبیٚ كە دیتنی هیاسینتۆس، ئەو كوڕەی تری وەیاد دێناوە كە ماوەیەك پێشتر لەلای ئەو مرد بوو. یان رەنگە ئەم خۆشەویستییەی ئەپۆلۆ لەبەر ئەوە بووبیٚ كە لەسەری بووە كەسێكی خۆش بویٚ. ئەوە بوو ئەم نێچیرڤانە گەنجو دڵخۆشو بە كەیفەی، كە جارجار لە بێشەو دارستاناندا تووشی دەبوو، بە هاوەڵی خۆی هەڵبژارد.

بە هەرحاڵ، لەبەر هەر شتێك بووبیٚ، ئاشكرایە ئەپۆلۆ، یەكجار دڵبەندی هیاسینتۆس بوو. هیچ بەلایەوە گرینگ نەبوو پەرستگاكان فەرامۆش بكاتو ئاوڕ لەو خەڵكە نەداتەوە كە لەوێندەر ئەویان دەپەرستو بڕوات لەگەڵ هاوەڵە بچكۆلەكەیدا لە نێو بێشەو دارستاناندا بگەڕیٚ، زۆر شادبوو بەوەی تۆڕی راوو كۆڵە پشتییەكەی بۆ هەڵگریٚ یان تاژییەكانی بۆ ماوەیەك بۆ بگریٚ.

هیاسینتۆس، هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات كە ئەو كارانەی ئەپۆلۆ بۆ ئەوی دەكات، سەیرو نائاسایی بن. چونكە خۆشەویستی شتێكی ئەوتۆیە كە مرۆڤ وا لێدەكات هەموو جیاوازییەكی نەژادیو چینایەتی لە یاد بەریٚ. بەمجۆرە هیاسینتۆسو ئەپۆلۆ، بەوپەڕی شادییەوە پێكڤە ڕاویان دەكردو شتاقیان بیریان لەو جیاوازییە زۆرەی نێوان نێچیرڤانێكی منداڵكارو خواوەندی مەزنی ئاسمانان نەدەكردەوە.

رۆژێك، كاتیٚ كە لەبەر سێبەرێكدا پشوویان دەدا، ئەپۆلۆ پێشنیازی گەمەی دیسكی كرد. دیسك گەمەیەكە كە خەڵكی ئەو دەورو زەمانە زۆر حەزیان لێدەكرد. دیسك "قرص" بریتی بوو

لە قورسێکی پانی بازنەیی کە تیرەکەی نزیکەی 12 گرێ بوو، لە ئاسن یان مادەی سەنگینی دی دروست دەکرا.

یاریزانان دیسکەکانی خۆیان بە حەوادا هەڵدەداو دەیانویست بزانن کە کێ لە کێ زۆرتری هەڵدەدا.

ئەپۆلۆو هاوەڵەکەی هەردووکیان شەیدای ئەو گەمەیە بوون. دەستیان بەگەمان کرد، زۆریان لەزەت لێدەبینی. ئەپۆلۆ دیسکی خۆی هەڵدا. دیسکەکە لە هەوران هێوەتر چوو، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر کەوتەوە سەر زەوی‌و دەنگی شکانی لێوە هات.

هیاسینتۆس، کە ئەوەی بینی، ویستی توانای خۆی بنوێنێ‌و بیسەلمێنێ کە ئەویش وەکو هاوەڵەکەی یاریزانێکی چاکە، بۆیە خێرا هەڕای کرد تا دیسکەکە هەڵگرێت‌و ئەویش هەڵیدا. بەڵام دیسکەکە هێندە بە توندی لە عاردی دابوو کە دووبارە هەستایەوەو بەر تەختی تەوێڵی کوڕەی سەرکێش کەوت. کە دیسکەکەی بەرکەوت، بورایەوەو بەدەم ژان‌و ئازارەوە ناڵەیەکی سووکی کردو کەوتە سەر زەوی. ئەپۆلۆ خێرا خۆی گەیاندێ‌و بە سەریا دانەوییەوە. دەستی خستە سەر زامەکەی تەوێلی تا خوێنەکەی رابگرێ‌و بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە لاواندییەوە. ئەوەندە ترسا بوو کە رەنگی بە ئەندازەی هیاسینتۆسی زامدار پەڕی بوو. کە دیتی ناتوانێ خوێنی زامەکەی بوەستێنتەوە، بە پەلە هەندێ گیای دەرمانی خڕکردەوەو ئاوەکەی گوشییە نێو دەمی کوڕەی لە حاڵی مەرگدا. بەڵام سوودی نەبوو. هیاسینتۆس بەخێرایی گیانی دەدا. وەکو گوڵی پێشێلکراو ملی لار بووەوە. وەکو گوڵێك هەڵوەری‌و مرد.

ئەپۆلۆ، زۆر خەمگین بوو. لە هەوەڵێرا باوەڕی نەدەکرد کە ئەو کوڕەی ئەو بەدڵ‌و بە گیان خۆشی دەویست، بە راستی مرد بێ. ئەوجا چەند جارێك کەوتە گازکردنی. گوتی دەك لە بۆ تۆ بمرم. دەك لە پاش تۆ نەمێنم لە دوی تۆ تاقەتی ژیانم نییە.

بەڵام وەکو دەزانین خواوەندان هەرگیز نامرن. لە پاڵ دۆستە لە دەست چووەکەیەوە راکشاو دەستی بە گریانێکی وەها کرد کە ئەگەر تۆش بتدیتایە دەکەوتییە گریان.

سەرەنجام تەمورەکەی هەڵگرت. ئێستا کە هیاسینتۆس لە دەست چوو بوو بۆ سوکنایی دڵی خۆی رووی کردە دۆستە دێرینەکەی‌و ئاوازێکی هێندە بە سۆز و پڕ شیوەن‌و گریانی لێدا کە هەموو باڵندەو مەلانی بێشەکە مات‌و کڕ بوون‌و لە تۆ وایە شنەبای سەر درەختەکانیش بە چپە هاوخەمی‌و هاودەردی خۆی بۆ ئەو کارەساتە دەردەبڕێ. کە لێ بووەوەو بەسەر جەستەی دۆستەکەیدا دانەوییەوە. بە دڵسۆزییەوە دەستی خستە سەر تەوێڵی هیاسینتۆس. دەم‌و دەست ئەو جەستە بێ گیانە نەما. لە جێی ئەو چوزەرەیەکی ئەرخەوانی دڵڕفێن روا، رەنگی چوزەرەکە کەم‌و زۆر لە رەنگی ئەو خوێنە دەچوو کە لە تەوێلی کوڕەکە رۆیی بوو. لەو رۆژەوە، کە زەمانێکی زۆر بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوەو تا نهوژی لە سەرەتای هەر بەهارێکدا چوزەرەیەکی جوانی ئەرخەوانی لە خاکەوە سەر دەردێنێ‌و سەربوردەی خواوەندی مەزنی هەتاوو ئەو کوڕیژگەیەمان وەیاد دێنێتەوە کە چۆن بە دڵ‌و بە گیان خۆشی دەویست.

(28)

## پیگمالیون و گلاتیا

"1"

***پەیکەر:***

دەگێڕنەوە دەڵێن لە ڕۆژگاری کۆندا پەیکەرتاشێك بە نێوی پیگمالیون لە بەندەری پڕ جۆش و خرۆشی (ئەماتۆس)ی باشووری قوبرسدا دەژیا، جگە لە کارەکەی خۆی چ شتێکی تری، مەبەست نەبوو، ئادای خۆشی و شادی نەدەزانی. چ لەزەتێکی لەو هەموو ستایش و دەست خۆشییانە نەدەبینی کە خەڵکی لەبەر کارە دەستییەکانی لێیان دەکرد. دۆستایەتی کەسی نەدەکرد. کچۆڵەی ناسك و نازدار بەمنەتبارییەوە قاییل بوون شوو بەو پەیکەرتاشە دەست ڕەنگینە بکەن، کەچی ئەو هەر ئاوڕی لێنەدەدانەوە! تا ڕۆژێك هات کە بۆ یەکەمجار هەستی بە تەنیایی و دڵتەنگی کرد. کە ڕوانییە هاتوچۆو گەشت و گەڕان و هەراو هەنگامەی نێو شەقام و بەندەرەکان، ژیانی خۆی لەبەرچاو کەوت، تاریك و بێ تام دەینواند، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەستی بە تەنیایی دەکرد، چۆڵ و هۆڵی ماڵەکەی ئازاری دەدا. بە خۆی دەگوت پەیکەری جوانی "ژونۆ"و "پلاس"، یان "دیانا" بە چ کارێکی من دێن. هاودەمی مەڕمەڕی "هەرمس" چ لەزەتێك بەمرۆڤ دەدا!.

ئەو خەیاڵە خەمامێزانە زۆر لە مێشکی پەیکەرتاشەکەدا نەمایەوە. لە پڕ وەکو تیشکی هەتاو لە دەمی هەڵاتندا ئیلهامێکی بۆ هات، دەستی دایە پارچە مەڕمەڕێکی سپی بەفر ئاسا کە تازە بۆ کارگەکەیان هێنا بوو، بە پەلە کەوتە کارکردن تا شێوەو ڕوخسارێك بەو بەردە ناڕێکە ببەخشێت.

دەستی دایە چەکوش و تەشوێ و ئەسکەنەکەی و گوتی: خواوەندی ئەشق و دڵداری، فریام بکەوە. هیدایەتی دەستم بدە تا لەم بەردە پەیکەری کیژێك دەربێنم کەمایەی ڕەزامەندی تۆ بێت.

پیگمالیون، باوەڕی نەدەکرد کە دوعایەکەی وا زووگیرا دەبێ، خواوەندی دڵداری هەرکە گوێی لەو دوعا بە کوڵ و دڵەی بوو، یەکسەر وێنەی ئافرەتێکی هەرە جوانی، جوانتر لە هەر شتێکی دی کە بە خەیاڵیدا هاتبوو، خستە هزرو بیرییەوەو توانای بە تەشوێ و قەڵەمەکەی بەخشی کە ئەو وێنەیە لەو مەڕمەڕە بێ گیانەدا بەرجەستە بکات.

کە شێوەو ڕوخسارەکە لەبەر دەستیا بەرجەستە بوو، جوانی بێ وێنەی، ناخی پەیکەر تاشەکەی هەژاندو ئیدی یەکپارچە خۆی بە ئیلهامی ڤینۆس سپارد. هەموو ڕۆژێك لەگەڵ گەردی بەیاندا لە خەو ڕادەبوو، لە خەیاڵی کارەکەیدا نقوم دەبوو. تا ڕۆژاوا یەك وچان کاری دەکرد. شەو، کاری نەدەکرد، ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو. ئەوەی ڕۆشنایی بە شەوانی تاریکی ئەو دەبەخشی، تارمایی پەیکەرەکە بوو، کە هەموو کونجێکی خەیاڵی بێداری ڕووناك دەکردەوە. جارێك بەر لەوەی پەیکەرەکە تەواو بێ جۆرە ئارەزوویەکی سەیری لە خۆیدا هەست پێکرد، ئارەزوویەك کە شەرمەزاری کرد بۆیە لێبڕا کارگەکەی بەجێ بهێڵێ و بەخۆو تیروکەوانەکەیەوە

روو له لێرەوار بکاتو تەبدیل هەوایەك بکات تا مێشكو خەیاڵی هەندێ سافو ئاسودە ببێ. بەڵام ئەو ئومێدەی نەهاتە دی. ئەو رۆژەی لە هەموو رۆژانی دی ناخۆشتر لێ بەسەرچوو.

شنەبای وەشت بە ئەسپایی گوڵە بۆن خۆشەکانی دەرەقساند. هەنگ بۆ خۆ دەخولانەوە، داسو داسولکەی درەوکەران لە نێو قەرسیلی گەییودا دەدرەوشایەوە. بەڵام پیگمالیون خەمینو دڵتەنگ دانیشتبوو، دەتگوت هەموو دنیا بووە بە بەرد. لەو دەمانەدا هیچ زندوویەکی بە لاوە گرنگ نەبوو. بیرو هۆشی لای پەیکەرە بێ گیانەکەی بوو. زۆر پێش رۆژاوا بۆ ماڵ گەڕایەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: تۆ بزانە چ گەوجێتییەکم کرد کە بە جێم هێشت، ئەگەر بڕوات چ بکەم!....

ئەوجا لێوی خۆی کرۆشتو گوتی: سەلا لە ئەقڵم، تێك چووم. بە جۆرێ باسی ئەو پەیکەرە دەکەم، یەکێك نەزانێ دەڵێ ژنی راستەقینەیەو گیانی لەبەرە!.

هەرکە گەیشتەوە ماڵێ، یەکسەر ئەسکەنەکەی هەڵگرتو بە کولێ و بە دڵ کەوتە کارکردنو بەر لەوەی شەو دابێ تەقەی لە پیرە پەیکەر هەستاندو هەموو وردەکاریو تیفتیفەیەکی تەواو کردو بە شادییەوە چاوی بڕییە ئەو شاکارە.

پەیکەرەکە بە پێوە وەستا بوو، دەستێکی بەرەو پەیکەرتاشەکە درێژکردبوو. گوڵەباخێکی سووری گەورەی تازە پشکووتوو بە دەستەکەی ترییەوە بوو. لێوەکانی بە ئاستەم لەبەر یەك ترازابوون، بەڵام بێ بزە بوون. رووی هێدیو مەنگی بەرەو خوار بوو،و لە پەیکەر تاشەکە بوو. لە تۆ وایە سۆزێکی مرۆڤایەتی لە چاوەکانیا شەپۆلی دەدا.

پیگمالیون، هاواری کرد: ئاه. چم کرد! بۆ دروستم کردیت! تۆ منت فێری مانای دڵداری کرد. کەچی خەڵکانی دی وانەی دڵداری لەو ئافرەتە جوانانەوە فێر دەبن کە روحیان لەبەرەو خوداوەندان بە دیاری ناردوویانن، منی بەد بەخت نەبێ کە دەبێ بە دیار پەیکەرێکی بێ گیانەوە دانیشم کە بە دەستی خۆم لە بەرد تاشیومە. ئاه بریا دەمتوانی بە یەکجارەکی گیانت وەبەر بخەم.

کاتێ ئەو قسە بێهودانەی دەکرد، ڕوحی شەکەتو ماندووی دەیزانی کە ئەو ئارەزووەی هەرگیز نایەتە دی. بۆیە خەمو پەژارە دایگرت، بەڵام ئەم خەمە قورسە زۆری دەوام نەکرد. بەرە بەرە هێور بووەوەو سێبوری دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە هەر خۆی دەیتوانی بە دیداری ئەو گەنجینەیە، ئەو شاکارە شاد بێت.

هەرچەند حەزی نەدەکرد چ کەسێك دەستی بەر ئەو گەنجی دنیایە بکەوێ، بەڵام ناچار چەند زەلامێکی بە قوەتی لە دەرێرا هێنا، تا پەیکەرەکەی لەگەڵ بگوازنەوە ژووری نووستنەکەیو لەو تاقەی ژوور سەیری خۆیەوە دایبنەن. ئەوجا هەموو جانتاو باوڵەکانی ژێرو ژوور کرد.

هەرچی زێڕو زیوی توحفەو گرانبەهای هەبوو دەری هێنان، بەڵام چونکە هیچیانی بە شایشتەی ئەو خانمە مەرمەڕینە نەدەزانی، بۆیە هەرچی دوکانو موغازەی جەواهێر فرۆشی شاری ئەماتۆس هەبوو گەڕا. تا ئەو گەوهەرانە پەیدا بکات کە بە شایستەی دڵبەری دەزانین، بازنگی گران بەهای لە قۆڵی خرپنی کرد. ئەنگوستیلەی بە نرخی لە قامکی باریکی کرد. ملوانەکەی کەم وێنەی لە گەردنی کرد، بەو هەموو مەسروفەوە نەوەستاو سوکنایی دڵی نەهات،

لەگەڵ گەردی بەیانیدا بە نێو باخەکەی خۆی کەوت، چەند چەپکە گوڵێکی بۆن خۆشی چنی و هێنانی لەبەر پێی پەیکەرەکەدا داینا.

هاواری کرد: ئەی ئەو پەیکەرە ئازیزەی کە لە نێو هەموو ئافرەتاندا تۆم هەڵبژاردووەو دەتپەرستم، هەرچەندە ناتوانی تاقە هەنگاوێك هەڵێنیێ. یان قسەیەك بکەی، بەڵام تاکو مردن تۆم خۆشدەوێ، بەڵێ لە چاوانی مندا لە هەر زیندەوەرێك پتر شایستەی بوونیت.

ئەوجا بخوڕدانێکی زەرگۆنی، کە لەسەر داوای موشتەرییەکی دەوڵەمەند دروستی کردبوو، هێناو لەبەر پێی پەیکەرەکەدا داینا، دار سەروی تێدا سووتاند، شۆکەی عەرەبی پێداکرد تا زیاتر گڕ بسەنێ و ئاهەنگێکی وەها بۆ دڵبەرەکەی خۆی سازبکات کە هەر لایەق بە خواوەندی مێینە بێ. لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو پەیکەرە لە هەموو خەڵقەندەیەکی فانی جوانترەو هەر لایەقە ڕێزی بگیرێ.

هەموو بەیانی و ئێوارەیەك کڕنۆشی بۆ جوانیی ئاسمانی ئەو پەیکەرە دەبرد، بەڵام بە ڕۆژەوە بە چاوی ژنەوە لێی دەڕوانی، هەندێجار مەدح و سەنای جوانی ئەوی دەکردو هەندێ جاریش لێی هەڵدەگەڕایەوەو گازاندەی دەکرد کە لە بوکەڵەیەك یان گەمەیەکی بێ کەڵك زیاتر نییە. و هەندێجار دەیگوت من تەنیا هاودەمێکی گەوجم و بەس. ئەوجا کتێبێکی چیرۆکی دڵداری هەڵدەگرت و بەدەنگی بەرز چەند بەشێکی بۆ ئەو دەخوێندەوە. بەو جۆرە، ئەو خۆشەویستییەی کە نەیتوانی بوو بۆ هیچ ژنێکی دەربڕێ. لە ڕێگەی ئەو خانمە مەڕ مەڕییەوەو بە شێوەیەکی سەیر هەڵی دەڕشت.

چەند گەوجانەو لە هەمان کاتدا چەند ئاسایی بوو، کە دڵ خۆشی خۆی بەوە دەدایەوە گوایە ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ، ژنێکی ناسك و میهرەبان، ماڵە چۆڵ و هۆڵ و سامناکەکەی ڕووناك کردۆتەوە.

"2"

*ژن:*

ئەو ڕۆژە پەیکەرەکەی هێنایە ژووری نووستنەکەی خۆی.. بۆ سبەی بەیانی لە دەنگی ئاوازو گۆرانی ڕابوو، هەستایە سەرپێ و لە دەرکەوە ڕوانییە دەرێ، بینی کەشیشانی ئەماتۆس کەوتوونەتە پێش کەژاوەیەك و پەیکەری "ڤینۆس"ی بەسەرەوەیە. هەرچەند ئەو ڕۆژە کراسی ئاوریشمی نارنجی هاودامانیان لەبەر ڤینۆس کردبوو، بەڵام ئەو هەر زوو ناسییەوەو زانی کە ئەمە دەستکردەکەی خۆیەتی.

عادەتی ئەو شارە وەها بوو کە کیژ و کوڕانی هەزرەکارو گەنج ساڵی سێ جاران ئاهەنگیان ساز دەکردو بەیانیان زوو بە دەوری "ڤینۆس"ی خواوەندی پشت و پەنای دوڕگەی ئەماتۆسدا دەرەقسین و دەسترین و خەڵکیان لە خەو بێدار دەکردەوە.

پیگمالیون کە ڕوانییە ئاپۆڕای لافاو ئاسای گەنجانی وەنێو شەقامان کەوتوو، هەموو ئەو حیکایەت و چیرۆکانەی بیرکەوتنەوە کە لەمەڕ ئەو خواوەندی دڵدارییە بیستبوونی کە چۆن

یارمەتی ئاشقانی بێچارەو موریدانی خۆی داوە تا بە موراد بگەن. لە دڵی خۆیدا گوتی: بۆچی ئەمڕۆکە هانای بۆ نەبەمو داوای یارمەتی لێنەکەم!..

بەلەز خۆی ئامادەکرد تا خۆی بگەیەنێتە نێو ئەو حەشاماتە زۆرەی شان بەشانی کەژاوەکە دەڕۆییشتن.

پێشتر لەم چەشنە ئاهەنگانەدا بەشداری نەکردبوو. بۆیە بە کەیف و دڵخۆشی تایبەتییەوە جلکی جوانی لەبەر کردو چەپکێك گوڵی، لە نێو چەوانی بەست، ئەوجا دانەوەیەوەو پێیە ساردو سپییەکانی دلبەرە مەرمەڕینەکەی ڕاموسی و لە ماڵ وەدەرکەوت. بەلەز شوێن ئەو خەڵکە کەوت کە بە ئارامی بە نێو شاردا ڕێیان دەکرد.

پیگمالیون بێ سەبرو حەوسەڵە وای دەهاتە بەرچاو کە کەژاوەکە بە هەموو شەقام و کۆڵانانی شاری ئەماتۆسدا دەگێڕن. لە ڕاستیدا بەر لەوەی بگەنە بەردەم پەرستگەکە، شەرمی بە خۆی دەهات کە لە نێو ئەو هەموو موریدە گەنج و هەرزەکارەی ڤینۆس دا ببینرێ... کە گەیشتنە جێ پەیکەرەکەیان لەسەر کەژاوەکە داگرت و لە نێو ئەو میحرابەدا دایان نا کە بە تایبەتی بۆ ئەو دروستکرابوو، هەموویان سرودی شاییشان خوێند، بەڵام پەیکەرتاشەکە هێشتا هەر نیگەران بوو. چاوەڕوانی دەکرد ئاهەنگەکە تەواو ببێ و ئەو بە تەنێ بمێنێتەوە تا لەبەر ئەو خواوەندەی بپاڕێتەوەو داواکەی ڕووبەڕووی ئەو بکاتەوە.

ڕێ و ڕەسمی ڕۆییشتنی ستایش و پاڕانەوە تەواو بوو. هەموو خەڵکەکە لە پەرستگەکە وەدەرکەوتن. چەند ڕەبەن و یەك – دوو بێگانە نەبێ کە سەر قاڵی دوعاو پاڕانەوە بوون. گوڵێکی زۆر زۆر و تازە بە نێو پەرستگەکەدا وەربوو بوو. پیگمالیون، بە نێو پەرستگەکە کەوت، لە نزیکی میحرابەکە وەستا. بخوردی بۆنخۆشی خستە سەر ئاگری نزرگەکە، ئەوجا گوتی: هۆ ڤینۆس، ئەی خواوەندی دڵداری و ئەشق، تۆ بە توانای. توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. دوعام ڕەتمەکەوە. ئەوەتا لە بەیانییەوە بەدووی موریدانی تۆوەم، گوێم لە هەموو ئەو سرودانە گرتووە کە ستایشی میهرو سۆزی تۆیان دەکرد، سەبارەت بە ئاشقانی دڵسوتاو ، ئەی خواوەندا دەپاڕێمەوە، ئەو میهرو سۆزەت سەبارەت بە منیش بنوێنە. ڕەحم بە حاڵی کەسێکدا بکە کە شێتانە ئاشقێنی لە گەڵ پەیکەرێکی بێ گیاندا دەکات. مرازی دڵم بدە. ئەی ڤینۆس چما ناتوانی ڕۆح بخەیە بەر دڵبەرەکەی من!؟

هێشتا لە قسە پچڕ پچڕەکانی نەبووبووەوە کە بینی بڵێسەی ئاگر لە بخوڕدانەکەوە هەستا، گڕ بە بەرزی باڵای میحرابەکەو زیاتریش بەرز بووەوە. دەتگوت گەییە بن میچی پەرستگەکە بەر لەوەی گڕەکە دابمرکێتەوەو بنیشێتەوە، دڵی پیگمالیون تەژی، تەژی ئومێد بوو، چونکە ئەم گڕەی بە نوقڵانەی خێرو خۆشییەکی زۆر دەزانی بە نیشانەی گیرابوونی دوعاکانی خۆی دەزانی بە تایبەتی کە هەر لە هەمان دەمدا بینی پەڵە هەورێکی ڕەشی توند، بە دەوری میحرابەکەداو بەسەر سەری خواوەندا سوڕایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: هەبێ و نەبێ ڤینۆسەو پەردەی بەرووی خۆیدا داوە تا لە عەرشی بڵندی خۆیەوە بێتە خوارێ و بە لوتف و کەرەمی خۆی داواکەی من بەجێ بێنێ. هێشتا بەخەیاڵی ئەو ئومێدانەوە بوو کە هەورەکە ڕەوییەوەو پەرستگەکە لەبەر

چاوی ئەو بووەوە بە پاناگەیەکی ناڕێك و چ خواوەندێك لەسەر عاردە زەڕکەفتەکەی بەدی نەدەکرا. بەڵکو چەند مرۆڤێکی ئاسایی بە نێویدا دەهاتن و دەچوون. هیواو ئاواتەکانی چەند بە خێرایی هاتن ئەوەندەش بەخێرایی ڕۆییشتن و نەمان. ئاهێکی هەڵکێشاو بە نائومێدی لە پەرستگەکە وەدەرکەوت و بە نێوی ئەو مۆردانە کەوت کە بۆ پەرستگەکە بوو بوون بە کەپرو سابات. لە نێو شەقامەکانی شاردا ژنان و پیاوانی دەبینی کە قسەی خۆشیان بۆ یەکدی دەکردو بەدەم یەکترەوە پێدەکەنین. تەنیا ئەو بۆ ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ دەڕۆییشتەوە. بۆ ماڵێك کە بەشەرێکی تێدا نەبوو تا خێر هاتنەوەی بکات.

بیرێکی لە چارەنووسی خۆی کردەوەو لەبەر خۆیەوە گوتی: بێ هاوسەری دەردێکی گەلەك گرانە. هەرچەند حەزی دەکرد جارێکی دی ئەو دلبەرەی کە خۆشی دەویست بدینێ. بەلام کە بیری دەکەوتەوە ئەمە کارێکی بێهودەیەو هیچ شتێك ناگۆڕێ، غەمگین دەبوو. کە گەییە بەر دەرگەی ماڵەکەی لەپڕ بیرو خەیاڵی گۆڕا. لە هزرو هۆشێکی ساف و روونەوە بۆی بە دیار کەوت کە ئاشقێنی لەگەڵ پەیکەری بێ گیاندا گەوجێتییە. ئیدی نەخۆشی ئاشقێنییەکەی لەسەر پەڕی. هاواری کرد: "ئەی ڤینۆس سوپاس بۆ تۆ کە یارمەتیت دام، هەرچەند ئەو کەرەمەی لە تۆم چاوەڕوان دەکرد شتێکی تر بوو، بەلام داوای ئەوە کە گیان بخەیتە بەر پەیکەرێکی رەق و تەق، نەزانی و نەفامی بوو. هەرچەند داواکەت رەت کردمەوە، بەلام چاوت کردمەوەو حاڵی بووم کە ئەم ئارەزووەم بێهودەیە، ئێستا کە تامی خۆشەویستیی هاودەمم چەشتووە ئایا رۆژێك هاوسەرێکم بۆ دەنێری کە گیانی لەبەر بێ؟!

هەرچەند پیگمالیون، وایدەزانی کە ئیدی کەمتر بیر لەو خانمە بەردینە دەکاتەوە، کەچی هەر زوو بۆی بە دیار کەوت کە هێشتا زۆری خۆش دەوێ. لە دەرگای دەرەوە وەژوورکەوت، خۆی بە ژووری نووستنەکەیدا کرد. وەکو خووی هەمیشەیی، روانییە نێو میحرابەکەو شوێنی پەیکەرەکە، پەیکەرەکە لە جێی خۆی نەما بوو!... ژان چووە دڵییەوە، هەرگیز ژانی وای بە خۆیەوە نەبینی بوو. بە ئاسپایی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– چم بە خۆم کرد. رۆیی، لە دەستم چوو. هەر ئەو شتەم خۆش دەویست، ئەویشم لە دەست چوو.

– پیگمالیون!...

ئەم دەنگە هێدی و ناسکەی کە خامۆشی ئێرە دەڕەوێنێتەوە، دەنگی کێیە.

هونەرمەندی کەساس، رووی بو سەمتی دەنگەکە وەرگێڕا. داوی زێڕینی زەردەپەڕ لە پەنجەرەکەی رۆژاواوە دەیدا لە نێو ژوورەکەی. رێك لەوێدا دلبەرەکەی خۆی بینی. پەیکەرە رەق و تەقەتەکەی جاران نەبوو، ژنێکی زیندوو بوو. لەو لێوانەیەوە کە ئەم بە دەستی خۆی دروستی کردبوون هەناسەی گەرمی دەدا. پێیە ناسکەکانی کە ئەم جارەهای جار ماچی کردبوون بەرەو ئەم دەهاتن، گۆناکانی سوور هەڵگەڕا بوون. ئەو نەرمە بایەی لە پەنجەرەکەوە وەژوور دەکەوت گەمەی بە گێسووی پڕو نەرمی دەکرد. ئەو روحە تازەیەی کە وەبەری کەوتبوو، لە

چاوانیدا دەدرەوشایەوە. ڕێك لەو دەمە پیرۆزەدا بوو پیگمالیون بۆی بەدیارکەوت کە ئەو کراسەی لەبەریدایە هەمان ئەو کراسەیە کە ئەم بەیانییە لەبەر پەیکەرەکەی ڤینۆس دابوو!...

کچۆڵەکە بە شەرمەوە نزیك بووەوە، بە دەنگێکی یەکجار دڵگیر، ئەم گوتانەی بە گوێی دڵدارەکەیدا دا کە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری: "پیگمالیون"، ڤینۆس دوعاکەی گیراکردی، ئەمڕۆکە روحی وەبەر من خست تا ببمە هاوسەری تۆو یەکترمان خۆش بوێ.

پەیکەرتاشەکە هەوەڵجار سەرسام بوو، چ دەبینیٚ! چ دەبیستیٚ؟ خەونە، راستییە!!... ئەوجا دلبەرەکەی گۆنەی گەرمی خۆی خستە سەر گۆنەی ئەو و گوتی: نە عەزیزم ئەمە خەون نییە. بیرت دیٚ وەختیٚ من بیٚ گیان بووم‌و لەو سەری ژوورەکەو لە نێو میحرابەکەدا وەستا بووم. بە چ گەرمی‌و دڵسۆزییەك دەت دواندم؟

دەی ئێستاش وەکو ئەوسا بە.

ئەوجا پیگمالیون بە شادمانی‌و گەرمییەکی زۆر زۆرەوە ماچی کردو بەخێر هاتنی کرد. دوای تۆزێك گوتی: ئەریٚ چیرۆکی رۆح وەبەرکەوتنی خۆتم بۆ ناگێڕییەوە!.

وەڵامی دایەوە: عەزیزم، دانایی من زۆر کەمەو ئەو وشانەی کە فێریان بووم هێشتا کەمن. بەڵام گویٚ رادێرە، هێندەی بتوانم بە باشترین شێوە بۆتی دەگێڕمەوە:

کە یەکەمجار چاوم بەو شتانەی دەوروبەرم کەوت، لەو تاقەی پشت تەختەکەی تۆدا وەستا بووم، یادمە کە شتێکی قورس لە دەستم دەکەوتە خوارەوە، گران بوو، پێم وایە شێوەی لە یەکێك لەو گوڵە بۆن خۆشانە دەچوو. ژنێکی یەکجار جوان لە بەردەممدا وەستاو بە دەنگی بەرزو بەدەم پێکەنینەوە گوتی: وەرە خوارەوە گلاتیا وەرە خواریٚ‌و لەم ماڵەدا دەرسی بە لەزەتی ژیان‌و خۆشەویستی فێر بە. لەسەر قسەی ئەو هاتمە خواریٚ. ئەو وشانەی فێرکردم کە لە کاتی گەڕانەوەی تۆدا گوتمن. کراسە ئاوریشمەکەی خۆی لەبەر کردم تا ئیشارەتێك بیٚ بۆ تۆ کە بزانی ڤینۆس روحی خستۆتە بەرمن. ئەوجا لێوی نایە سەر لێوەکانم‌و گوتی: ژیان بەبیٚ خۆشەویستی دیارییەکی کەم بایەخە. بەم راموسانە هێزو توانای خۆشەویستی پیٚ دەبەخشم. خۆشەویستییەك کە یەکسان بیٚ لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی بەرانبەرت دەکریٚ.. بەڵێنت دەدەمیٚ کە ژیانی تۆو پیگمالیون پیرۆز بیٚ، سەرکەوتوو بیٚ‌و لە ژیانی خەڵکی ئاسایی بالاٚتر بیٚ. ئەمەی گوت‌و گوم بوو. ئاه پیگمالیون، بێگومان خواوەندی قوبرس، دلاٚواو میهرەبانە لە گەڵ خەڵکەکەیدا.

(29)

## پێشبڕکێیەکی مۆسیقاژەنی زۆر کۆن

زۆربەی ئەوانەی کە ئەم چیرۆکەی ئێمە دەخوێننەوە ئاگایان لە چیرۆکی سەیرو عەجیبی (سوڵتان میداس‌و دەستکاری زێڕینی) ئەو هەیەو دەزانن کە چۆن دەستی بۆ هەرچییەك دەبرد دەبوو بە کانزای زەردو دەرەخشاوە، ئەم سوڵتانە چیرۆکێکی تری هەیە کە هەرچەندە بە

ئەندازەی چیرۆکی کیمیاگەرییەکەی باوو بلاو نییە، نیشانەی ئەوەشە کە فەرمانڕەوای نێو براو هەندێجار وەکو پێویستە ئاقڵ و بە ئاوەز نەبووە.

لە یەکێك لە چیرۆکەکان، ئەوەتان خوێندەوەو لە بیرتان ماوە کە "پان"ی خواوەندی لێرو بێشەلان یەکەمجار نای لەو نەیجانە دروستکرد کە لە کەناری روباردا روا بوون. (سوڵتان میداس) ئەوی بە هاودەمی خۆی هەڵبژاردو بە باشترین ئاوازژەنی دنیای دەزانی. پەرییانی بێشەو لێڕەوارانیش نەی ژەنینی پان- یان پێخۆش بوو. پان هێندەی ستایش لەمو لەو ژنەوت تا وای لێهات ئەویش خۆی لێبوو بە گەورەترین نەی ژەنی جیهان. رۆژێك بەڕادەیەك لە خۆی بایی بوو کە داوای لە خواوەندی گەورە "ئەپۆلۆ" کرد کە لەگەڵیا بەشداری پێشبڕکێیەکی مۆسیقاژەنی بکات.

وەکو خۆتان دەزانن ئەپۆلۆی خواوەندنی هەتاو باشترین مۆسیقاژەنی جیهان بوو. بۆیە داواکەی پان ، بەبێ ئەدەبی و بێ نەزاکەتییەکی گەورە دەرهەق بە ئەپۆلۆ هاتە ژماردن. بەم حاڵەشەوە ئەپۆلۆ قاییل بوو کە لەو پێشبڕکێیەدا بەشداری بکات. شوێنی پێشبڕکێیەکە دیاری کرا. گردێکی بەرزی نزیکی کۆشکەکەی سوڵتان میداس بوو. فەرمانڕەوای ئەو شاخانەیان بەداوەر دانا، ئەمە پیاویکی تۆکمەی قژ درێژی سپی، ردێن پانو چاوان درشتو خومار بوو. لە تۆ وایە سەدان هاوینو زستان روانیویەتییە گردو کێوەکانی دەوروبەری خۆی.

میداس، جلە ئەرخەوانییەکانی لەبەر کردو لە دەستە راستی داوەرەکەوە رۆنیشت. ئیدی پەریو دێوی جەنگەڵو بێشەو هەموو ئەو کەسانەی ئارەزووی دیتنی ئەو پێشبڕکێیەیان هەبوو، لە دەوروبەری ئەو دوانە خڕبوونەوەو دانیشتن، ئەپۆلۆ جلی زێڕینی لەبەر کردبوو. گیتارەکەی بەدەستەوە بوو. پان، کەوڵە بزنێکی بەسەرشانو ملیدا بەردا بووەوەو هەردووکیان رووبەڕووی داوەرەکە ڕاوەستان. دیمەنێکی زۆر جوانو غەریب بوو. کاشکێ ئێوەش لەوێ بوایەنو بە چاوی خۆتان بتان دیتبا.

دەبوایە پان هەوەڵجار دەست پێبکات. لە نێو کپیو خامۆشی تەواودا، نایەکەی خۆی هەڵگرتو نای بە لێوەییەوە. ئاوازەکانی گوزارشتیان لە لێرەوارو روباران دەکرد. گوێگر، گوێی لە خوڕە خوڕی جۆگاکان دەبوو. شنەی بای دەژنەوت کە خۆی بە نێو لقو پۆپی درەختاندا دەکرد. هەروەها جارجارێك هاوارێکی سەیر دەهاتە گوێ کە لە تۆ وایە هاواری جانەوەرێکی دڕندەیەو لە لانەی خۆی دەرپەڕیوە. لەگەڵ ئەوەشدا گوێگران وایان هەستکرد کە نایەکەی پان، هەندێ ناخۆشەو شایستەی ئەو کاتو شوێنە نییە. تەنیا میداس بە نایەکەی هاودەمەکەی خۆی زۆر شادمان بوو،و گازی کردو لای خۆیەوە داینیشاند. کە پان تەواو بوو، ئەپۆلۆ هاتە پێشەوە. قژی هەروەکو هەتاو پرشنگی دەهاویشت. چاوەکانی وەکو ئەستێرە دەدرەوشانەوە. عەبا زێڕینەکەی داکەندو گیتارەکەی هەڵگرتو چەند ئاوازێکی هێندە دڵگیرو ئاسمانی لێدا کە هەموو گوێگرەکان فرمێسکی شادی لە چاویان ڕژا. تەنانەت پان-ش لە بەرانبەر ئەو ئاواز ژەنە هەرە بە توانایەی کە دەیتوانی بە زەبری قامکە کارامەو قاڵ بووەکانی، گیان وەبەر ژێی گیتارەکەیدا بکاتو خەڵکی جارێك بێنێتە گریانو جارێ بیان هێنێتە پێکەنین. لە بەرانبەر ئەو بەهرە

گەورەیەدا، نایەکەی خۆی دا بە زەوی دا، کە ئەپۆلۆ دەستی هەڵگرت هەموو بەرەو لای غاریانداو بە دەنگی بەرز کەوتنە ستایشیو سوپاسیان کرد. ئەوجا تاجی سەرکەوتنیان لەسەر نا کە بریتی بوو لە پەلکی درەختی غارو تایبەت بە خودی ئەپۆلۆ بوو. بەڵام میداسی بیٚ ئاوەز گوتی: بەڕای من نایەکەی پان دڵگیرتر بوو لە ئاوازی خواوەندی هەتاو. جا چونکە گوێیەکانی خۆی گەوجانە بەکار هێنا بوو، ئەپۆلۆ لە سزای ئەوەدا کردنی بە دوو گوێچکەی درێژو نەرم.

میداس زۆر توڕە بوو. لە حەژمەتاندا چووە ژوورەکەی خۆیو دەرکەی لە خۆی داخستو ناردی بە شوێن دەلاکە تایبەتییەکەی خۆیداو ناچاری کرد کە نابیٚ نهێنی سوڵتان بدرکێنیٚ. ئیدی گوێچکە درێژەکانی خۆی بۆ دەرخستو گوتی کە کڵاو قژێکی بۆ دروست بکات کە ئەم دوو شتە ناشیرینە داپۆشێت. دوای ماوەیەکی کەم دەلاکەکە، کڵاوقژی لە سەری سوڵتان نا، سوڵتان هەڕەشەی لێکرد کە ئەگەر ئەم نهێنییە دەربچێت دەکوژرێی. ئەوجا دەری کرد. دەلاکەکە بە ترسەوە لە کۆشك وەدەرکەوت، بەڵام نهێنییەکە هەر ختوکەی مێشکی دەداو دەی هاڕوژاند. بیری ئەم نهێنییە هێندەی ئازار دەدا کە خواردنو خەوی لێحەرام کرد. لە گەڵ ئەمەشدا زاتی ئەوەی نەبوو ئەم نهێنییە بۆ چ کەسێك بدرکێنیٚ. سەرەنجام نەیتوانی لەوەی پتر سەبر بکاتو خۆی بگریٚ. نیوە شەوێك کە هەموو خەڵکی لە غوڕابی خەودا بوون. بێڵێکی هەڵگرتو رووی کردە مێرگێکی پانو بەرینی زۆر دوور لە هەر ئاوەدانییەك، لەوێندەر چاڵێکی قووڵی هەڵکەندو دەمی نا بە دەمی چاڵەکەوەو بە ئەسپایی گوتی: سوڵتان میداس جووتیٚ گوێی درێژی هەن چوون گوێی خەر... دەلاکەکە بەمە هەستی بە ئاسودەیی کرد. ئیدی چاڵەکەی پڕ کردەوەو بە دڵی شادو کامەرانەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە. ماوەیەك تێپەڕی. لە جێی ئەو چاڵەی کە کابرای دەلاك هەڵی کەندو پڕی کردەوە، قۆپەنە نەیجەیەکی چڕ ڕوا. هەر کاتێك با خۆی بە نێویدا بکردایە، ئەم وشە سەیرانەی لیوە دەهات: سوڵتان میداس دوو گوێی درێژی هەن چوون گوشی خەر... زۆری نەبرد کە هەموو رەعییەتەکەی سوڵتان بەو رازو نهێنییەیان زانی کە نەیجەکان بە ئەسپایی دەیان درکاند. هەنگێنی زانییان کە ئەپۆلۆ، بەو جۆرە سزای داوەڕێیە گەوجانەکەی سوڵتانی داوە... بەڵام میداس، ئەگەر بە نهێنی درکاندنەکەی نیوە شەوی دەلالەکەشی بزانیبایە، هەقی ئەوەی نەبوو کە سەرزەنشتی بکات، چونکە ئەو قەلەندەرە ئەو نهێنییەی بۆ چ کەسێك نەدرکاند بوو.

(30)

## شوانی لە خۆ رازی

ئەمجارە چیرۆکێکی تری پێشبڕکێی مۆسیقا دەژنەوێت، بەڵام ئەمجارەیان بنیادەمێکی فانی دێتە مەیدانی ئەپۆلۆو داوای پێشبڕکێی لێدەکات. دەگێڕنەوە دەڵێن کە رۆژێك مینرڤا لە قەراخی سەرچاوەیەك دانیشتبوو و، پێیە جوانەکانی خۆی خستبوونە ئاوەکەوەو بۆ خۆی سەرگەرمی

نای لێدان بوو، ئاوازی دڵگیرو بە جۆش و خرۆشی نایەکەی دەگەییە شوێنە فێنکەکانی بێشە نزیکەکەو باڵندەکانی لە نەغمەخوانی دەوەستاندو هەروەها بە نەرمییەکی دڵگیر دەگەییە گوێی ئەو شوانە لاوەی کە تۆزێ لە خوارترەوە لە کەناری هەمان سەرچاوەو لە نێو سەوزە گیا فێنکەکانی هاویندا ڕاکشا بوو.

زۆری نەبرد کە مینرڤا رووی خۆی بە گۆنای هەڵئاوساوەوە لە نێو ئاوە ساف و زوڵاڵەکەدا بینی و تۆرە بوو. نایەکەی توڕدایە ئاوەکەوەو گوتی: ئەی وێرانکەری جوانی. نامەوێ لەوەی پتر رووی خۆم ناشیرین بکەم و جوانی خۆم بشێوێنم...

بڕانی کوتوپڕی ئاوازی نایەکە وەکو زللەیەك بەر گوێی "مارسیاس"ی لاو کەوت کە حاڵی لێهاتبوو، روانییە دەوروبەری خۆی و ئەو نایەی لە بەردەم خۆیداو بەسەر ئاوەکەو بینی کە مینرڤا توڕی دابوو. دەم و دەست لە ئاوەکە دەریهێناو نای بە دەمییەوە جارێکی دی هەمان ئاوازە ئاسمانییەکانی لێوە هاتنە دەرێ، ئیدی لەوە بەدواوە شوانی لاو خووی دایە نایە جادووییەکەی خۆی و هیچی دی. شەو و رۆژ دەنگی ئاوازەکانی لە جەنگەڵ و بێشەدا دەنگی دەدایەوەو پەزەکانی لە دەرو دەشتی پڕ سەوزی دا ئەو ئاوازانەیان دەناسییەوە. هەروەها گورگی بەد سروشتیش ئاشنای ئاوازەکانی بوون. چەندین جار کاتێ کە شوانە غەرقی ئاوازە زیندووەکانی خۆی دەبوو، پڕیان دەدایە بەرخێك و لە مێگەلەکەیان دەردێناو دەیان رفاند. پەرییانی کێوو کۆساران، چەندین سەعات گوێیان لە ئاوازەکانی دەگرت. ئەو پیاوو ژنانەی کە بەو نزیکانەدا تێدەپەڕین و گوێیان لە ئاوازەکان دەبوو، شەیدای هونەرمەندی ئەو نەیژەنە دەبوون. مارسیاس هێندەی ستایش بەرگوێ کەوتەوە، بۆ خۆی فریوی خوارد، ئەوەی لە بیر چووەوە کە شادمانی خۆی لە بەرەکەتی نایە جادووییەکەی خۆی بزانێ. لە راستیدا بە جۆرێ خۆی لێگۆڕا لە دڵی خۆیدا گوتی ئەپۆلۆ-ش ناتوانێ وەکوو منی بژەنێ، ئیدی وای لێهات بێ ئاوەزی گەیاندە رادەیەك کە ئەم بیرە بێ ئەقڵانەیەی خۆی لای هەمووان ئاشکرا کردو بەلاف و گەزافەوە گوتی: با ئەپۆلۆ بێتە مەیدان و رووبەڕووم ببێتەوە، ئەو دەمە دەبینن کە من لەو باشتر دەژەنم.

ئەم قسانەی شوانەکە، لە یەکێك لەو ساتە زۆرانەدا کە خواوەندی مۆسیقا، ئەپۆلۆ بێکار دەبێ، دەگاتەوە گوێی و لێدەبڕێ شوانە لە بری ئەم بێ ئەدەبیەی سزا بدات و وەکو هەموو خواوەندانی دی لەو تواناو بەهرانەدا کە تایبەت بە خۆی بوون، زۆر بەغیل بوو، و قەبوڵی نەدەکرد کە مرۆڤێکی فانی، لاف و گەزافی هەبوونی ئەو تواناو بەهرانە لێبدات، ئیدی لێبڕا کە باڵا دەستی خۆی لە بواری هونەردا بسەلمێنێ و بنوێنێ تا مرۆڤەکان بزانن کە مارسیاس لە بێ ئەقڵییەوە خۆی لەگەڵ ئەودا بەراورد دەکات. هەروەها لە رێگەی سزادانی ئەو شوانە وێڵە خۆ پەسندەوە، پایەی خۆی بەرزتر بکات.

ئەپۆلۆ، یەکەمجار هەر نۆ خواوەندی هونەرە جوانەکانی، کە پارێزەری مۆسیقا بوون، گازکرد تا داوەری بکەن. ئەوجا لەگەڵ ئەواندا چوو بۆ لای مارسیاس، لەو کاتەدا مارسیاس لە سوچێکی هێدی و هێمنی جەنگەڵ دا دانیشتبوو و، دەستەیەك لە هەوادارانی لە دەوری گردببوونەوە.

ئەپۆلۆ پێی گوت: فەرموو لاف و گەزافەکانی خۆت بسەلمێنە. شوانی نەزان بە کەماڵی ئارەزوو و دەم و دەست نایەکەی هەڵگرت و کەوتە نای لێدان. ئەو ئاوازانەی کە لە نایەکەوە هەستان وەکو ئەم شیعرانە ناسك و دڵگیر بوون: هاوینان لە نێو قامیشەڵانی سەوزدا پەنهان و بەندبوون، چاوەنۆڕی ئەفسونی بای باشوور بوون. هاوین ئەوانی دەنێو ژورۆچکەی قامیشی سەوزا پەنهان و بەند کردبوو. تا چاوەڕێی ئەفسونی بای باشوور بن.

نەی ژەن، فووی بە نای خۆیدا کرد

کە مۆسیقاکەی ئەو بەرزترو ئاشکرا تر بوو

جانەوەرانی دڕندە لە کون و پەناگای زستانەی خۆیان.

جوان و نەرم توکن و بە چاوانی وەکو کانیاوی پڕ ئەستێرە، وەدەرکەوتن و روویان کردە، هەموو لایەك... وایانزانی کە بای باشوور هەڵیکرد.

بە دڵنیایی و شادومانییەوە لە دەوری نای ژەن.

کە ئەوەندە زوو هاوینی بۆ هێنا بوونەوە، گرد بوونەوە.

نیگاکانی ئەو کە میهر ئامێزتر بوون لە مرۆڤەکانی دی ئەوانی ئەسیرو لەوێدا بەندی کردن.

خواوەندانی هونەرە جوانەکان، زۆر لە مارسیاس رازی بوون و ستایشی هونەری نای ژەنینەکەی ئەویان کردو گوتیان ئورفیوس...ش گوێی لێی بوایە خۆزیای پێ دەخواست، ئەوجا داوایان لە ئەپۆلۆ کرد کە دەست پێبکات، ئیدی ئەو ئاواز ژەنە ئاسمانییە گیتارەکەی هەڵگرت و وەکو چاوەنۆڕ بوون سێڵاوی ئاوازو سترانێکی هەڵکرد کە خواوەندانی ئاسمانی ئەفسون دەکرد، بەڵام داوەرەکان دوو دڵ بوون و نەیان توانی بڵێن کە کامیان باشترن . راوێژیان لەگەڵ یەکدی دا کردو بڕیاریان دا کە هەر یەکێك لە نەواژەنەکان ، بۆ جاری دووەم هونەرمەندی خۆی بنوێنێ.

شوانەکە دیسان کۆمەڵێك ئاوازی لێدا کە بالاتر بوون لە تواناو بەهرەی مرۆڤی فانی. ئەپۆلۆش لە نۆرەی خۆیدا جارێکی دی گیتارە زێڕینەکەی جەڕباند، ئەمجارەیان گۆرانی بەگەڵ ئاوازە نەمرەکانی خۆی خست و کاتێ کە ئەو هاوسازییە بەرزو نزم دەبووەوە هەموو زانیان کە داوەرییەکە بە قازانجی کێیەو خواوەندی هەتاو خوڵقێنی، دەژنەوێ.

بەمجۆرە، لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارێدا، کاتێ کە خۆر لە کەل ئاوا دەبوو، پێشبڕکێیەکە کۆتایی هات، خوداوەندانی هونەرە جوانەکان رایان دا کە مارسیاس دۆڕاندی. سزاکە یەکسەر لەدوای دەرچوونی داوەرییەکە ئەنجام درا، ئەپۆلۆ، ئیدی گوێی لە هەراوزەنا نەگرت و حەریفەکەی خۆی بە درەختێکەوە بەست و بێڕەحمانە کوشتی. دۆستەکانی و پەرییانی کۆساران لە مەرگی جەرگ بڕی هاونشینەکەی خۆیاندا گریان، ئەوەندە گریان، کە فرمێسکی ئەوان بوو بە رووبارێك و بەیادی ئەو نەواژەنە قەڵەندەرەوە، ئەو رووبارەیان ناونا مارسیاس.

## ئەو خێوەی کە ئاشقی پەری دەریا بوو

هەبوو نەبوو، لە عەیام‌و زەمانی کۆندا جۆرە نەژادێکی سەیری خێوان لەسەر زەویدا دەژیان کە پێیان دەگوتن "سایکلوپ". بەڕاستی سەیرو عەنتیکە بوون، زۆر لەو خێوو دێوانە زل‌و زەلامتر بوون کە لە داستان‌و ئەفسانەی پەرییاندا خوێندوتانەوە، لە غارو ئەشکەوتی کێواندا دەژیان‌و مێگەلە مەڕو چێڵیان بەخێو دەکرد. دەڵێن کاتێ کە بە تووڕەیی قسانیان دەکرد، سەرانسەری کێوەکان دەلەرزین‌و زەوی ئەو دەوروبەرە وەکو کاتی بوومەلەرزە دەهاتە لەرزین.

سەراپای ئەم " سایکلوپ"انە وەکو جانەوەران هەر موو بوو. ئەمە جگە لەوەی کە تەنیا یەك چاوی ئاگراوییان هەبوو، هێندەی دی بە سامی دەکردن. ئەو گیاندارە سەیرانەی لە بری ئەو دوو چاوەی کە من‌و تۆ هەمانە تەنیا یەك چاوی گەورەیان هەبوو. ئەو تاقە چاوە لە ناوەندی هەنیەیاندا هێند بە تووڕەیی دەدرەوشایەوە کە بە ئەندازەی پتر لە سەد چاوی دی بینەری دەترساند.

بە ڕاستی دەیانگوت کاتێك سایکلوپەکان لە ئەشکەوتەکانی خۆیاندا تووڕە دەبوون، ئاگر لە چاویان دەردەپەڕی‌و لەو کاتانەدا لەو کێوە گڕکانانە دەچوون کە ئاگر لە زارکیانەوە دەردەپەڕی.

رەنگە لە دڵی خۆدا بڵێن پێناچێت ئەو گیاندارە سامناك‌و کێویانەی کە جگە لە کاتی بۆڵە بۆڵ‌و ئاگر دەرپەڕاندن، هەموو رۆژیان بە پاسەوانی پەزان دەبردە سەر، هەستی خۆشەویستی‌و ئاشقێنیان لەلا هەبووبێ، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە بیسەلمێنێ، بەڵێ سایکلوپەکانیش دەیانتوانی کەسێکیان خۆش بوێ. هەرچەندە خۆشەویستی ئەوان وەکو خۆیان هەندێ کێویانە بوو.

لە ئەشکەوتێکی شاخدا کە دەیڕوانییە شینایی دەریا، یەکێك لەو سایکلوپانە دەژیا نێوی "پولی فیموس" بوو. هەموو رۆژێك لەسەر تاوێران دادەنیشت‌و چاودێری پەزەکانی دەکرد کە سەرقاڵی لەوەڕین بوون‌و، بەنایە تایبەتییەکەی خۆی کە لە سەد نەیجە دروستکرا بوو، ئاوازی سەیری لێدەدا.

لەو کاتانەدا، دەیڕوانییە پەریانی دەریا کە سەرگەرمی گەمە بوون لە ئاوەکەدا. پەرییەکان هەندێجار دەهاتنە سەر ئاوەکەو لە دوورەوە هەر لە کەف سپی دەچوون، هەندێجار قژی زەردی خۆیان کە وەکو زێڕ، یان تیشکی هەتاوی سەر ئاوی ساف‌و کەفدار دەدرەوشایەوە، شانە دەکرد...

جوانترین‌و سپی ترین پەری "گلاتیا" بوو. لە چاوی "پولی فیموس"ی بە ساڵا چووەوە هەر وەکو پارچەیەك هەتاوو ئاسمانی بێگەرد دەینواندو لە ناخی ناخەوە حەزی لێکرد... چاودێری مەڕەکانی فەرامۆش کردو وازی لێهێنان کە بە هەوەسی خۆ بەرەڵا بن، داردەستەکەی کە

چناریک بوو و، لقە گەورەکانیان بڕی بووەوەو بێهودە لە پاڵیدا کەوتبوو. حەزی دەکرد لەلای گلاتیا قۆز بنوێنێ. بۆیە بە شەنە قژی شانەکردو بە داس ردێنی خۆی کورت کردەوەو تەماشای ئاوە ساف و زوڵاڵەکەی کرد تا خوی ببینێ... بەڕای خۆی سیمای زۆر باش بوو، چونکە دیار بوو کە زەلامی و توکنی و یەك چاوی ئاگراوی بە باشترین نیشانەی قۆزی سایکلوپ دەزانی. ئەوجا نایەکەی خۆی هەڵگرت و لەسەر تاشە بەردێك کە ڕوەو دەریاکە هەڵکەوتبوو، دانیشت و ئاوازێکی بۆ دلبەرەکەی لێدا، هەرکە دەنگی ئاوازەکەی بەرز بووەوە، کێوان جوڵان و ئاوی دەریا لەرزی و پەرییان لە ترساندا خۆیان بە ئەشکەوتە سەوزەکانی خۆیاندا کرد، ئەمە ئاوازەکەی بوو:

***" ئەی گلاتیا، بۆ لە پەڕەی گوڵی سپی ترین شکۆفە، سپی تری و لە کێڵگەی سەوزو درەختانی جوان ، جوانتری و بۆ من لە هەتاوی زستان و لە سێبەری هاوین دڵگیرتری. ئیدی بۆچی لێم هەڵدێی؟"***

ئەگەر منت بناسیایە گوێت لە هاوارو پاڕانەوەم دەگرت. ئەشکەوتەکەی من لە ناو جەرگەی کێودایەو نە هەتاوی نیوەڕۆی هاوین دەیگاتێ و نە سەرمای سەهۆڵ بەندانی چلەی زستان دەیگاتێ، لەوێندەر درەختانی سێوە لاسورەو مێوی پڕ لە هێشوەترێی زێڕین و ئەرخەوانی و شیرین دەبینی.. لەوێندەر دەتوانی لە سێبەری دارتوی کێوی، تووی سوور کۆ بکەیتەوە. لەوێندەر گوێزو میوەی هەموو درەختەکانی ترت لە پێش دادەنیم، دەبڕوانەو بزانە چ سەروەت و سامانێکم هەیە، هەموو ئەم چێلانە هی منن، پەزەکانیش بۆ تۆو شیرە خۆشەکەیان بکە بە پەنیری سپی و کەرەی تازەو، نۆشی گیانی بکە. کەروێشك و بەرخ و ئەو جووتە قومرییە سپییەو ئەو جووتە توڵە ورچەش کە لە لوتکەی کێوەکەدا دۆزیمنەوە بۆ گەمە و کات بەسەر بردنی تۆن.

ئەی گلاتیا، دەموچاوی نازدارت لە دەریای شین بێنە دەرێ. وەرەو دیارییەکانم بەکەم مەزانە، بڕوانە چەند زل و زەلامم، ژوپیتەری مەزن کە بەو ئاسمانەوەیە لە من گەورەتر نییە، بڕوانە ئەو قژە درێژەی کە بەسەر شان و ملمدا ڕژاوە، بڕوانە کە وەکو دارستانێك سێبەری لە دەوری سەرم کردووە، دڵنیام کە ئەمەت بەلاوە جوان دەبێ. درەختێك کە پەلك و گەڵای نەبێ رووتەو ئەسپێك کە یاڵی چڕو بڕ نەبێ ناشیرینە. مەلان بە پەڕەوە جوانن و پەزان بە خورییەوە جوانن، بە هەمان شێوەش ردێن و قژو موی زبریش هەر لە سایکلوپ دێن. من تەنیا یەك چاوم لە تەختی تەوێڵمدا هەیەو بەس. هەتاوی گەورەش کە وا لە ئاسمانەو هەموو شتەکانم دەبینێ تەنیا یەك چاوی هەیەو بەس.

بابم فەرمانڕەوای ئەو دەریا شینەیە کە تۆ یاری تێدا دەکەی. وەڵامم بدەوە، تکاکانم ڕەت مەکەوە، بەختەوەرت دەکەم. لە ماڵە دەریاییەکەت دەرکەوە. ئەی سپی ترین پەری پەرییان.وەرە لای من، بە تاسەی تۆوە دەژیم.

"پۆلی فیموس" ئەو سترانەی چڕی. بەڵام گلاتیا لەو خێوە توکنەو لە نەڕەی ئاوازەکەی ترسا، جگە لەمەش گلاتیا، شوانێکی خۆش دەویست نێوی "ئایسس" بوو، لەبەر ئەمە کاتێ کە ئاوازو سترانەکەی "پولی فیموس" کۆتایی هات. بەغار خۆی گەیاندە کەناری ئەو روبارەی کە دەڕژایە دەریاکەوەو لەوێندەر یارەکەی خۆی بینی.

بەڵام "پولی فیموس" کە بۆی دەرکەوت گلاتیای دلبەر ویڕای هەموو ئەو دیاریانەی کە پێشکەشی کردبوون، هەڵاتو جوابی نەدایەوە، توڕە بوو. بۆڵە بۆڵی لێهەستاو چاوەکەی بوو بە گڕکانو، هێندەی دی سامی لێباری. ئەوجا کەوتە گەڕان بە نێو بێشەکەدا. هەموو گیانلەبەرانی کێوی کە دیتیان زەوی لە ژێر پێیاندا دەلەرزێ. خۆیان خزاندە کونو لانەکانیانەوەو باڵندە بچووکەکان لە ترساندا لە خوێندن کەوتن.

ئەنجام گەییە ئەو شوێنەی کە شوانەکەو گلاتیا وەکو دوو دڵدار لێی دانیشتبوون بە تەنیشت یەکەوە. رق لە دڵییەوە فوارەی کرد، بەردێکی گەورەی هەڵگرتو خێواندییە ئەو دوو دڵدارە، گلاتیا دەرپەڕیو چووە ژێر ئاوەکەوەو خۆی رزگار کرد، بەڵام شوانەکە لە ژێر بەردەکەدا پلیشایەوە، لەگەڵ ئەوەش دا ئایسس نەمرد. چونکە خوداوەندان کردیان بە جۆگەلە ئاوێك کە لە ژێر بەردەکەوە هەڵدەقوڵی و لە سەرەتادا سوور سوور بوو، لە خوێن دەچوو، بەڵام بەرەبەرە کاڵترو سافتر بووەوەو لە کۆتاییدا وەکو ئاوێنەو کریستاڵ روون بووەوەو رژایە دەریاکەوەو پەیوەندی بە گلاتیاوە کرد کە لە ئەشکەوتەکەی خۆیداو لە ژێر دەریادا بوو، لەوێندەر ئەو لاوە نەجیبەو ئەو پەرییە سپییەی دەریا بە بەختەوەری ژیان وەکو ئەوەی هەرگیز "پۆلی فیموس"ی بەلەنگازی ناشیرین نەی دیتبن...

(32)

## خواوەندی بوغز لەزگ

هەبوو نەبوو راوچییەك هەبوو بە نێوی "سیفالوس"، ئەم پیاوە جگە لەوەی راوچییەکی کارامە بوو، یەکجار قۆزیش بوو، هێندە قۆز بوو کە "ئورورا"ی خواوەندی سپێدە حەزی لێکرد، بەڵام "سیفالوس" حەزی لە "پروکریس" بوو، کە یەکێك بوو لە هاودەمەکانی "دیانا" بۆیە نەیدەتوانی روو بداتە ئورورا. لە کاتێکی گونجاودا سیفالوسو پروکریس پەیمانی هاوسەرییان بەست. پەری، تاژییەکی لە نەژادی ئەو تاژیانەی کە دیانا بۆ راوی دەبردن بە دیاری بۆ مێردەکەی هێنا، لەگەڵ رمێکدا کە رووی بکردایەتە هەر نیشانێك دەی پێکا.

ئەم دیاریانە بۆ بابایەکی راوچی، بەنرخن. بەرە بەرە بوونە مایەی خۆشبەختی سیفالوسو بە دەستی پڕەوە لە راو دەگەڕایەوە. تاژییەکە هێندە سوکەڵەو خێراو پشوو درێژ بوو، کە هیچ نێچیرێك ئومێدی ئەوەی نەدەبوو لە دەستی قوتار ببێ. ئەنجام سەرنجی خواوەندانی بۆ لای خۆی راکێشاو لێبران کە شایستەییو دلاوەری ئەو تاقی بکەنەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە رێوییەکیان دروستکردو رۆژێك لە رێگەی تاژییەکە دایان نا. تاژییەکە بەپێی سروشتی سەگانەی خۆی یەکسەر دوای رێوییەکە کەوت. ئەو دوو گیانلەبەرە چەندین سەعات هەورازو نشێویان کرد، بە جۆرێ هاوکوف بوون، پێ نەدەچوو کەسیان براوە بێ، من نازانم تاکەی دەیانتوانی غار

بدەن. سەرئەنجام خواوەندان بەزەییان پێدا هاتنەوەو لە پاداشتی ئەو وەرزشە جوانەدا کە نواندیان، هەردووکیانیان کرد بە دوو پەیکەر، دوو پەیکەری وەها کە بەنی بەشەرێك نەیدەتوانی هاو وێنەیان دروستبکات.

هەموو رۆژێك کاتی زەردەپەڕی ئێواریٚ، کابرای نێچیرڤان بۆ مالی گەرمو گوڕی خۆی دەگەڕایەوەو ژنەکەی بە روو خۆشی پێشوازیو خێرهاتنەوەی دەکردو وا دەهاتە بەرچاو کە تاریکیو ناڕەحەتی رێی ئەو مالە بچووکە پیٚ نەزانن. سیفالوس هێندە بەختەوەر بوو کە بە هیچ جۆریٚ بیری لەو خواوەندە مێچکەیە نەدەکردەوە کە حەزی لیٚی کردبوو، بەلام وەکو دەزانن خواوەندان لە بوغزنی دا یەکجار ستەمکار بوون، "ئورورا" چاوەڕوانی دەرفەتێك بوو تا رۆژگاری بەختەوەری کە پاش ژن هێنان ببووە بەشی سیفالوس، بە سەر بچێت. رۆژانی هاوین کە لە زۆر گەرمیدا وزەوزی هەنگیش نەیدەتوانی خامۆشیو بێدەنگییەکە بشلەقێنێن، سیفالوس جار جار لە سێبەری درەختێك داو لەسەر سەوزە گیادا رادەکشاوو بە سوعبەتەوە بە شنەی بای دەگوت هەلکەو هەنیەی گەرمی من فێنك بکەوە. خووی بەو کارەوە گرت. چەندین جار لە کاتی نێوەڕۆدا لەو دارستانەوە کە سیفالوس تێیدا پالٚ دەکەوت، دەنگی ئەو دەهات کە دەیگوت: ئەی شنەی فێنك کەرەوە، ئەی شنەی نازەنینم وەرە. رێك لەو کاتەدا دەنگەکەی دەنگی دەدایەوەو دەیگوت:... نازەنین وەرە!

ئورورا، بەم عادەتو خووەی سیفالوسی زانی. هەرچەندە دەیزانی کە کابرای نێچیرڤان رووی دەمی لە شنەی بایەکەیە، بەلام لێڕا ئەمە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە، ئیدی بە پەلە چووە نك پروکریسو پیٚی گوت کە مێردە بیٚ وەفاکەی تۆ هەموو نیوەڕۆیەك، لە سووچی بێشەیەکی دووردا لەگەلٚ پەرییەکدا رادەبوێریٚ. ژنی داماو باوەڕی بە بوختانی ئەو خواوەندە مێچکەیە کرد... بیٚ سیٚو دوو، بەپەلە چوو بۆ ئەو بێشەیەی کە بە مەزندەی خۆی مێردەکەی لەوێندەرە، هیچ سلی لە گەرمای قرچەی نیوەڕۆ نەکردەوە کە بە هەموو هێزێکییەوە دەیدا لە تەپلی سەری. خۆی لە نێو دەوەنەجاڕە چڕەکەی ئەوێندەر حەشاردا، چاوەڕوانی کردو گوێی هەلخست. گیانی ئەو هەمیشە ئارام بوو، بەلام لەو کاتەدا هەلچونێکی دڕندە ئاسا لە گیانیدا شەپۆلی دەدا.

دوای تۆزێك سەروسەکوتی نێچیرڤانەکە پەیدا بوو کە بیٚ پەروا لەو شوێنە نزیك دەبووەوە کە پروکریس خۆی تێدا حەشار دا بوو. لەسەر زەوییەکە راکشاو بە دەنگی بەرز گوتی: ئەی شنەی نازەنین وەرە.

ئەوەی لیٚی دەترسا، رووی دابوو. لە ئەنجامی داخو ماندووبوونی رێگەدا، بە پشتاکەوتو بورایەوە، شلپەی کەوتنەکە لە دەنگی پیٚی جانەوەرێك دەچوو کە بیەویٚ بچیٚ بۆ پەناگاکەی سیفالوس. غەریزەی نێچیرگیری سیفالوس بێدار بووەوە. ماندوویەتی فەرامۆش کردو هەستایە سەرپیٚو رووی رمە کوشندەکەی راستکردە ناوەندی گیایە تێکئالاوەکانو هاویشتی، دوای تۆزێك هەستی بە هەلەی خۆی کرد، رمەکە سینەی ژنە وەفادارەکەی هەلدڕی بوو. هیچ گومانێك لەو نالە بە سۆزە نەبوو کە گەییە گوێی. بە قەلەمبازێکی ترسناك خۆی گەیاندە تەنیشتیو بە پەلە سەری لە عاردی بەرز کردەوە، بۆی بە دیار کەوت کە لە چەند ساتێك زیاتری بە بەرەوە

نەماوە، نەیتوانی بێتە زمان‌و چەند وشەیەك بڵێ، بەڵام لەو حاڵەتە بەرزەدا خواوەندان لە رووی دڵسۆزییەوە مۆڵەتیان بە سیفالوس دا کە هۆی هاتنی ژنەکەی بۆ ئەوێندەر بزانێ، پروکریس بەر لەگیان سپاردن‌و لە ئامێزی مێرەکەیدا بۆی بە دیارکەوت کە مێردەکەی خیانەتی لێنەکردووە، ئیدی گیانی پاکی بەبێ خەم بەرەو جیهانی تاریکی هەڵفڕی.

( 33 )

## خواوەندی ئاگر

رەفتاری "ڤولکان"ی خواوەندی ئاگر، لە زۆر رووەوە لە رەفتاری خواوەندەکانی دی "ئۆلومپس" جیاواز بوو، بە زۆری لە دارستان‌و بێشە تەریکەکانی چیای "ئاتینا"دا بە تەنێ دەژیا. بە دەگمەن بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەی خواوەندانی دەکرد. حەزی دەکرد وەکو هەر کەسێکی ئاسایی ئەم سەر زەمینە کارێك ئەنجام بدات. بە هاوکاری "سیکلوپس" لە ناو جەرگەی چیاکەدا کورەیەکی ئاسنگەری دامەزراند بوو،و بە کۆمەکی یاریدەدەرەکانی خۆی هەموو جۆرە شتێکی سەیری دروست دەکرد.

بە شەل ناسرا بوو، شەلییەکەشی بەمجۆرە بوو، خۆی لە شەڕێکی نێوان ژوپیتەرو ژونۆ هەڵقورتاندبوو، ژوپیتەر لێی تورە دەبێ‌و تورِی دەداتە دەرێ. خواوەندی لاو وەکو نەیزەك بەرەو زەوی دێت. کەوتنەکەی شەوو رۆژێکی خایاند، ئەنجام لەسەر دورگەی "لیمنوس" کەوتەوە، کەوتنێکی وەها مەگەر هەر خواوەندان بەرگەی بگرن‌و لە مردن بخەلەسن. تەنانەت "ڤولکان"یش لە ئازار نەخەلەسی‌و عەیبدار بوو، بۆیە لەوە بە دواوە هەمیشە دەلەنگی.

خاتوو "ژونۆ"ی خواوەند، ئەوەندە خەمی چارەنووسی کوڕەکەی نەبوو، بەڕاستی هەوڵی ئەوەشی نەدا کە بزانێ کوڕەکەی زیندووە یان مردووە. ئەم بێ مەیلی‌و بێ خەمییە زۆری کار لە ڤولکان کرد، هەر ئەوەش وای لێکرد کونجی تەنیایی لە چیای "ئاتین" دا بگرێ. لێهاتووانە چەند شتێکی عەجیبی دروستکرد. یەکێك لەو شتانە، تەختێك بوو. لە ژێر ئەم تەختە سپرینگی شاراوەی تێدا بوو، هەرکەسێك زاتی بکردایەو لەسەری دابنیشتایە، دەسکەکانی دەهاتنەوە یەك‌و ئەو کەسەیان توند توند دەگوشی، ئەو تەختەی بۆ ژونۆ دروستکرد. کە تەواو بوو ناردی بۆ ئەو شابانۆیە، ئەویش بە خۆشییەوە وەریگرت، بەڵام هەرکە لەسەری دانیشت، دەسکە غەدارەکانی تەختەکە هاتنەوەیەك‌و ژنەی تایین هیچ چارو مالیجەیەکی نەماو دەستی لە رزگاری خۆی شت. خواوەندان هاتنە کۆمەك‌و یارمەتی، بەڵام سوودی نەبوو، هێزو تواناو بەهرەی ئەوان لە ئاست سەنعەتە بێ وێنەکەی ڤولکاندا هیچی پێ نەکرا. هیچ چارەیەك نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کە رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ دڵ نەرمکردنی ڤولکان. ئەوجا نامەیەکی ناسکیان بە میرکوری دا بۆ

ناردو لە بەری پاڕانەوە کە داوایان قەبوڵ بکاتو سەری "ئولومپس" بدات، بەڵام "ڤولکان" هۆی ئەم داوەتە کوتوپڕەی چاك دەزانی، بۆیە میرکوری بە هەموو زمانپاراویو سەرو زمانی شیرینیەوە نەیتوانی قەناعەتی پێبکاتو لە کورەی ئاسنگەرییەکەی دووری بخاتەوە.

ئەوجا خواوەندان هاتنە سەر ئەوەی کە "باکوس" بە نوێنەری خۆیان بنێرن، بەو ئومێدەی کە دڵی ڤولکان نەرم بکات. "باکوس"ی خواوەندی شەراب، بۆ ئەنجامدانی راسپاردەکەی خۆی رێگەیەکی تەواو جیاوازی گرتەبەر.

هەرچەندە لە توانای قسەو دایەلۆگی خۆی دڵنیا بوو، بەڵام هەر بەوەوە نەوەستاو باشترین شەرابی ترێی لەگەڵ خۆیدا برد، لە کاتێکدا کە ڤولکان یەکجار ماندووو شەکەتی کاری دژوار بوو و پێویستی بە جۆرە خواردنەوەیەکی ئارام بەخش بوو، خۆی گەیاندە لای، پاش ئەدەب نواندنو سلاوکردن، جامێ مەی پێشکەش کرد. ڤولکان بێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ، ئەو دیارییەی وەرگرتو چەند جامێکی دوا بە دوای یەکی لێهەڵدا.

ئەوجا وەختی قسەو دەمەتەقێ هات. ڤوڵکان هەر زوو قاییل بوو. ملی بۆ پێشنیازی میوانەکەی داو بەرەو دیاری خواوەندان وەڕێکەوت، هەرکە گەییە ئەوێندەر، ژونۆی لە بەندی تەختەکە رزگار کردو لەگەڵ دایكو بابیدا ئاشت بووەوە لەوە بە دواوە هەرچەندە بە شێوەیەکی دایمی لە ئولومپسدا نەدەژیا، دۆستانە لەگەڵ برا خواوەندەکانی تری رەفتاری کردو شتی سەیر سەیری لە ناوجەرگەی شاخەکەدا بۆ دروستکردن. لەو شتانەی کە بۆی دروست کردبوون، مانگاو گای کلك ئاگرین بوون کە پاشان "جیسون" لە خاکی "کولیخزدا" کوشتنی. شتێکی تر، بریتی بوو لە دەستە جلێکی گوللەنەبڕ کە "ئەخیلس"ی پاڵەوان لەبەری دەکرد، تاکو ئەمڕۆکەش، هەرکاتێ کارێکی مەزن لەو کووره گەورەیدا ئەنجام بدرێ، ئاگرو دوکەڵ دەبینرێ کە لە زارکی چیای ئاتین-ەوە بەرەو ئاسمانی شین بەرز دەبێتەوە.

## (34)

## فەرمانڕەوای بێ بەڵێن

بە سەدان ساڵ بەر لەو شەڕە بەنێوبانگەی کە یۆنانییەکان بۆ گرتنی شاری تەروادە لەگەڵ خەڵکی ئەوێندەردا کردیان، لیومەدۆن، پاشاو فەرمانڕەوای ئەو شارە بوو، هەر لە زەمانی ئەودا بوو کە شورەی مکوم بەدەوری شاردا کێشراو بۆ ماوەیەکی زۆر هێرشو پەلاماری یۆنانییەکانی دواخست، هەر دەبوایەش وا بوایە، چونکە ئەم شورەیە بە دەستی "نبتون"و "ئەپۆلۆ" دروستکرابوو. ژوپیتەر، ماوەیەك گومانی ئەوەی کەوتە دڵ کە نبتونی خواوەندی دەریا نیازی خراپەو بەتەمایە دەست بەسەر هێزو دەسەڵاتی ئەودا بگرێ، ئەوە بوو ئەو سوڵتانە رقنەی "ئوڵە مپ" هاوکارەکەی خۆی سزاداو نەفی سەرزەمینی کردو، دەستووری دا کە تا ماوەیەك لە خزمەتی فەرمانڕەوایەکی سەرزەمینی دا بێ. بۆیە "نبتۆن" ئەرکی دروستکردنی شورەکەی دەوری شاری

تەروادەی لە ئەستۆگرت. ئەپۆلۆش بە ئاوازی تەمورەکەی کاری سەختو دژواری ئەوی لەو سەروبەندەدا سوك دەکردو ماندووبوونی لە بیر دەبردەوە. لەو سەروبەندەدا، ئەپۆلۆش لە دەرباری ژوپیتەر وەدەرنرا بوو، بەڵێ هاودەردیو هاوخەمی، چۆن خەڵکی لێکدی نزیك دەکاتەوە بەو ئاوایە خواوەندانیش لێکدی نزیك دەکاتەوە... دەبێ ئەوە بزانرێ کە کاتێ نبتون بۆ ئەو کارە ئامادەبوو "لیومەدون" یەکجار خۆشحاڵ بوو، بەمەمنونییەوە بەڵێنی دا کە پیاوانە هەقی نبتون بدات، بەڵام چونکە مرۆڤێکی دونی و فێڵباز بوو، هەرکە بینی کارەکە ئەنجام دراو دیواری جوانو مکومو قایم لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە، لەگفتو بەڵێنی خۆی ژیوان بووەوەو پەیمانەکەی شکاندو نبتونی بە دەستی خاڵی رەوانە کرد.

"لیومەدون" لەو رەفتارەیدا نەك هەر فێڵبازی نەکرد، بەڵکو زۆریش نەزانی کرد، چونکە دەبوایە بیری لەوە بکردایەتەوە کە هاوپەیمانێکی بە توانای وەکو نبتون، دەتوانێ بە هەر شێوەیەك تۆڵەی خۆی بکاتەوەو نەیەڵێ ئەو پەیمان شکێنیو نامەردییەی لێبەسەر بچێ... بەڕاستی وەختی سزاو تۆڵە زوو هات. "لیومەدون" خەبەری زانی کە ئەژدیهایەك هەموو رۆژێ لە قوڵایی ئۆقیانووسەوە وەدەر دەکەوێو دێتە سەر زەویو بەم لاو بەولادا دەڕواتو منداڵی خەڵکی دەخوات. هەرچی هەوڵێك بۆ کوشتنی ئەو جانەوەرە سامناکە درا، بێ ئاکام بوو، زۆر پیاوی دلێریش کە لە پێناوی رزگارکردنی چەند منداڵێکی ئازیزدا هاتنە مەیدان، بێ رەزا کوژرانو گیانیان لە دەست دا... سەرئەنجام خەڵکی تەروادە چوونە نك غەیبزانە تایبەتییەکەی خۆیانو داوای تەگبیریان لێکرد، وەڵامی دڵتەزێنی غەیبزان ئەوە بوو کە ناتوانن وڵاتی خۆتان رزگار بکەن، تا کیژێکی جوان نەکەن بەگاوگەردون... مخابن ئیدی چارە نەبوو ، تیروپشك کرا ئەو چارەنووسە سامناکە بەر کچۆڵەیەکی جوان کەوت، رەبەنان بەکۆمەڵ بەرەو کەنار دەریایان برد ، لەوێندەر بە زنجیر بە تاوێرێکی لوسو خزیانەوە بەست، زۆری نەبرد ئەژدیهایەکە وەکو عادەتی خۆی پەیدا بووەوە، نێچیری خۆی خواردو گەڕایەوە نێو ئاوەکەو رێك بۆ ماوەی ساڵێك وڵات لە شەڕی ئەژدیها خەلەسی.

ئەو خەمە قورسەی کە دوازدە مانگ لەوە پێش بەرۆکی وڵاتی گرتبوو، هێشتا بە تەواوی لە دڵی فەرمانڕەواو خەڵکی ئەو دەڤەرە نە رەوی بووەوە کە جارێکی دی ئەو جانەوەرە دڕندەیە لە دەریاوە وەدەرکەوتەوەو هەموو ناچار بوون کە جارێکی دی ئاسوودەییو سەلامەتی خۆیان بە بەهای خوێنی کیژۆڵەیەکی ئەو وڵاتە بکڕنەوە... هەموو ساڵێك ئەو ئەژدیها ترسناکە پەیدا دەبوو و باجی لە خەڵکی کەساسو داماوی تەروادە دەسەند، وا رێککەوت ئەمجارەیان تیروپشکەکە بەر "هسیونی" تاقانە کیژی "لیومەدون"ی فەرمانڕەوای شار کەوت، کە بەمەی زانی قەڵەمی دەستو پێی شکاو وەکو شێت کەوتە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی کچۆڵە نازدارەکەی، لەو چارەنووسە پڕ سوێو ئازارە. بەڵام کە تیروپشکی پیرۆز بە ناوی ئەو کچۆڵەیەوە دەرچوو بوو، فەرمانڕەواش دەسەڵاتی رزگارکردنی ئەوی نەبوو، تاقە هیوای ئەوە بوو کە پاڵەوانێك بدۆزێتەوە، زاتی پەلاماردانی ئەو جانەوەرەی هەبێ. ئەوە بوو بە پەلە جارچی بۆ وڵاتانی دراوسێ نارد، کە جاڕ بدەن هەر کەسێك بتوانێ ئەو وڵاتە لە شەڕی ئەو دوژمنە بێڕەزایە رزگار بکات. خەڵاتێکی زۆر

گەورە دەکریێ. کە "هەرکل" گوێی لە جاڕی یەکێك لە جاڕچییانی لیومەدون بوو، یەکسەر بەرەو تەروادە وەڕێکەوت. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە ڕۆژی چارەنووسەکە بوو. کۆمەڵێك خەڵکی خەمبارو خەمگین کیژی بێ چارەی فەرمانڕەوایان، تا کەناری دەریا بەڕێ کرد. هەر لەو شوێنەدا کە ئەژدیهاکە چەند کیژێکی جوانی تری وڵاتی رفاندبوو، بە تاوێرەکەوە بەستیانەوە. کەشیشان لاکەوتن‌و بابی خۆلی بەسەر، خۆی لەو دیمەنە سامناکە دەدزییەوە کە لەگین بوو لە هەر ساتێك دا رووبدات. هەرکل لەم کاتەدا بەپەلە گەییە جێ، هەر ئەوەندە فریاکەوت کە بە فەرمانڕەوا بڵێ ورەت بەرز بێ‌و، خەمت نەبێ، لە پڕ دەنگی هەزاران شەپۆل کە خۆیان بە تاوێری کەنارەکەدا دەکێشا، بەرز بووەوە. جانەوەری دڕندە لە قوڵاییەوە پەیدا بوو، هاتە پێشێ تا نێچیرەکەی بڕفێنێ. لێ بەر لەوەی ئەژدیهایەکە بگاتە تاوێرەکە، هەرکل بازی دایە سەری‌و گورزە گرانەکەی سرەواندی‌و سەری پان کردەوە. کەلاکی پیرە ئەژدیها شڵپ کەوتە بەرپێی هەرکل.

"لیومەدون" لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. هسیونی هێندە منەتبار بوو، لە بەردەم هەرکل دا کەوتە سەرچۆکان، هاوارو ستایش‌و ئافەرینی خەڵکی تەروادە کە لەوێندەر خڕبووبوونەوە گەییە ئاسمان، ئەو کارە مەزنەی ئەو ڕۆژە هەموویانی لە مۆتەکەی ترس‌و نیگەرانی چەندین ساڵە رزگار کرد. کەواتە هەر هاوارێکیان دەکرد، هەر هورایەکیان دەکێشا، هەقی خۆیان بوو. لە خوێنەر وایە کە چیرۆکەکە لێرەدا تەواو بوو، بەڵام لیومەدون، وەکو عادەت‌و پیشەی خۆی جارێکی دی پەیمانی خۆی شکاند، ژێوان بووەوە لە دانی ئەو پاداشتەی کە بە ئاشکرا بۆ رزگارکەری کیژەکەی‌و وڵاتەکەی تەرخانی کردبوو.

هەرکل، ئەو پیاوە بێ بەڵێنەی زۆر سووك هاتە بەرچاو، بۆیە بە پەلە لەوێندەر ڕۆیی. لە یەکەم دەرفەتدا کۆمەڵێك پاڵەوانی خڕکردەوە، بە سواری شەش کەشتی بۆ تەروادە پەڕینەوە. شاری داگیرکرد. کۆشك‌و بارەگای فەرمانڕەوای گرت‌و شاو شابانۆی کوشت.

هسیونی-یان بە یەخسیری بۆ وڵاتی یونان برد، لەوێ کردیانە بووك بۆ "تلامون"ی دۆست‌و هاوڕێی هەرکل.

***سەرچاوە:***

***افسانەهای یونان‌و روم.بە زبان سادە و درست ورسا، ترجمە نوراللە ایزدپرست.***

***چاپ سوم: 1367/شرکت دانش ،خیابان ازادی***

حەمە كەریم عارف

* كەركووكییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.
- یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی (هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو) كە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوكاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركوك، نووسەری كوردستان، كەلتوور،نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك،نووسەری كوردستان، كەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاكزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولكەریم بەرهەمی بڵاو كردووەتەوە.

*لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی كوردستان بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاكانەوە تا 2010/8/20راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.
- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە كە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، كۆ چیرۆك، چاپی یەكەم 1979
2- كۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەكەم،1988،چاپی سێیەم 2007
3- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەكەم 1988
4- داوەتی كۆچەرییان، كۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون، كۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەكەم (1999) دەزگای گوڵان
6- كوچ سرخ، كۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەكەم 1987 شاخ
7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەكەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005

8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی
9- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007
10-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێران.
11- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان
12 – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006
13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006
19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوک
20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی
21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوك
22-دیدارو دەق و رەخنە،چ2005،1
23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1
24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوك
25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005
27- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1
28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004
29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006
30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011
31 -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998
32- چینی کۆن، چ1( )دەزگای موکریانی

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

36- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
37- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولّام حسەینی ساعیدی)
41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بلّاوەخانەی سایە، سلێمانی
42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوللّائەلبوسێری..

43- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالّان.
44- فاشیزم چییە؟ کۆمەلّە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالّان
46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالّان)
47- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

51- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی – کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی
52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
57- گوگول، نووسەری ریالیست
58- یەلْماز گونای، ژیان و بەرهەمی
59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
60- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەلّاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گولّان
62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەلّەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008
64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
65- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ1،2004،دەزگای سپیرێز
67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ1،2006دەزگای موکریانی
68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006
70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی
71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006
72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006
74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1
75- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008
76- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك
77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009
78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004
80- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
81-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
83-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
84-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، حەمە کەریم عارف
85-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
86-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
87-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
88-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال زنگابادی
89-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
90-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
91-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
92-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
93- نامەکانی تولستۆی

94- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف
95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد
96- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
97- کلاۆ سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن
98- ئەو پیاوەی سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
99- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
100- خەیام...زانای شاعیران، شاعیری زانایان

* لە راپەڕینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلاّودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلاّو کردنەوەی هەبن، دەبیّ پرس بە نووسەر بکات...